# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٩٠٢ ▪ شەممە، ١٥ی خەرمانانی ١٤٠٤ _ ٦ی سێپتامبری ٢٠٢٥

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا


## مستەفا هیجری لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ کوردکاناڵ:



– تێکشکانی ڕێژیم هەر تەنیا ئایدۆلۆژیک نیە، بەڵکوو لە هەموو بوارەکانی سەربازی، ئیتلاعاتی، ئەمنیەتی و بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتدا بە تەواوی تێکڕووخاوە.

– وا نیە کە بڵێین لەو دۆخەدا ڕێژیم بە ڕێککەوتن لە وتووێژەکاندا خۆی دەگرێتەوە.

– زۆربەی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەریی غەیرە کوردی ڕێژیم لەو ئایدۆلۆژی و بەرنامانەدا چەقیون کە پێشتر بوویانە و ئێستا سەردەمیان بەسەر چووە و لە کۆمەڵگەی خۆیان دابڕاون.

– باسی ڕێفراندۆم لە حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کە بێجگە لە عەقڵییەتی خۆی کەسی دیکەی قبووڵ نیە، ئاسنی ساردکوتان و «خۆڵ لە چاوی خەڵک کردن» و هەوڵێکە بۆ بەلارێدابردنی فکری خەڵک لە ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

– ئێمە دەبێ ئەو یەکگرتووییە بەهێزتر بکەین بۆ ئەوەی حیزبەکەمان و بەتایبەت سەرووتر لە حیزبەکەشمان، بزووتنەوەی کورد ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەهێزتر ببێت.

**(دیمانە لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لاپەڕەکانی ٢ و ٣)**

# سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات:

# حیزبی دێموکرات بیر و هزرە لە مێشک و دڵی خەڵکی کوردستاندا

سەر وتار

## دەستی بەتاڵی دیکتاتۆر!

**ڕەزا دانشجوو**

پارانۆیا (Paranoia) تایبەتمەندییەکی هاوبەشی هەموو دیکتاتۆرەکانە. ترس لە پیلانگێڕی لە لایەن کەسانی دەوروبەری و نزیکەکانیەوە، بازنەی متمانەپێکراوی دیکتاتۆر زۆر بچووک و تەسک دەکات. لە ڕاستیدا تەنیا کەسانی زمانلووس، ماستاوچی و گوێڕایەڵ دەتوانن بچنە نێو ئەم بازنەیەوە. هەر ئەمەش دەبێتە هۆکار کە هەڵبژاردنی دیکتاتۆرەکان زۆر سنووردار بێت! لە ڕاستیدا هەموو کەسانی باوەڕپێکراو لە لایەن دیکتاتۆرەوە تاقمێک کەسی دیارن لە دەوروبەری کە بە نۆبە پۆستەکان وەردەگرن! تاریق عەزیز و تەها یاسین ڕەمەزان و چەند کەسایەتییەکی تر تا ڕووخانی سەدام لە خزمەتی ئامانجەکانی سەدامدا بوون و هەڵبەت چارەنووسیشیان لە سەدام باشتر نەبوو! ئەسەدوڵڵا عەلەم و ئەمیر عەباس هۆوەیدا، کەسانی متمانەپێکراوی محەممەدڕەزا پەهلەوی بوون و گوێڕایەڵ و تەسلیمی فەرمانی جەنابی هومایونی! تەنانەت هۆوەیدا بە فەرمانی پەهلەوی و بۆ ڕازیکردنی و بێدەنگکردنی خەڵک زیندانی کرا! دیارە چارەنووسی ئەم کەسانەش لە پەهلەوی باشتر نەبوو!

لە دوای پرۆسەی بەناو هەڵبژاردن یان باشتر بڵێین دانانی مەسعوود پزیشکیان وەک سەرۆککۆماری ڕێژیم لە لایەن خامەنەییەوە، دەرکەوت کە دەستی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی چەندە خاڵی بووە کە جارێکی دیکە پەنای بۆ گەمەی بێ نرخ و شرۆڵ و دووپاتەی ڕیفۆرمخواز- بناژۆخواز بردوە! هەرچەندە پزیشکیان بە هۆی تاقمێک تایبەتمەندیی جیاواز و تازە وەک تورکبوون و لەدایکبوون لە کوردستان بە مەبەستی زیادکردنی ڕێژەی دەنگدەران هاتە نێو مەیدانەکە، بەڵام یارییە کۆنەکەی دیکتاتۆر هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا نەبوو! تازەترین ئاڵقەی ئەم نمایشە دووپاتەیە و دانان و لە ڕاستیدا گەڕانەوەی عەلی لاریجانی لە پۆستی سەرۆکی شۆڕای ئەمنییەتی بە ڕوونی دەرخەری ئەوەیە کە سەرەڕای ئاگادارییی دیکتاتۆر لە بێ کەڵکبوونی ئەم گۆڕانکارییە دووپاتەیە و نەبوونی کاریگەری لەسەر دۆخی ئێستای ڕێژیم، خامنەیی هیچ بژاردەیەکی دیکەی بۆ دەربازبوون لەم قۆناغەدا نییە!

بنەماڵەی لاریجانی کە سەردەمانێک خاوەنی هەموو پۆستە گرینگەکانی ڕێژیم بوون و هاوکات سەرۆکایەتیی پارلەمان و دەزگای بەناو دادوەری و ئەنجومەنی بەرژەوەندییەکانی باڵای ڕێژیمیان لەدەستدا بوو، لەناکاو کەوتنە بەر کین و تووڕەیی دیکتاتۆر و لە زۆربەی پۆستەکان دوور خرانەوە و...

درێژە بۆ لاپەڕەی ٢



## حیزبی دێموکرات لە کۆنفڕانسی سۆسیال دێموکراتەکانی جیهانی عەرەب لە سلێمانی:

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ چارەسەری پرسی فەلەستیندا پشتیوانی لە نەخشەڕێی دوو دەوڵەتی دەکا و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سەرەڕای بنەمای زۆر ڕوونی شەرعییەتی دامەزرانی دەوڵەتێکی فەلەستینی لە قانوون و سیاسەتی نێودەوڵەتییدا، بەڵام سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و شەڕ و بونبەستی وتووێژەکانی ئاشتی هەتا ئێستا لەمپەری گەورە لە بەردەم ئەم ئامانجە بوون. بۆیە چاوەڕوانین بە کورتبوونەوەی دەستی ئێران و کۆتایی هێنان بە شەڕ و وەگەڕکەوتنەوەی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئاشتیی سەقامگیر لەنێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا، هەم پرسی فەلەستین و هەم پرسی کورد وەک دوو پرسی گرینگ و ڕەوای دوو نەتەوەی گەورەی بێدەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چارەسەر ببن. (ل ٤)

### وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە پارلەمانی ئۆستڕالیا:

## وەستاندنی ڕێژیمی ئێران ئەرکە بۆ کۆمەڵگەی جیهانی!

هۆکاری سەرەکیی هەموو ئاڵۆزییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهاندا ناوبرد. وتەبێژی حیزبی دێموکرات ڕایگەیاند کە لە سۆنگەی سیاسەت و دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامییەوە ئەمڕۆکە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە شەڕ و کاولکاریدا نوقم بووە و دەرکردنی باڵوێزی ئێران لە ئۆستڕالیا و هەنگاونان بۆ ناسینی سپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی لەلایەن ئەم وڵاتە هەنگاوێکی گرینگ بۆ وەستاندنی کۆماری ئیسلامییە.

کاک خالید عەزیزی بە ئاماژە بەوەی ڕێژیمی ئێران هەتا ئێستاش بۆ باجوەرگرتن کەلکی لە بەرنامە ناوکی و مووشەکییەکانی وەرگرتوە، تیشکی خستەسەر ئەوەی کۆمەڵگەی جیهانی دەبێ ئەو چەکە لە دەستی کۆماری ئیسلامی دەربێنێ، چونکی ئەم ڕێژیمە بەو کارتە گوشارانە خەڵکی ئێران و گشت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بە بارمتە گرتوە و بە سەرکوتی توندی نارەزایەتییە نێوخۆییەکان و هەناردەکردنی تێرۆریزمی دەوڵەتی و پەرەپێدان بە قەیرانخوڵقێنی ئاشتی و سەقامگیریی جیهانیی خستووەتە مەترسییەوە.

لەم کۆبوونەوەیەدا "جولی ئەن کەمپ هیڵ" لە حیزبی کرێکار، سێناتۆر دەیڤد شوبریج لە حیزبی سەوزەکان، سێناتۆر پۆڵ سکار لە حیزبی لیبراڵەکان؛ دوکتور کاڵ گلیبریت مۆڕ، ڕۆژنامەنووس و بێهروز بووچانی، وتاریان پێشکێش کرد. خوێندنەوەی پەیام لەلایەن سەلاح پوورئەسەد، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ئوستڕالیا، ژینۆ کاردۆ ئەندامی حیزب و ڕووناک ڕاد چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیە بوون.



وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پاڕلمانی ئوستڕالیا ڕایگەیاند ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەموو کاتێک ویستوویەتی بە تێرۆریزمی دەوڵەتی و ئاژاوەخوڵقێنی لە ناوچەدا دەسەڵاتی خۆی قایمتر بکات. ئامانجی ئەم سێمینارە کە ڕۆژی دووشەممە ٩ی خەرمانانی ١٤٠٤ی هەتاوی بەڕێوە چوو، گەیاندنی پەیامی حیزبی دێموکرات و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەوڵەتی ئوستڕالیا لە ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی و دەسپێکی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا بوو.

کاک خالید عەزیزی لە وتارەکەیدا بە وەبیرهێنانەوەی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ئەو حکوومەتەی بە


**هێزی نوخبە، توانایەکی کاریگەر، بەربڵاو و شوێندانەر**
شەهێن زادەئەحمەد
٥

**بریتانیا نەیویست ئێران بڕووخێ**
و: کەماڵ حەسەنپوور
٧

**حیزبی دێموکرات و پێگە جەماوەرییەکەی**
وانیار ئەهوورایی
٩

**ژنکوژی لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی شۆڕشێکدا**
ئاسۆ مینبەری
١٠

**خوێندنەوەیەکی بووناسانە لە شێعری بەرگریی مەلەکشادا**
هێمن مەردانی
١٠

کوردستان
• ژمارە ٩٠٢
١٥ی خەرمانانی ١٤٠٤ _ ٦ی سێپتامبری ٢٠٢٥

دریژەی سەروتار

# دەستی بەتاڵی دیکتاتۆر!

... تا ڕادەیەکی زۆر گۆشەگیر کران! عەلی لاریجانی کە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ڕێژیم خۆی بەربژێر کردبوو، متمانەی پێ نەکرا و سادق لاریجانی جێگای خۆی لە سەرۆکایەتیی دەزگای دادوەریی ڕێژیمدا بە موحسینی ئێژەیی دا! هێرشەکانی دواتر لە لایەن میدیاکانی سەر بە ڕێکخراوی تێرۆریستی سپای پاسداران زیاتر برایانی لاریجانیی پەراوێز خست، بەجۆرێک کە زۆربەی شارەزایانی سیاسی باسیان لە مەرگی سیاسیی ئەم بنەماڵە کاریگەرە لە کۆماری ئیسلامیدا دەکرد! بەڵام ئێستا لەنێو تەنگژە بەربلاوەکانی نێوخۆ و دەرەوەدا، دیکتاتۆری پیر جارێکی تر متمانەی بە نۆکەر و خزمەتکارە کۆنەکەی کردوە و دیسان ئەرکی پێ سپێردراوە!

سەبارەت بە هۆکاری سەرەکیی پەراوێزخستنی بنەماڵەی لاریجانی، دەتوانرێت ئاماژە بکرێت بە ترس و دڵەڕاوکێی دیکتاتۆر لە گەورەبوون و کاریگەریی ئەم بنەماڵەیە لە داهاتوی سیاسیی ئێران بە تایبەت دوای مردنی خامنەیی و لە ڕاستیدا مەترسی و هەڕەشەی بۆ جێنشینی موجتەبا خامنەیی! نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە بۆ ماوەیەکی زۆر ناوی سادق لاریجانی لە بازنەکانی سیاسیدا وەک جێنشینێکی خامنەیی بە ئەگەری زۆر هاتە ئاراوە! پێدەچێت ئێستا و دوای ئەم پەراوێزخستنە بنەماڵەی لاریجانی ئاگادار بن کە تەنانەت بیرکردنەوە لە ڕێبەریی ڕێژیم دوای خامنەیی چەندە دەتوانێت مەترسیدار بێت! لاریجانی لە کاتێکدا ئەم پۆستە وەردەگرێت کە ساڵانێکە لە لایەن بازنەکانی نزیک لە ڕێکخراوی تیرۆریستیی سوپای پاسدارانەوە تۆمەتبار کراوە بەوەی پەیوەندیی بە دەزگا هەواڵگرییە دەرەکییەکانەوە بە تایبەت بریتانیاوە هەیە! لە ڕاستیدا وەک هۆکاری هەڵبژاردنی دووبارەی عەلی لاریجانی بۆ سەرۆکی شورای ئەمنییەتی ڕێژیم زیاتر لە هەر شتێکی تر دەبێت ئاماژە بە کلۆلی، بێهیوایی و تێماوی دیکتاتۆری تاران بکرێت!

متمانەکردن و پێدانی دەرفەتی تازە و دووبارە بە مۆرە سووتاوەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەو کەسانەی کە تەنانەت میدیاکانی خودی ڕێژیم دەیان جار هێرشیان کردۆتە سەریان و وەک وابەستە و سیخوڕ و بەکرێگیراوی دەرەکی نیشانیان داون، گەورەترین ئاماژەیە بۆ دەستی بەتاڵی و دەستکورتی دیکتاتۆری پیر لە دۆزینەوەی کەسانی تازەی باوەڕپێکراو! لە ڕاستیدا دوای شەڕی دوانزە ڕۆژە و مردنی دەیان فەرماندەی باڵای نیزامی ڕێژیم و چەند حەوتە خۆحەشاردانی دیکتاتۆر، ترس و بێمتمانەیی ڕادەبەدەر دەزەیان کردۆتە نێو بازنەی یاران و نزیکانی ڕێبەری ڕێژیم! هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی دزەپێکەرانی مۆساد و گومان لە نزیکترین کەسانی ڕێژیم، هیچ ڕێگەیەکی تری بۆ دیکتاتۆر نەهێشتۆتەوە جگە لە متمانەکردن بە نۆکەران و خزمەتکارانی دێرین کە نۆکەری و گوێڕایەڵیی خۆیان لە ساڵانی خزمەتگوزاری دیکتاتۆردا سەلماندوە! لە ڕاستیدا هەڵبژاردنی کەسێکی وەک عەلی لاریجانی زیاتر پەیوەندی بە دەستی بەتاڵی خامنەیی و بازنەی داخراوی خزمەتکارە متمانەپێکراوەکانەوە هەیە نەک بە توانا و شایستەیی سیاسیی لاریجانییەوە! خامنەیی باشتر لە هەر کەسێک دەزانێت کە دەرچوون و ڕزگاربوون لەم چەقبەستوویی و ئەو هەموو قەیرانە کەڵەکەبووانە بە کایەکردن بە تاقمێک مۆرەی سووتاو وەک پزیشکیان و لاریجانی مومکین نیە، بەڵام بە کایەکردن و پێدانی گۆڕەپان بە کەسانی تا ڕادەیەک میانڕەوتر هەوڵ دەدات وێنەیەکی باشتر و ئاشتیخواز لە خۆی لە نێوخۆ و دەرەوە بخاتەڕوو لە کاتێکدا کە دەستی بە تەواوی بەتاڵە و هیچ کارتێکی دیکەی نیە بۆ یاریکردن!

ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو کەس باشتر دەزانێت کە درەنگ یان زوو جارێکی تر ئیسرائیل هێرش دەکاتەوە سەری! چۆن؟ ئەمە پرسیارێکە کە دۆخی ناوچەکە دەتوانێت کاریگەریی زۆر لەسەر شێوەی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە دروست بکات. بەڵام ئەو لە هەر حاڵەتێکدا دەبێت خۆی بۆ شەڕێکی دیکە ئامادە بکات و ئەوەش لە کاتێکدایە کە ڕەوش و حاڵی میلیشیا و بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم لە ناوچە لە خراپترین بارودۆخدایە! بەڵام ترسی گەورەتر و گرنگتری دیکتاتۆری پیر، نەک هێرشی دەرەکی بەڵکوو هەڵگیرسانی دووبارەی نارەزایەتی و نائارامی و ڕژانی خەڵک بۆ سەر شەقامەکانە، کە دەکرێت کۆتایی هەموو شتێک بێت! خامنەیی باشتر لە هەموو کەس دەزانێت کە بەم دەستە بەتاڵەوە نە توانای شەڕێکی تری دژی هێزێکی دەرەکی هەیە و نە توانای وەستانەوەی بەرامبەر ئیرادەی گەلانی ئێران! گۆڕین و کایەکردن بە مۆرە سووتاوەکان ڕەنگە دوایین پەلەقاژەکانی دیکتاتۆری پیری تاران بێت! چەند چرکە ساتێکی زیاتر بۆ مانەوە!

مستەفا هیجری:

# حیزبی دێموکرات بیر و هزرە لە مێشک و دڵی خەڵکدا

## ئەو هزرە بریتییە لە پێویستیی بەرەنگاربوونەوە دژی ستەم و داگیرکەری و بێبەشبوون لە مافەکانیان




**ئاماژە: کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٤٠٤ پێنجەمین پلینۆمی خۆی بەڕێوە برد. تازەترین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب ڕۆژی بیست و پێنجەمی گەلاوێژ، هەشتایەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. "کورد کاناڵ" بۆ باس لەسەر باسە گرینگەکانی پلینۆم و هەروەها لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی دوایین گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێستای ئێران و کوردستان، وتووێژێکی لەگەڵ کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێناوە کە "کوردستان" پوختەی ئەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

**عەلی بداغی: کاک مستەفای بەڕێز، ئەمە یەکەم وتووێژی جەنابتە لەگەڵ ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات لە دوای کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانەوە. حەوتووی ڕابردووش سێهەمین ساڵڕۆژی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و وەسەریەکەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات بوو. بفەرموون کە یەکگرتنەوەی حیزب و تازەترین کۆنگرەی حیزب سەرچاوەی چ گۆڕانکارییەک و چ ئاڵوگۆڕێک لە ژیانی سیاسی و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتدا بووە؟**

مستەفا هیجری: ئەمن پێم وایە ئەو گۆڕانکارییەی لە پەیوەندی لەگەڵ یەکگرتنەوە لە دوای پازدە-شازدە ساڵ لێکجیابوونەوە لە حیزبی دێموکراتدا پێک هات، بۆ خۆی گۆڕانکارییەکی زۆر گرنگ نەک هەر لە مێژووی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا، بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەشدا بوو. ئەو دوو لایەنەی حیزبی دێموکرات دوای هەموو ئەزموونەکان لە بێئاکامیی دابڕانەکان گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە ڕێگای سەرکەوتن و خزمەتکردن بە نیشتمان لە بوونی جیاوازی و جۆراوجۆرییەکان و قبووڵکردنی جیاوازییەکان دەست پێ دەکات و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی خاڵە هاوبەشەکان لە نێو جیاوازییەکاندا دەتوانێت ڕێپیشاندەر بێت. ئەوە نەک هەر لەنێو خۆماندا، بەڵکوو شێوەی هەڵکردن و هەڵسوکەوتمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی غەیری حیزبییش کە هەر کامەی بیروبۆچوونێکی جیاوازیان هەیە، ئەو لێکنزیکبوونەوە و پێکەوە کارکردن لە جیاتی ململانێ و ناکۆکیی ناسالم ڕێچکەیەکی بۆ ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەوانیش کردۆتەوە. حیزبی دێموکرات لەو پەیوەندییەدا هەوڵی داوە کە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردیی ئێرانیدا هیچ جۆرە ناکۆکییەک و گرژییەک نەمێنێت و تەنانەت ئێستا ئێمە خەریکی پێکهێنانی هاوکارییەک لە نێوان حیزبە سیاسییە کوردییەکاندا ین و لە نێو حیزبەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیشدا هەر بەو مێتۆدە کار دەکەین.

گۆڕانکارییەکی دیکەی کۆنگرە لە پرسی نوێبوونەوە لە سیاسەتکردن، لە مامەڵەکردن و لێکدانەوەکانمان بە نیسبەت ڕابردوودا دەبینم کە دەبێ چاوخشاندنەوەیەکی زۆر جیددی پێدا بکەین، چونکە سەردەمەکە ئاڵوگۆڕی یەکجار زۆری بەسەردا هاتوە. خەڵکەکەمان ئاگایی و تێگەیشتنیان زۆر لە ئاستێکی سەرەوەیە، بۆیە حیزبی دێموکراتیش دەبێ پتر نوێ بێتەوە و هەروەها ئەوەش کە دەبێ لە ڕووی پرۆژە و بەرنامەوە کار بکەین و ئەوانە چەند خاڵێک لەو خاڵە گرنگانە بوون کە لە کۆنگرەوە تاکوو دەگاتە ئەو پلینۆمەی کە ئیشارەتان پێ کرد، هەموو پێداگرییان لەسەر کراوە و کراونەتە بەرنامەی کار.

**پێوەندیدار بە تازەترین پلینۆمی حیزب، وەک لە ڕاپۆرتی ڕاگەیەندراوی پلینۆمەکەدا هاتبوو کە لەم پلینۆمەدا باسێکی سیاسیی دەوڵەمەند لە لایەن جەنابتانەوە پێشکەش کراوە. شیکردنەوەکان ئەوەن کۆماری ئیسلامی لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە ڕووخاوە. کارتەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە هاوکێشە جیهانییەکاندا یاریی پێ دەکردن، ئەو کارتانەی بەشی زۆری لەدەست داون. جەنابتان برێک بەرفراوانتر چۆن دەڕواننە دۆخی سیاسیی ئێستای ئێران؟**

تێکشکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر تەنیا لە بارەی ئایدۆلۆژیکەوە نەبوو، بەڵکوو کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو بوارەکانی سەربازی، ئیتلاعاتی، ئەمنیەتی و بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتدا بە تەواوی تێکڕووخاوە. گرینگتر لە هەموو ئەوانە خەڵکیش پشتیوانیی لێ ناکات. بە گوێرەی ئەو هەڵسەنگاندنانەی کە دامەزراوەی "گمان" کردوویەتی سەتا حەفتای خەڵک لە ئێراندا لەو ڕێژەیە نارازین و دەیانەوێ ئەم حکومەتە بگۆڕن، تازە ئەوە ڕاپرسیی ساڵێک لەوە پێشە و ئێستا بە دڵنیاییەوە ئەو ئامارە زۆر زۆر زیادی کردوە. واتە ئەم دۆخەی ئێستا داڕووخانی سیستەمێکی فکریی چەقبەستووی کۆنە کە دەیویست شێوەی ئیدارەدانی وڵات بۆ هەزار و چوار سەد ساڵ لەوە پێش بگەڕێنێتەوە و بۆخۆی ببێتە ئیمپراتۆرییەتێکی ئیسلامی و وەلی فەقیهـ وەک خەلیفەیەک ببێتە ڕێبەری موسڵمانانی دنیا. بەڵام ئێستا دەبینین کە ئەو خەون و خەیاڵانە هەمووی بە با چوون. هێزە نیابەتییەکانی ڕێژیم کە بەشی زۆری سامان و سەروەتی خەڵکی ئێرانی تێدا خەرج کرا و ئەو حکوومەتانەی وەک سووریە کە بەهۆی یارمەتییە هەمەلایەنەکانی کۆماری ئیسلامییەوە مابوون، ئەوانە ئەوانە هەموویان تێکڕووخاون و هەروەک باسم کرد لە نێوخۆی وڵاتیشدا شەرعییەت و لایەنگریی نەماوە و ڕێژیم لە دنیادا و لە ناوچەکەدا بەتەنیا ماوەتەوە. بۆیە لام وایە کە خێرایی پرۆسەی بەرەو نەمان و ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر زیاتر بووە.

**بەڵام ئێمە پەلەقاژەکانی کۆماری ئیسلامی دەبینین. جەنابتان پێتان وایە کە کۆماری ئیسلامی خۆی دەگرێتەوە یان بەڕاستی ئێستا کاتی دەستبەردان و تەسلیمبوونی گەیوەتێ؟**

بە چی خۆی دەگرێتەوە؟ ئەوەی کە هەیبوو لە ماوەی ئەو چل ساڵەدا هەمووی داناوە و نەک هەر ئەو سامان و سەروەتەی وڵات هەیبوو، بەڵکوو لەوانەیە داهات و ئیمکاناتی پەنجا ساڵی داهاتووشیان بۆ ئەو مەبەستانە دانابێت. لە نێوخۆی وڵاتدا ڕێژیم پێگەیەکی نەماوە و ئەسڵەن و ئۆسوولەن عەقڵییەتی ئەوە لە ڕێژیمدا بەدی ناکرێ کە بیهەوێ و بشتوانێ بە ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتەکانیدا خۆی بگرێتەوە. زۆر لە حکوومەتە نۆرماڵەکان بوێریی ئەوەیان هەیە ئەگەر لە پرۆژەیەکدا شکست دەخۆن، ددان بە شکستەکەیاندا دەنێن و بە دوای دۆزینەوەی چارەسەر و کەموکوڕییەکاندا دەگەڕێن. بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خۆ پێی وا نیە هەڵەی کردبێت. کۆماری ئیسلامی دوای ئەو شکستە قورسەی لە شەڕەی دوازدە ڕۆژەدا ئێستاش پێی وایە شەڕەکەی بردووەتەوە و ئیسرائیل و ئەمریکای تەمبێ کردوە. حکومەتێک بەو عەقڵییەتە بە خۆیدا نایەتەوە و بێجگە لەوە دەرفەت و ئیمکانیشی بۆ ڕێژیم لە بەردەستدا نیە.

**بەڕێزتان لە باسە سیاسییەکانی پلینۆمدا باستان لە کۆمەڵێک ئەگەر و سیناریۆ بۆ داهاتووی کۆماری ئیسلامی لە دڵی قەیرانەکانی ئێستادا کردبوو. ئەگەر بە کورتییش بێت چۆن لەو سیناریۆیانە دەڕوانن و لێکدانەوەتان بۆی چیە؟**

ئەگەرەکان زۆرن و بە وردی پێشبینی ناکرێت کە چی ڕوو دەدات، بەڵام ئەو ئەگەرانەی کە لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیدا بە گرنگ زانران، سێ ئەگەر بوون: یەکەم ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا بچێتەوە سەر مێزی وتووێژ و وتووێژی ئەم جارەش هەموومان دەزانین بە مانای ئەوەیە تەسلیمبوونی موتڵەقی ئێرانە، چونکە وەک باسمان کرد هیچ کارتێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەماوە. لە حاڵەتێکی وادا و لە ئەگەری ئەو ڕێککەوتنەدا ڕێژیم حکومەتێک دەبێت کە تێکشکاوە، هەموو هەڕەشەی فەرماندە و سیاسییەکانی ڕێژیم لە وڵاتانی دی هەمووی مایەپووچ دەرچوون، کە دەیگوت بۆیە لە سووریە شەڕ دەکەین هەتا شەڕ نەیەتە نێو وڵاتەکەمان، ئێستا نەک شەڕ هاتووەتە نێو وڵات، بەڵکوو ئاسمانەکەشی لەژێر کۆنترۆڵی دوژمنەکەی‌دایە. واتە دەبێتە حکومەتێکی زەلیل کە هێندەی دیکە خەڵک لێی دوور دەکەوێتەوە. لە حاڵەتێکی وادا پێشبینی دەکرێ کە دووبەرەکی یان چەندبەرەکییش لەنێو هەرەمی دەسەڵاتدا دروست بێت کە هەر ئێستاش نیشانەکانی دەبینین. چونکە لەو حکومەتانەدا بەرپرسێک نیە کە بەرپرسیارێتیی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە قبووڵ بکات و هەر ئەوە دەیخاتە سەر شانی ئەوی تر و ئەوە دەیخاتە سەر شانی ئەوی تر. ئەوەش بۆ خۆی سەرچاوەی دووبەرەکییەکی توندە کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرە دەگرێت. ئەوە یەک لە سیناریۆکانە و دیارە هەر لە درێژەی ئەو سیناریۆیەدا بێتوو ڕێژیم مل بۆ...

درێژە بۆ لاپەڕەی ٣

کوردستان
• ژمارە: ٩٠٢
١٥ی خەرمانانی ١٤٠٤ _ ٦ی سێپتامبری ٢٠٢٥

# درێژەی وتووێژ لەگەڵ کاک مستەفا هیجری

**ڕێژیم ئەستەمە بتوانێ خۆی بگرێتەوە. ئەوەی کە هەیبوو لە ماوەی ئەو چل ساڵەدا هەمووی داناوە و نەک هەر ئەو سامان و سەروەتەی وڵات هەیبوو، بەڵکوو لەوانەیە داهات و ئیمکاناتی پەنجا ساڵی داهاتووشیان بۆ ئەو مەبەستانە دانابێت. لە نێوخۆی وڵاتدا ڕێژیم پێگەیەکی نەماوە و ئەسڵەن و ئۆسوولەن عەقڵییەتی ئەوە لە ڕێژیمدا بەدی ناکرێ کە بیهەوێ و بشتوانێ بە ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتەکانیدا خۆی بگرێتەوە**

**حیزبی دێموکرات بیر و هزرە لە مێشک و دڵی خەڵکدا و ئەو هزرە بریتییە لە پێویستیی بەرەنگاربوونەوە دژی ستەم و داگیرکەری و بێبەشبوون لە مافەکانیان. ئێمە لە لایەن خۆمانەوە مەیدان ئاوەڵاتر دەکەینەوە و زیاتر هەوڵ دەدەین هەموومان پێکەوە بە جیاوازیی بیروبۆچوونەکانمان، کوردستان و ئێران زیاتر لەوەی کە ئێستا هەیە بکەینە مەیدانی خەباتێکی مەدەنی و ململانێیەکی بەردەوام و جێگای پەسەندی دنیای ئەمڕۆ دژی ڕێژیمی دواکەوتووی کۆماری ئیسلامی**

وتووێژ و خۆبەدەستەوەدان نەدا، هەڕەشەی شەڕێکی دیکەی لەسەرە و پێشبینی دەکرێ لەو شەڕەدا کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارەکاندا زەربەی زیاتر بخوات. دیارە ئەو شەڕەش هەر بۆ ئەوەیە کۆماری ئیسلامی بێننە سەر مێزی وتووێژ کە ڕەنگە بەشێک لە هۆکارەکەی ئەوە بێ کە تاکوو ئێستاش جێگرەوەیەکی قابیلی قبووڵ نە بۆ خەڵکی ئێران و نە بۆ وڵاتانی بڕیاربەدەست بۆ گۆڕینی کۆماری ئیسلامی لە ئارادا نیە و ئەمریکاش بەتایبەتی نایەوێت لەو حاڵەتەدا کە هێشتا شەڕی ئۆکراین تەواو نەبووە و، لە غەززە هێشتا ئاشتییەک جێگیر نەبووە، نایهەوێ بەرەیەکی دیکەی شەڕ و نائارامی لەو ناوچەیەدا بکرێتەوە. ئەوە بە مانای ئەوە نیە کە ڕێژیم بە ڕێککەوتن لە وتووێژەکاندا خۆی دەگرێتەوە. هەر بەو هۆکارانەیە کە پێشتر ئاماژەم پێدا لە حاڵەتێکی وادا چاوەڕوانی و مافخوازیی خەڵکەکەش لە نێوخۆ زیاتر دەچێتە سەرێ. ئەوە یەکێک لە سیناریۆکانە کە ئەنجامەکەی دەگاتە ڕووخانی ڕێژیم. لێکدانەوەکەی ئێمە ئاوا بوو کە لەو ماوەیەدا کە ڕێککەوتن دەکرێت، ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی بڕیاربەدەست لە فکری ئەوەدا دەبن جێگرەوەیەک بۆ ئەو ڕێژیمەش پێک بێت، چونکە تاکوو ئێستا کۆماری ئیسلامی کارێکی وای نەکردوە هیچ متمانەیەکی پێ بکرێت.

سیناریۆی دووەم ڕوودانی شەڕێکی دیکە و نەمانی خامنەیی چ لە شەڕدا یان بە هەر هۆکارێکی دیکەیە. لە حاڵەتێکی وادا کێشە و ململانێیەکی یەکجار زۆر لە نێوخۆی وڵاتدا و لە نێو حکومەتدا پێک دێت و ئەنجامی ئەوە دەبێتە هۆی لاوازبوونی زیاتری حکوومەت و ئەوەش بۆ خۆی دووبارە پرۆسەیەکە کە ڕێژیم بەرەو ڕووخان و نەمان دەبات.

دوایین ئەگەریش کە باسمان کرد ئەوە بوو کۆماری ئیسلامی لەبەر هەرەج و مەرەج و لەبەر ئەوەی نەفووز و کۆنترۆڵی بەسەر وڵاتدا نامێنێ، هێزە چەکدارەکان و ناوەندە ئەمنییەتییەکان و دەزگای سەرکوتی و ڕێژیم لە بەشێک لە وڵات بڕێک دەستیان کورت بێتەوە. لەو حاڵەتەدا بەشێک لە وڵاتی ئێران بەتایبەت ناوچەکانی نەتەوە غەیرە فارسەکان و یەک لەوان کوردستان، لەو ناوچانەدا ئیمکانی کار و چالاکی زیاتر دەبێت و ئێمە بۆ هەر کام لەو ئەگەرانە ئامادەیی خۆمان هەیە.

**بەڵام خەڵکی کوردستان نیگەرانن و دەڵێن لەو بارودۆخەدا و لە دڵی ئەو هەموو ئەگەرانەدا حیزبی دێموکرات بە تەمای چیە؟**

لە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەدا ئەوەی کە زۆر زەروورییە، ئەوەیە ئێمە وەک خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکگرتوو بین و شان بە شانی یەکتر بچینە پێشێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کێ لایەنگری چ حیزبێکە و چ جۆرە ئینتیمایەکی هەیە. هاوکات هەوڵ دەدەین لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکاندا بەرنامەیەکی هاوبەشمان هەم بۆ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی، هەم بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە و هەم بۆ ئیدارەدانی کوردستان لە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی هەبێت.

**بەڵام ئەم ڕەخنەیە لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە کوردیشەوە هەر هەیە کۆماری ئیسلامی لە دوای ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ەوە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لاوازیی زیاتر ڕۆیشتووە، بەڵام ئێمە جموجۆڵ یان بڵێم بووژانەوەیەکی ئەوتوومان لە ئۆپۆزیسیۆن لە دژی کۆماری ئیسلامیدا نەدیوە. بەڕاستی کاک مستەفا هۆکارەکان چین؟**

زۆر هۆکاری هەیە کاک عەلی، بەڵام گرینگترینی ئەوەیە کە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە ڕاستیدا ماوەیەکی زۆرە لە وڵات دوورن و لە ویست و خواستی نەوەکانی کە دوای هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە دایک بوون دوورن. ئەوان زۆرتر لەو ئایدۆلۆژی و بەرنامانەدا چەقیون کە پێشتر بوویانە و ئێستا سەردەمیان بەسەر چووە. لە لایەکی دیکەوە بۆ خۆتان دەزانن هێزی سەرکوت لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لە ڕۆژی یەکەمەوە تاکوو ئێستا بە توندی بەسەر خەڵکدا زاڵ بووە و لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک فیداکاریی زۆریان کردوە. خەڵک ڕۆژانە ئیعدام دەکرێن، زیندانی دەکرێن، بێحورمەتییان پێ دەکرێت، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو باج و تێچووە و لەژێر ئەو زەبر و زەنگەدا خەڵک نەیتوانیوە وەک حیزب و ڕێکخراو خۆی و خەباتەکەی بەڕێکخستن بکات. دیارە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیاواز و چەند قات باشترە لە بەشەکانی دیکەی ئێران، چونکە لە کوردستان ئەزموونی کاری تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی لە مێژساڵەوە هەیە و هەر حیزبێکیش بە گوێرەی کار و تێکۆشانی خۆی تێکۆشاوە خەڵکانێک بەڕێکخراو بکات، بەڵام تەنیا بە کوردستان کارەکە جێبەجێ نابێت. ئەوانە بەشێک لەو هۆیانەن کە تاکوو ئێستا بەداخەوە یەکگرتوویی لە نێوان حیزبەکاندا و لە ئەنجامدا جێگرەوەیەک پێک نەهاتووە.

**کاک مستەفا، لە ماوەی ڕابردوودا ئێمە کۆمەڵێک جموجۆڵمان بینی. میتینگی پاشایەتیخوازەکان لە میونخ، میتینگی موجاهیدین لە ئیتالیا و لە نێوخۆی وڵاتیشدا ڕیفۆرمخوازە حکومەتییەکان کە باسی ڕیفراندۆمیان وەک ڕێگا چارەی تێپەڕین لە قەیرانەکان پێشنیار کردوە. من ناڵێم وەڵامی ڕاستەوخۆی کورد یان وەڵامی ڕاستەوخۆی حیزبی دێموکرات بەو ئەجێندایانە، بەڵام دەپرسم وێژمانی حیزبی دێموکرات، ڕوانگەی حیزبی دێموکرات، ستراتیژیی حیزبی دێموکرات بۆ داهاتووی ئێران چیە؟**

با لە بەشی ئاخری پرسیارەکەتەوە دەست پێ بکەم کە مەسەلەی ڕیفراندۆمە. ڕیفراندۆم ئەوەی کە مووسەوی لە بەیاننامەکەیدا ڕایگەیاندوە یەکەم جار نیە باس دەکرێ، چەند ساڵ لەوە پێش ڕەزا پەهلەوی و هەندێک گرووپی دیکەش ئەو مەسەلەیان خستووەتە ڕوو، بەڵام بە بۆچوونی من باسی ڕیفراندۆم لە حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کە بێجگە لە عەقڵییەتی خۆی کەسی دیکەی قبووڵ نیە، ئاسنی ساردکوتانە. چۆن دەکرێت ئەم ڕێژیمە ئیجازە بدات ڕیفراندۆم بکرێت بۆ ڕووخاندنی، ئەویش حکومەتێک کە ئەسڵەن ویست و ئیرادەی خەڵکی بۆ گرینگ نیە. هەموومان لەبیرمانە لە سەردەمێکدا کە ئەحمەدینەژاد بە فێڵ بەسەر مووسەویدا سەرکەوت، خەڵک کە خۆپێشاندانی کرد و داوای مافەکانی خۆی کرد، خەڵکی بە "خەس و خاشاک" ناو دەبرد، خامنەیی هەر چەند مانگێک لەمەوبەر لە بارەی مەسەلەی ڕیفراندۆمدا باسی ئەوەی دەکرد کە بۆ مەگەر ئەو خەڵکە دەتوانن تەشخیس بدەن کە حکوومەت دەبێت چۆن بێت؟ واتە ئەوان هیچ نرخێک بۆ خەڵک دانانێن. کاتێک باسی خەڵک دەکەن، خەڵکیان تەنیا بۆ کوشتن و بۆ شەرعیدان بە حکوومەتەکەی خۆیان دەوێ. بۆیە قسەکردن لە ڕیفراندۆم لەو هەلومەرجەدا و لە چوارچێوەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا "خۆڵ لە چاوی خەڵک کردن" و هەوڵێکە بۆ بەلاڕێدابردنی فکری خەڵک لە ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

پێوەندیدار بە میتینگی موجاهیدین و پاشایەتیخوازەکان، دیارە هەموو حیزبێک مافی خۆیەتی کۆبوونەوە بکات و چالاکیی خۆی هەبێ، بەڵام لەسەر پاشایەتیخوازەکان و قوورساییان لە ڕێکخستنی خەڵک قسە زۆرە. هەمووان دەزانن کاتێک لە بزووتنەوەی ژینادا حیزبەکانی کوردستان داوایان کرد خەڵک لە کوردستاندا ڕاپەڕێ، خەڵک ڕاپەڕی و ئەو ڕاپەڕینە سەرتاسەری ئێرانیشی گرتەوە و تەنانەت سنوورەکانی ئەو وڵاتەشی بڕی. بەڵام تاکوو ئێستا ڕەزا پەهلەوی چەندین جار داوای لە خەڵک کردوە بێنە سەر شەقام و یەک جاریش خەڵک بە دەم ئەو داوایە نەهاتوە و تەنانەت دووکانێکیش لەسەر داوای ئەو دانەخراوە. بۆیە لەو باوەڕەدام خەڵکی ئێران لەوە تێپەڕیوە کە بێت لە نێوان دوو ئەزموونی شکستخواردووی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا دیسان یەکیان هەڵبژێرێتەوە. چونکی ناچار نیە و زۆر سیستەمی دێموکراتیک و سیستەمی پێشکەوتووی دیکە هەیە کە لە دنیادا ئەزموون کراوە و خەڵک دەتوانن هەڵیبژێرن. بۆیە من پێم وا نیە شانسێک بۆ سەرکەوتنی پاشایەتیخوازان هەبێ و ئەوەی خەڵکی ئێران دەیانهەوێ هاتنەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیکی سێکولارە. خەڵکی ئێران ماهییەتی حکوومەتی دیکتاتۆریی ئایینی و پاشایەتییان دیوە و بەدوای دێموکراسی و ئازادی و دەستەبەربوونی مافەکانیاندا دەگەڕێن.

**کاک مستەفا وەک ئاکامگیرییەک لەو باسە، پێتان وایە لە دڵی ئەم قەیرانانەی وا ئێستا ئێران بەرەوڕووییەتی، داهاتووی ململانێ و خەباتی خەڵک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی چۆن دەبێت؟**

من لەوەدا هیچ گومانێکم نیە کە خەڵک سەرکەوتوو دەبێت. ئەوەی کە تاکوو ئێستا ڕێژیم دەرحەق بە خەڵک کردوویەتی و لە داهاتووشدا دەیکا و بە نیشانەی ئیقتدار و دەسەڵاتی خۆی دەزانێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە نیشانەی ئەوپەڕی ترسی کۆماری ئیسلامییە لە خەڵک. ڕێژیمێک کە بەهێز بێت، ڕێژیمێک کە پشتی بە خەڵکەکەی خۆی بەستبێت و لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا وەک سیستەمێکی نۆرماڵ قبووڵ کرابێت، پێویستیی بە سەرکوتی خەڵکەکەی نیە و نایە لەسەر شەقام بیانکوژێ یان بیانگرێ و لە زینداندا ئەشکەنجەیان بکات. ئەوە پیشەی حکوومەتە لاوازەکانە هەمیشە لە ڕووخان و هەمیشە لە خەڵکەکەی خۆیان دەترسێن و، ناحەقیشیان نیە چونکە خەڵک لە دژیانە، بۆیە هەر پەنا بۆ سەرکوت و زەبروزەنگ دەبەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کام ڕێژیمی سەرکوتگەر و دیکتاتۆڕ هەر بە زەبری هێز توانیویەتی خۆی ڕابگرێ؟ ئەمن پێم وایە ڕاستە خەڵکی ئێرانیش چەندی لەژێر زەبروزەنگدا بن، چەندی برسییان بکەن، بێحورمەتییان پێ بکەن و لە مافەکانیان بێبەشیان بکەن؛ بەڵام ئەو خەڵکە ئاگاتر دەبنەوە و باشتر بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافانە خەبات دەکەن. بۆیە داهاتووی ئەو بەربەرەکانییە لە نێوخۆی وڵات لە نێوان خەڵک و ڕێژیمدا بە سەرکەوتنی خەڵک کۆتایی دێت و لەوەشدا هیچ گومانێکم نیە

**وەک دواپرسیار و پێداگرتنەوە لەسەر هەندێک لە بۆچوونەکانتان و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات، ئەگەر قسەیەکتان لەسەر سیاسەتەکانی حیزب و پەیامی خۆتان ڕوو بە خەڵکی کوردستان و ڕوو بە حیزبە سیاسییەکان مابێت، بفەرموون.**

پەیامم بۆ خەڵکی کورد، بۆ ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکە، و خەڵکانێکیش کە ڕەنگبێ لایەنگری هیچ حیزبێک بەن ئەوەیە کە هەموو ئەو خەڵکە بۆ ئێمەی حیزبی دێموکرات جێگای شانازین. پێم وایە ئەوان لە خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا و بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆیان لە هیچ شتێک درێغیان نەکردوە، و هیچ لەو سەرکوت و زەبروزەنگانە نەترساون و خۆڕاگر بوون. قەت ئەو قسە و شێعر و لاواندنەوەی دایک و باوک و برا و کەسوکاری ئەو شەهیدانەی لەسەر گۆڕی شەهیدان، بەتایبەت لە بزووتنەوەی ژینادا دەماندی لەبیر ناچن. ئەوانە ورەیان داوە بە ئێمە و ئەو یەکگرتووییەش بە تایبەتی گەورەترین هێزی ئێمەیە. داوام ئەوەیە ئێمە دەبێ ئەو یەکگرتووییە بەهێزتر بکەین بۆ ئەوەی حیزبەکەمان و بەتایبەت سەرووتر لە حیزبەکەشمان، بزووتنەوەی کورد ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەهێزتر ببێت. ئێمەش وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەوەمان لە کۆنگرەدا باس کردووە و لە پلینۆمیشدا پێداگریمان لەسەر کردۆتەوە. کاک عەلی ئێمە حیزبی دێموکرات تەنیا بە حیزبی ئەندام و لایەنگران نازانین، بە بۆچوونی من حیزبی دێموکرات، بیر و هزرە لە مێشک و دڵی خەڵکدا و ئەو هزرە بریتییە لە پێویستیی بەرەنگاربوونەوە دژی ستەم و داگیرکەری و بێبەشبوون لە مافەکانیان. جا ئەو بیر و ئەندێشەیە لە مێشکی هەر کەسێکدا بێت، من وەک حیزبی دێموکراتیان دەبینم و ئێمە لە لایەن خۆمانەوە مەیدان ئاوەڵاتر دەکەینەوە و زیاتر هەوڵ دەدەین هەموومان پێکەوە بە جیاوازیی بیروبۆچوونەکانمان، کوردستان و ئێران زیاتر لەوەی کە ئێستا هەیە بکەینە مەیدانی خەباتێکی مەدەنی و ململانێیەکی بەردەوام و جێگای پەسەندی دنیای ئەمڕۆ دژی حکومەتی چەقبەستوو و دواکەوتووی کۆماری ئیسلامی کە هەموو وڵاتی ئێرانی بە کوردستانیشەوە وێران کردوە. ئێمە هەموومان پێکەوە دەبینە هێز. دەبێ ئەو ڕێگایە بگرین و کۆماری ئیسلامییش بۆیە چاوی لەسەر کوردستانە و بە کەمترین جووڵەی کوردستان ناڕەحەتە، چونکە ئەوان باش دەزانن ئەو یەکگرتووییە چەندە بەهێز و بەتوانایە و چۆن دەتوانێ ئاگر لە دەزگای هەرەمی قودرەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەر بدات. بێگومان سەرکەوتن هی ئێمەیە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێستا لە پەلەقاژەکانی سەرەمەرگدایە. لەو بارەیەوە پێم خۆشە دڵنیایی بە هەموو خەڵک بدەم.

**زۆر سپاس بۆ ئەوەی کاتتان بۆ ئەم دیمانەیە دانا.**

سپاس بۆ ئێوە و هیودارم قەت ماندوو نەبن.

---

## خالید عەزیزی:

# بەبایەخەوە دەڕوانینە بڕیاری دەرکردنی باڵیۆزی ئێران لە ئۆستralیا



وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاک خالید عەزیزی کە بە مەبەستی چەند چالاکییەکی سیاسی و دیپلۆماسی سەردانی ئۆسترالیای کردوە، ڕۆژی هەینی ٧ی خەرمانانی ١٤٠٤(٢٠٢٥/٨/٢٩) لە یەکەم ڕۆژی سەردانەکەیدا بەشداریی وتوێژێکی لەگەڵ ڕادیۆی کوردی ئێس بی ئێس لە شاری سیدنی کرد.

لەم وتوێژەدا کاک خالید ڕایگەیاند مەبەستی لە سەردانەکەی بۆ ئوسترالیا "دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی ئەم وڵاتە و هەروەها ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتیی خەڵکی ئوسترالیا و بەرپرسانی سیاسیی ئەم وڵاتە بۆ لای مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتە بەتایبەت ئێستا کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پڕ کێشەیە و لە سۆنگەی دەستێوەردانەکانی ئێرانەوە تووشی ئاڵۆزیی زیاتر بووە"

وتەبێژی حیزبی دێموکرات کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە هۆکاری سەرەکیی ئاڵۆزییەکان و ئاژاوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زانی و لە درێژەدا بایەخی بە بڕیاری دەوڵەتی ئوسترالیا دا کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا باڵیۆزی ڕێژیمی ئێرانی لە سیدنی وەدەر ناوە و پێوەندیی دیپلۆماسیی خۆی لەگەڵ ئێران هەڵپەساردوە.

خالید عەزیزی لەوەیکە دەوڵەتی ئوسترالیا لە بەرنامەیدایە سپای پاسداران بخاتە لیستی تێرۆرەوە خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی و گوتی: ئەو هەنگاوە پەیامێکی ڕوونە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە ئیتر ڕێگە بە ڕێژیمی ئێران نەدەن لەنێو خاکی ئەواندا کردەوەی تێرۆریستی بکات.

کاک خالید لە وڵامی پرسیارێکی ڕادیۆی ئێس بی ئێسدا کە ئایا ئێوە یادی ژینا ئەمینی لەنێو پارلەمانی ئوسترالیا دەکەنەوە و هەروەها گیانلەدەستدانی "ژینا" و ئەو بزووتنەوەیە کە بەهۆی ئەو ڕووداوەوە هاتە ئاراوە چۆن هەڵدەسەنگێنن و چ پەیامێکی هەبوو؟ گوتی: گیانلەدەستدانی ژینا بەهۆی کردەوەی دژەمرۆیی هێزەکانی ڕێژیم بوو کە لە ئاکامدا بووە هۆی ڕاپەڕینێک کە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و پەیامی ئەم جووڵانەوەیە بۆ وەدیهێنانی مافەکانی ژنان و مافی دێموکراتیکی خەڵکی ئێران و پەیامی هاودەنگی و هاوپەیمانیی گەلانی ئێران بووە دژی کۆماری ئیسلامی و لە کوردستانەوە بە سەرکەوتوویی خۆی نواند و لە ئێرانیش تا ڕادەیەک هاوئاهەنگیی لەگەڵ بوو، ئێستاش کە یادی دەکەینەوە بیرۆکە و ئامانجەکانی بەردەوام دەچێتە پێشێ.

پەیامێکی گرینگی دیکەی ئەو جووڵانەوەیە ئەوە بوو کە ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی نەتوانن یەک بگرن بیرۆکەکانی ئەم جووڵانەوەیە و جووڵانەوەکانی تریش لە مێژوودا ون دەبن بۆیە پێویستە دژبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکگرتوو بن و پەیامە ڕاستەقینەکەی ئەوەیە کە ئێمە چۆن یەک بگرین".

کاک خالید عەزیزی لە درێژەدا گوتی: "ئەوەندی لەسەر شانی حیزبی ئێمەیە ئەوەیە کە هەوڵ دەدەین لەگەڵ هەموو دژبەرانی تری کۆماری ئیسلامیی ئێران یەک بگرین، کارێکی ئاسان نیە بەڵام سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە لەگەڵ موخالیفانی ڕێژیم لێکحاڵیبوون هەبێ، تەوافوق هەبێ و لێک تێبگەین و شتەکە پێوەندی بە داهاتوو هەبێت و لە کێشەکانی کۆندا نەوەستین و هێندێک تەوافوقمان هەبێت و کۆتا بێین. ئەگینا ئەگەر جووڵانەوەی دیکەش بێتە ئاراوە ڕەنگە هیچ نەتیجەیەکی نەبیت و فەرامۆش بکرێ، ئەوە وانە و پەیامێکە کە من دەتوانم لە شۆڕشی ژینا وەریگرم. هیواخوازیشین خەڵکی نێوخۆ کە ئۆپوزسیۆنی ڕاستەقینەن یەک بگرن".

هەروەها بەڕێز عەزیزی لە بەشێکی دیکەی وتوێژەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد "ئێمە وەک ئۆپوزسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بتوانین یەکگرتوو بین و هەموو و تەنوعات و تەیفە جۆراوجۆرەکانی دژبەری ڕێژیمی ئێران بە هەر بیرو بۆچوونێکی سیاسییەوە ئەگەر بتوانن یەک بگرن و شتێکیان هەبێت و بڵێن ئەگەر ئەو دەسەڵاتە نەما ئەوە ئێمەین کە دەتوانین ببینە نیزامی داهاتوو. ئەوە ئەو پەیامەی بۆ خەڵکی نێوخۆ هەیە کە ئەگەر ئەو ڕێژیمە ڕووخا ئەدی کێ دەتوانێت ببێتە جێگرەوەی خەڵک و ئەو پەیامەی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە کە ئەگەر ئەو ڕێژیمە ڕووخا ئاڵۆزی نایەتە ئاراوە و ئاڵتەرناتیڤ هەیە. بە باوەڕی من ئەم خاڵانە گرینگن و ئۆپوزسیۆن بەم پێیە دەتوانێت ببێتە سیستمێکی جێگرەوە لە جێی ئەو نیزامە".

## ٢٨ی گەلاوێژ

# ڕۆژی دەرکەوتنی ڕوخساری ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی دژی کورد و مافەکانی

**خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!**
**حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان!**

٢٨ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٤٦ ساڵ بە سەر فتوای خومەینی بۆ جیهاد دژ بە خەڵکی مافخوازی کوردستان و لەشکرکێشیی حکوومەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی تاران بۆ سەر کوردستان تێدەپەڕێت.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ و ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە کاتێکدا چاوەڕوان دەکرا بە دانانی حکوومەتی نوێ بە مافەکانی گەلانی ئێران و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەیی، سیاسی و مەدەنییەکانی هەموو جۆراوجۆرییەکانی ئێران، وڵات بەرەو سەقامگیری بڕوا و گەلانی ئێران لە بەری ڕەنج و قوربانیدانەکانی خۆیان بۆ سەرخستنی شۆڕش هەڵبگرنەوە؛ بەڵام هەر زوو حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ڕوخساری دزێو بەڵام ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا کرد. کوردستان یەکەم وێستگەی تاقیکردنەوەی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو بوو، کاتێک کە وڵامی داخوازییە ئاشتیخوازانەکانی بزووتنەوەی سیاسی-نەتەوەیی کوردستانی بە فەرمانی جیهاد، سەپاندنی شەڕ، ناردنی "خەڵخاڵی"یەکان بۆ کۆمەڵکوژی و دەستئاوەڵاکردنی "حەسەنی"یەکان بۆ ئاژاوەناوە و جینایەتە یەک لە دوای یەکەکانیان دایەوە.

ئەو شەڕەی ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨دا بە فتوای خومەینی، دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی زەوی و ئاسمانەوە بۆ سەر کوردستان دەستی پێ کرد، هەتا ئێستاش لە شێوە و جۆری جیاوازدا درێژەی هەیە. کوفرە گەورەکەی کورد کە لەسەر ئەو فیتوای جیهادی لەدژی درا و شەڕی بەسەردا سەپا ئەوە بوو زۆر زوو جەوهەری دەسەڵاتی نوێی لە تاران ناسی و ئامادە نەبوو ئەو ڕێژیمە بەڕەسمیی بناسێ. کوفرەکە ئەوە بوو خەڵکی کوردستان ئەو ماف و ئازادی و دەسکەوتانەیان دەویست کە بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخ خەباتیان بۆ کردبوو و ڕووبارێک خوێنیان بۆ دابوو. کوفرەکە ڕاوەستان لەبەرامبەر دەسەڵاتی ڕێژیمێکی داپڵۆسێنەر و "نا"گوتن بە توانەوە و بندەستی بوو. ئەوەش لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارەتیی تارانەوە گوناحێکی کەبیرە بوو کە کورد دەبوا تاوانەکەی بدا و لەوکاتەوە گەلی ئێمە ئەوە زیاتر لە چوار دەیەیە تاوانی مافویستی و ئازادیخوازیی خۆی دەدا. لە سۆنگەی ئەو شەڕە داسەپاوە بەسەر کوردستان و بەهۆی خۆڕاگری و بەربەرەکانی خەڵکی کوردستان و سووربوون لەسەر مافە ڕەواکانیان، بە هەزاران کەس لە خەڵکی کوردستان کوژراون، دەیان هەزار کەس دەسبەسەر و ڕاپێچی بەندیخانەکان کراون، ئەشکەنجە و ئازار دراون و تەنانەت هەزاران بەندیی سیاسی گیانیان لێ ئەستێندراوە. دەیان گوند لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان سووتێنراون یان بەزۆرەملی چۆل کراون، و بە هەزاران کەسیش زێد و نیشتمانی خۆیان بە ناچاری بەجێ هێشتوە و لە دوورە وڵاتی گیرساونەتەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم نەهامەتییانەدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکی کوردستانی هێناوە، کوردستان سەنگەری هەرەپێشەوەی خۆڕاگری، کۆڵنەدان و بەرگریی ئازایانەی پێشمەرگەکانی کوردستان لە مافە ڕەواکانی کورد بووە. هەروەها پێداگریی خەڵکی کوردستان لەسەر مافە نەتەوەیی، سیاسی و مەدەنییەکان سەرەڕای تێچووی قورسی ئەو خەبات و خۆڕاگرییە کوردستانی کردوەتە قەڵای خۆڕاگری و هەروەها سەنگەری لەگیراننەهاتووی خەباتی دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی

٢٨ی گەلاوێژ و ڕۆژیادی فیتوای خومەینی دژی نەتەوەی کورد دەرخەری دوو دنیابینیی جیاوازی کورد و کۆماری ئیسلامی و، هەروەها بەڵگەی بەرحەقی خەباتی کورد لە ئێران لەپێناو مافە نەتەوەیی و مەدەنییە ڕەواکانی لەدژی کۆماری ئیسلامییە. لە کوردستان خەڵک مافی نەتەوەیی و خودموختاریی خۆی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکەیدا دەویست، مافێک کە دەیان ساڵ بوو خەباتی بۆ دەکرد و خوێنی بۆ دابوو. بەڵام ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ناوەندگەرێتیی و سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی بەسەر هەموو پێکهاتەکانی وڵاتی دەویست، ئەویش لەژێر دروشمی یەکڕیزیی ئیسلامیدا. وێژمانی سیاسیی کوردستان ڕوون بوو: دێموکراسی، ئازادژیان، هاوپێوەندیی نیشتمانی، سێکۆلاریزم، پلۆرالیزم، دابینبوونی ئازادییە مەدەنی و دێموکراتیکەکان، یەکسانیی ماف، نەمان و نەهێشتنی هیچ چەشنە هەڵاواردن و فەرق و جیاوازیدانان، لاشەڕی و برەودان بە فەرهەنگ و هونەر. بەڵام ئەو بەها و بایەخانە لە قامووسی کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمەکەیدا مانایان نەبوو. ئەوان لەبیری ئیسلامی سیاسی و هەناردەکردنی بۆ وڵاتانی دیکەش بوون.

ئێستا دوای ٤٦ ساڵ هەم پێداگریی کورد لەسەر بایەخە دێموکراتیک و جیهانگیرەکانی و هەم سووربوونی کۆماری ئیسلامی لەسەر سیاسەتی شەڕهەڵایسێنی و قەیرانخوڵقێنییەکانی ئەوەی کە خەریکە لە کۆتایی تەمەنی نزیک دەبێتەوە، ئەو ڕێژیم و دەسەڵاتەیە کە فتوای جیهادی بە دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و ئەوەش کە مایەوە و خۆڕاگرانە پێداگریی لە سەر مافەکانی خۆی کرد و بەردەوام بەرەوپێش چووە، بزووتنەوەی سیاسی نەتەوەیی کوردستان و خەڵکی بەهەڵوێستی کوردستانن.

سڵاو لە خۆڕاگریی خەڵک و سڵاو لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان! سەرکەوێ بزووتنەوەی سیاسی نەتەوەیی کوردستان!

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٨ی گەلاوێژی ١٤٠٤ی هەتاوی**

## حیزبی دێموکرات لە کۆنفڕانسی هاوپەیمانیی سۆسیال دێموکراتی وڵاتانی عەرەبی لە سلێمانی:

# گرێدانی چارەسەری پرسی نەتەوەیی بە دێموکراسییەوە ڕازی خۆ بەدوور گرتنی حیزبی دێموکرات لە ناسیۆنالیزمی دەمارگرژانە بووە



**ئاماژە: کۆنفرانسی سلێمانی کە لەلایەن سۆسیال دێموکراتەکانی جیهانی عەرەبەوە پێکهاتبوو، ڕۆژی چوارشەممە ٥ی خەرمانانی ١٤٠٤، لە مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانی دەستی بە کارەکانی کرد و ڕۆژی شەممە، ٨ی خەرمانان کۆتایی بە کارەکانی هات. نێوەڕۆکی کۆنفرانسەکە بریتی بوو لە پرسەکانی ئاشتی، ئاسایش، پرسی کەمینەکان، پرسە هەنووکەییەکانی جیهانیی عەرەبی کە تێیدا ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتیی و سەرکردە جیهانییەکان لە جیهانی عەرەبی وعێراق و کوردستان بەشدار بوون. ڕۆژی پێنجشەممە ٦ی خەرمانانی ١٤٠٤، شاندیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی بەڕێز مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێری حیزب لەسەر بانگهێشتی فەرمیی بەڕێوەبەرانی کۆنفڕانس بەشداری ئەم دانیشتنە بوون. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بەشداری لەو کۆنفڕانسە پەیامێکی بە سێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی ئامادە کردبوو کە خرایە بەر دەستی بەشداربووانی کۆنفرانسەکە. هەروەها لەم کۆنفرانسەدا کە بە بەشداریی نوێنەرانی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان پێکهاتبوو، شاندی حیزب چەند دیدار و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی سیاسیی کوردستان، وڵاتانی عەرەبی و بیانی ئەنجام دا.**

**بەڕێزان، بەشدارانی کۆنفڕانسی هاوپەیمانیی سۆسیال دێموکرات لە جیهانی عەرەبیدا!**

سەرەتا سپاسی بەڕێوەبەرانی کۆنفڕانس دەکەم بۆ ئەو دەرفەتەی ڕەخساندیان هەتا بە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باس لە ڕوانگە و خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات بۆ مژاری سەرەکیی کۆنفڕانس بکەم.

ئێمە لە ڕۆژانی ڕابردوودا یادی ٨٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانمان کردەوە. حیزبی دێموکرات وەک یەکەم ڕێکخستنی مۆدێڕنی سیاسی لە کوردستانی ئێران بۆ کۆمەڵێک ئامانجی سیاسی، نەتەوەیی، مەدەنی و مرۆڤدۆستانە دامەزرا و زۆر زووش توانی لە چوارچێوەی پڕۆژەی سیاسیی خۆیدا، دەسەڵاتێکی گەلی و دێموکراتیک لە بەشێک لە جوغرافیای کوردستانی ئێران پێکبێنێ.

سەردەمی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوکات بوو لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی جیهانیی دووهەم و سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێ لە ڕێکخستنی نێودەوڵەتی. لە سەردەمێکدا کە مۆتەکەی شەڕ و وێرانی وای کردبوو بەها بەرزە ئینسانییەکان زیاتر لە پێشوو بکەونە بەر سەرنجی بیروڕای گشتی و نێودەوڵەتی. ڕێبەرانی کورد و لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد بە تێگەیشتن لەو بارودۆخە نوێیە، حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لەسەر سێ بنەما دامەزراند کە بریتی بوون لە سڕینەوەی ستەمی نەتەوەیی، وەدیهێنانی دێموکراسی و دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. خەبات لەپێناو گەیشتن بەو ئامانجانە وەک سێ ئەولەوییەتی سەرەکیی جێی بایەخی حیزبی دێموکرات، بە شێوەیەکی هاوتەریب و لە هەمان کاتدا لە ڕێگای گوتار و خەباتی ئاشتییانەدا و بە پشتبەستن بە هەوڵدان بۆ دیالۆگی بەردەوام و دیپلۆماسی بەرەوپێش چووە. هەموو ئەوانە لە بنەڕەتدا بە ئامانجی حوکمڕانی و ئیدارەی کۆمەڵگە بووە، کە ئەزموونی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە لایەن ئەو حیزبەوە هەر لە یەکەم ساڵی دەسپێکی تێکۆشانیدا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ.

**بەشدارانی بەڕێزی کۆنفڕانسی هاوپەیمانیی سۆسیال دێموکراتەکان بۆ جیهانی عەرەب!**

گەلی کورد لە کوردستانی ئێران سەرەڕای پەیڕەو کردنی سیاسەتی مرۆڤدۆستانە و ئاشتیخوازانە، لەگەڵ دژایەتی، حاشالێکران و سەرکوتی بێڕەحمانەی حکوومەتە ناوەندگەراکان لە تاران بەرەوڕوو بۆتەوە، چ لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتیی پەهلەوی و چ لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ و بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامیدا. لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩ی ئاگوستی ١٩٧٩)دا خومەینی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، فەرمانی جیهاد و حەڵاڵکردنی خوێنی کوردانی دەرکرد، ئەویش لە کاتێکدا نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان خۆیان بۆ دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ئامادە دەکرد.

حیزبی دێموکرات لە هەموو ساڵانی تەمەنی خۆیدا لەسەر پرەنسیپە سیاسییەکانی خۆی پێداگر بووە و هەوڵی داوە ویست و داخوازەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بکاتە هەوێنی تێڕوانینە فکری و سیاسییەکانی. هەر بۆیە خەباتی نەتەوەیی و ناسنامەخوازانەی ئەو حیزبە پشتئەستوور بە ڕێسا و یاسا نێودەوڵەتییەکان بووە و هەرگیز پرسی دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلی کوردی بەرەو ئاقارێکی دەمارگرژانە نەبردوە؛ ئەوە لە کاتێکدایە زۆر لە گەلانی جیهان و لەوانیش ئەو حکوومەتانەی کوردستانیان لەنێواندا دابەش کراوە، گیرۆدەی شۆڤینیزمێکی دژەمرۆیی بوون و لەپێناو سەپاندنی هەژمۆنی خۆیاندا، سڵیان لە کوشتار و هیچ سەرکوتێکی بێبەزەییانەی گەلی کورد نەکردوە.

گرێدانی چارەسەری پرسی نەتەوەیی بە دێموکراسییەوە، ڕازی خۆ بەدوور گرتنی حیزبی دێموکرات لە ناسیۆنالیزمی دەمارگرژانە بووە و ئەوەش پرستیژێکی تایبەتی بە خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەمان بەخشیوە چ لە ئاستی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا و، چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە ڕزگاریی مرۆڤی کورد بەبێ وەدیهێنانی دادپەروەری و دابەشکردنی عادڵانەی سامان و دەسەڵاتی وڵات نایەتە دی. باوەڕی قووڵی حیزبی دێموکرات بە سڕینەوەی ستەمی چینایەتی لە پەنا ستەمی نەتەوەیی، لە ژیانی سیاسیی ئەو حیزبەدا پرنسیپێکی نەگۆڕ بووە.

**بەڕێزان!**

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاریەوە بۆ پاراستن و برەودان بە دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی خۆی، پەنای بۆ سەرکوت و بێدەنگکردنی جیابیران و حیزب و لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران بردوە. لە ماوەی نزیک بە نیو سەدە لە ژیانی ئەو ڕێژیمەدا، گەلانی ئێران لە مافە هەرە بنەڕەتییەکانیان بێبەش کراون و سەرجەم دەسەڵاتە سیاسی و ئیدارییەکان لە ناوەندا کۆ کراونەوە. پەراوێزخستنی گەلانی ستەملێکراو و یەک لەوان گەلی کورد، هەموو ڕەهەندە سیاسی، ئیداری، فەرهەنگی و ژینگەییەکانیشی گرتۆتەوە. هێرشی بەربڵاوی سەربازی بۆ سەر گەلی کورد هەر لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە -کە تا ئێستاش بە شێوازی جۆراوجۆر بەردەوامە- بە هەزاران قوربانیی سڤیلی لێ کەوتەوە، زیانی گەورەی لە شار و گوندەکانی کوردستان داوە و ژینگەی کوردستان لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا خەساری قەرەبوونەکراوی بەرکەوتوە.

لە ئاستی ئێرانیشدا قەیرانە ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان تەنگیان بە ژیانی خەڵک هەڵچنیوە و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی گەلانی وەزاڵەهاتووی ئێران لە ساڵانی ڕابردوودا ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ دارمانی سیاسی و ئیدئۆلۆژیی ئەو ڕێژیمە. ڕاپەڕینەکانی ساڵانی ٢٠١٧، ٢٠١٩ و بەتایبەت ڕاپەڕینی ژینا بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لە ٢٠٢٢ دەریانخست کە خەڵکی ئێران هیچ هیوایەکیان بە چارەسەری کێشە کەڵەکەبووەکانیان لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا نەماوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیشدا بۆتە سەرچاوەی هەڕەشە و ناسەقامگیری. سیاسەتی پەرەپێدان بە چەکی کۆمەڵکوژ و نایاسایی، پشتیوانی و پڕچەککردنی میلیشیا و گرووپە تێرۆریستییەکان، دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچە، تێرۆری جیابیران و پڕۆژەی ناوکی و مووشەکی بوونەتە بەشێک لە ماهییەتی کۆماری ئیسلامی. ئەم ڕێژیمە هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە بۆ مەرامە ئایدۆلۆژییەکانی خۆی پرسی گەلی فەلەستینی کردۆتە بیانوویەک بۆ دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی ناوچە. بەڵام سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر پرسی گەلی فەلەستین نەک هەر یارمەتیی چارەسەری ئەو پرسەی نەداوە، بەپێچەوانەوە هێندەی دیکەی ئاڵۆز کردوە و لە زۆر قۆناغیشدا لە باری بردوە. هێرشی ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل کە بە دنەدان و هاوکاریی کۆماری ئیسلامی کرا و هەر ئەوکات حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەیاننامەیەکدا ئەم هێرش و کوشتارەی مەحکووم کرد، لە درێژەی خۆیدا نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی تا ڕادەیەک گۆڕیوە و لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا زۆربەی ئەو گرووپە تێرۆریستییانەی لەژێر ناوی بەرەی موقاومەتدا لە لایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکران و بە ملیاردها دۆلار خەرجی پڕچەک کردنیان دەکرا، بەرەوڕووی دارمان و لاوازی چوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای ئیدانەکردنی کۆمەڵکوژییەکان لە غەززە، لە پێوەندی لەگەڵ چارەسەری پرسی فەلەستیندا پشتیوانی لە نەخشەڕێی دوو دەوڵەتی دەکا و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سەرەڕای بنەمای زۆر ڕوونی شەرعییەتی دامەزرانی دەوڵەتێکی فەلەستینی لە قانوون و سیاسەتی نێودەوڵەتییدا، بەڵام سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و شەڕ و بونبەستی وتووێژەکانی ئاشتی هەتا ئێستا لەمپەری گەورە لە بەردەم ئەم ئامانجە بوون. بۆیە چاوەڕوانین بە کورتبوونەوەی دەستی ئێران و کۆتایی هێنان بە شەڕ و وەگەڕکەوتنەوەی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئاشتیی سەقامگیر لەنێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا، هەم پرسی فەلەستین و هەم پرسی کورد وەک دوو پرسی گرینگ و ڕەوای دوو نەتەوەی گەورەی بێدەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چارەسەر ببن.

**بەڕێزان!**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی مافە بنەڕەتییەکانی گەلی کورددا چاوەڕوانی لە کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بە تایبەت حیزبە چەپ و سۆسیال دێموکراتەکان هەیە پشتیوانی لە خەباتی مافخوازانە و پێشکەوتنخوازانەی گەلی کورد لە ئێراندا بکەن و چاویان لەسەر پێشێلکارییە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی ئەو ڕێژیمە، کە لە هەمان کاتدا پێشێلکردنی ئاشکرای یاسا نێودەوڵەتییەکانن نەنووقێنن.

گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە هیچ دەرفەتێک بۆ هێنانەگۆڕی ئاشتییانەی پرسەکەی لەگەڵ حکوومەتە ناوەندییەکاندا درێغی نەکردوە. دانوستانەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، هەوڵەکانی دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ، کە لە سەر مێزی وتووێژ لە لایەن تیرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمەوە شەهید کرا و هەروەها هەڵوێست و سیاسەتی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی تری بزووتنەوەی کوردستان، شایەتیی بۆ ئەو ڕاستییە دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا گەلی کورد لە بەرامبەر هێرش و دەستدرێژیی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمدا، ئازایانە بەرگری لە خۆی کردوە و تەسلیمی زێدەخوازییە نارەواکانی حکوومەتە ناوەندییەکان نەبووە و نابێت. ئێمە پەنا بردن بۆ هێز بە ئامانجی وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکاندا بە مافی ڕەوای خۆمان دەزانین و لە هەمان کاتدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر پرسی کورد بە بەرپرسیار دەزانین

سپاسی دووبارە بۆ بەڕێوەبەران و بەشدارانی ئەو کۆنفڕانسە و بەو هیوایەی بڕیار و ڕاسپاردەکانی یارمەتیدەری چارەسەری قەیرانەکانی ئێستای ناوچەکە بن.

# ٢٥ی گەلاوێژ
# نوێنگەی دامەزرانی کوردایەتیی سەردەمیانە



زانیار حوسێنی




بیری کوردایەتی و ئەزموونەکانی بەر لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی، بوونە هەوێنی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف. ئامانج لەویش تێکۆشان و چالاکی نوێی کورد لەمەڕ لادانی تەنگ و چەڵەمەکانی سەر ڕێی وەدیهاتنی ئاواتە نەتەوەییەکان کە مەبەستی سەرەکی، سڕینەوەی ستەم و زۆرداری داگیرکەرانی ناوچەیی (ڕاستەوخۆ) و نێودەوڵەتیی (ناڕاستەوخۆ ) بوو لە هەمبەر نەتەوەی خاوەن مێژوو، دەسەڵات و پێناسەی تایبەت بەخۆی.

کۆمەڵەی ژێکاف بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموون و تێکۆشانی دەیان بزاڤ و سەرکردەی کورد، دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ڕاپەڕینە مەزنەکانی ئەو نەتەوەیە و ئەزموونی کار و چالاکی کادر و تێکۆشەرەکانی، دەستی بە خەبات کرد و هەنگاونانەوە لەمەڕ پرسی نەتەوەیی، بۆ زیاتر کاراکردنی فکر و ویستەکانی، زیاتر بەشداریکردنی خەڵکانی کورد، بەجەماوەریکردنی پرسی نەتەوەیی و ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی لە ستراکتۆری ڕێکخراوەییدا، (بە ئامادەبوون و پێوەستبوونی پێشەوا قازی محەممەد) بووە بەستێنی لەدایکبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی.

ئەگەر بەسەر مێژوو و بەسەرهاتەکانی ئەوکات و جەوی زاڵ بەسەر چارەنووسی گەلی کورد لەو سەردەمدا، باز بدەین و ئاوڕێکی زانستییانە و سەردەمیانە لەو ڕۆژە مەزنە بدەینەوە، دەبێ ٢٥ی گەلاوێژ نەک هەر وەک ڕۆژی دامەزرانی حیزبێکی تەمەن ٨٠ ساڵ، بەڵکوو وەک خاڵێکی گرینگی وەرچەرخانی مێژوویی سەیری بکەین کە لەو ڕۆژەوە مێژووی تێکۆشانی کورد بە بەر لە ئەو ڕۆژە و لەدوای ئەو ڕۆژە دابەش دەکرێن.

٢٥ی گەلاوێژ بەر لەوەی ڕۆژی دامەزران و لەدایکبوونی حیزبی دێموکرات بێ، ڕۆژی قۆناغی گواستنەوەی ئاڵوگۆڕێکی بەربەرین و بەرفراوانە لە جۆری تێڕوانین، تێکۆشان و تیئۆریزەکردنی بیری کوردایەتی؛ هەروەها داڕشتنەوەیەکی نوێیە لە دیپارتمانی هزری کوردانە بۆ هەموو کوردێک بە بێ لەبەرچاوگرتنی واقیعە داسەپاوەکانی ڕابردوو. چوونکی لەدوای ئەو ڕۆژەوە ڕووداو، قۆناغ و دەرفەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو نەتەوەیە دێنە پێش، و هەر کامیان خۆی دەبێتە سەکۆ و بەستێنێک بۆ ڕووداو و دەرفەتەکانی لەدوای خۆی. هەر بەوپێیە دوور لە ڕاستی نیە ئەگەر بڵێین کە ٢٥ی گەلاوێژ ئیلهامبەخشی هەموو بزاڤ، سەرهەڵدان و خەبات و تێکۆشانەکانی لەدوای خۆی بووە، هەر وەک بزاڤی خۆیبوون، هیوا و کۆمەڵەی ژێکاف، هەوێنی ئیلهام و بەشێک لە پاشخانی هزری و گەنجینەی ٢٥ی گەلاوێژ بوون؛ لەڕاستیدا ئەو ڕۆژە بۆتە تێکهەڵکێشێک لە هەموو بیروبۆچوونە جیاواز و جۆراوجۆری تێکۆشانەکانی گەلی کورد کە لەژێر ساباتی فکرێکی یەکگرتوو، ڕێکخراوێکی زیندوو و بەستێنێکی گشتگیر، بوو بە کاتالیزۆری بیری کوردایەتی لە هەر گۆشە و کەناری ئەو خاکە داگیرکراوە.

### حیزبی دێموکرات وەک بەستێنسازی دامەزرانی کۆماری کوردستان

پرسیار ئەوەیە ئایا بە بێ دامەزرانی حیزبی دێموکرات، دەرفەتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەڕەخسا؟ بەچاولێکردن لە زۆربەی دامەزراوە سەرکەوتووەکانی دەسەڵاتداری کە خۆی لە سیستەمێکی بەڕێوەبەریی گونجاودا دەبینێتەوە، بەر لە دامەزرانی دامودەزگای حکوومەتی، ڕاهاتن و ئەزموونی کاری ڕێکخراوەیی بەشێوەیەکی ئوسولی کە بەپرەنسیبێکی واقعبینانە لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگە، دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری زاڵ بەسەر خەڵک و کۆمەڵانی خەڵک بەشێکی پێویست و زەوورە بۆ شان وەبەر کاری قورس و ئەستەمتر دان وەک سیستەمی دەسەڵاتداری و دەوڵەتی. هەروەها ڕێکخراو و کاری ڕێکخراوەیی خۆی دەبێتە هۆی ڕێکخستنی سەرچاوەی مرۆیی، هزری و پراکتیکی چینەکانی کۆمەڵگە و هەڵقوڵانی ویست و خواستی قووڵایی ناخی بەکۆمەڵی خەڵکانی نەتەوە یان خەڵکانێک کە خاڵی هاوبەشی جۆراوجۆریان زیاتر لە ڕادەی پێویست هەیە.

بۆ دامەزرانی یان دامەزراندنی دەسەڵاتێک کە نوێنگە و نوێنەری ویست و سۆزی خەڵک بێ، ئەوە ڕێکخراوەیە کە دەتوانێ هەست و سۆز و هەروەها ویست و داخوازی خەڵک، تیئۆریزە و پراکتیزە بکا و بەستێنی خوولقانی بخاتە بەردەست یان هەوڵی بەردەستبوونی بدا. بەتایبەتی ئەگەر بەشێوەی لۆکاڵی چاو لەو سەردەمە و دۆخی خەڵکی کورد لەو کاتەدا بکەین، بەهۆی جەوی زاڵی ئەمنی، هەژاریی بەئانقەست و پەرتەوازەیی چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لەبواری فکری، ڕادەی تێگەیشتن و ئاستی ویست و داخوازییەکانیان، ڕێکخستنی خەڵک بۆ خولقان یان خولقاندنی بەستێنێکی لەبار لەمەڕ دامەزراندنی سیستەمی بەڕێوەبەری و دەسەڵاتداری، پێویستیی بێ ئەملاوئەملا بە داڕشتنەوە و بونیادنانی ڕێکخراوەیەکی خەڵکی و بەهێز بووە.

بۆیە دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە ٢٥ی گەلاوێژ هەتا دامەزراندنی کۆماری کوردستان تەنیا چەند ڕۆژ پتر لە پێنج مانگی خایاندووە، ئەوەش ئاشکراکردنی ئەو پەیامەیە کە گەلی کورد، خاوەن ئەزموون و ڕابردوویە لە تێکۆشان و خەباتدا و لەلایەکیشەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە خەڵک لەو سەردەمەدا لەو بارەوە ئامادەیی زێهنی تەواویان هەبووە و خاڵی گرینگتر لەو دووەش، ئەوەیە کە دامەزرانی ڕێکخراو و حیزبێکی وەها، لەلایەن خەڵکەوە خوازراو بووە؛ تەنیا نیازی پێویست، بوونی ئەندازیارێک بووە هەتا ئەو کەرەستانە کە هێندێک جار پەرتەوازەیی یان جۆری خۆجەییان پێوە دیار بووە بە شێوەیەکی سەردەمیانە و بەڕۆژ ڕێک و وێک بخا و دیپارتمانێکی نوێیان بۆ دابمەزرێنێ.

ڕاستە کەشوهەوای زاڵ بەسەر ئەوکاتی ئێران و ناوچەکە و جیهانیش جیاواز و لەکاتی شەڕدا بووە، وە دەرفەتی کار و تێکۆشان و چالاکی بە زۆر نەتەوە بەخشیوە. بەڵام هیچ نەتەوەیەک بەدی ناکرێ کە لە دۆخی سیاسی، ئەمنی، کۆمەڵایەتی و بەتایبەتی ئابووری گەلی کورددا بێ و بتوانێ لە ماوەیەکی کەم و بەشێوەیەکی گونجاو و سەردەمیانە دەست بکا بە دامەزراندنی ڕێکخراو و خۆڕێکخستن و دامەزراندنی دەوڵەت و حکومەت و بەڕێوەبردنیشی بەمجۆرە و لەو ئاستە باشەدا؛ ئەوە تەنیا لە کاتێکدا دەکرێ کە بەڕێوەبەران و ڕێبەرانی سەردەمەکە زۆر وشیار و لێزان بن و ئەوانەش هەمووی لەسەر ویست و خواستی زۆرینەی هەرە زۆری خەڵک بن.

### پێویستیی دامەزرانی کۆماری کوردستان وەک وێستگەیەکی کورتماوە

کۆمەڵەی ژێکاف بۆ وەڵامدەربوونەوەی ڕەوتی سیاسیی تێکۆشانی تێکۆشەرانی کورد جێی خۆی دا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ حیزبیش وەک پێشنیاز و بەستێنێک، هەلی وەدیهاتنی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردی ڕەخساند و کۆماری کوردستان بوو بە نوێنگەی ویست و خواستی خەڵک لە هەموو بەشەکانی کوردستانی دابەشکراو. بەشداری تێکۆشەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە. هەرچەند بەهۆی بارودۆخی ژیان و ئامرازی هاتوچۆ و دەیان هۆکاری تر، بەشداری لە ئاستێکی بەرفراواندا نەبووە بەڵام ئامادەبوونی کەسانی دیار و بەرچاو لە ڕەوتەدا، تەنیا بەو مانایەیە کە کۆماری کوردستان، کۆماری هەموو کوردان و ویستی هەر تاکێکی کوردی تێکۆشەر و خاوەن هەڵوێست بووە.

لەو پرۆسەیەدا ناوی دەسەڵات، ستراکتۆری دەسەڵات و هێماکانی دەسەڵات یەک لەدوای یەک خوولقێندران یان لە حاڵەتی سوونەتییەوە بۆ شێوازی بەڕۆژ و بەسیستەمکراو گۆڕدران، هەر وەک:

– دیاریکردنی سنووری حکوومەت بە دوو شێوەی واقعی و حقیقی
– دیاریکردنی ئاڵا وەک هێمای خاک، نەتەوە و وڵات
– دیاریکردنی هێزی چەکدار و ناودێرکردنیان بۆ جیاکردنەوەیان لە هێزە چەکدارەکانی نێوخۆی ئێران، ناوچە و جیهان
– دیاریکردنی سروودی نەتەوەیی
– دیاریکردنی ویست و خواستەکانی دەسەڵات لەمەڕ وەڵامدەربوونەوە بۆ نیاز و ویستی خەڵک، لە حکومەتدارییەوە بۆ بەڕێوەبەریی و بەخەڵکیکردن و چەسپاندنی دێموکراسی
– ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە شێواز و جۆری تێکۆشان لە ئاستی ڕادەیی و ڕێژەیی هەروەها چۆنیەتیی و چەندایەتی بۆ وەدیهاتنی ئامانج و ئاواتەکانی گەلی کورد
– بەرفراوانکردنەوەی بیری کوردایەتی بەشێوەی زێهنی و پراکتیکی.
– پێناسەی نوێ لە گەلی کورد بە خۆدیتنەوەی هەموو کوردێک لەو بازنەیەدا
– گۆڕینی وەرگرتنی ئیمتیاز یان دانوستان لە عەشیرەیی و ناوچەیی بۆ سەپاندنی ماف و ویستی گەلی کورد بەشێوەی سەرانسەری لەسەر بنەماکانی ستانداردی جیهانی و نێودەوڵەتی و دەیان خاڵی هاوچەشن و بەهێزی تر.

### ئیلهامدەریی ٢٥ی گەلاوێژ و میراتی کوردستان وەک بناغەی کوردایەتی

لەدوای هەشتا ساڵ خەبات و تێکۆشان لەمەڕ پرسی کورد و لێدرانی چەخماخەی چەسپاندنی ئیرادەی گەل لە ٢٥ی گەلاوێژ و لێکەوتە و دەرکەوتەکانی دوای ئەو کاتە مێژووییە، بەڕوونی دەبیندرێ کە ئەو ڕۆژە جیا لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەڕاستیدا بووە هۆی جۆرێک بەخۆداچوونەوە، داڕشتنەوە و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە جۆری ڕەهەندی خەبات و کوردایەتی.

دەسکەوتەکانی ٢٥ی گەلاوێژ کە لووتکەی هەڵوێستی گەلی کوردە لە دۆخی هەستیاری ناوچەیی و جیهانیدا، بووە وێستگە و بەستێنی دامەزراندنی پارتی دێموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان، درێژەدانی خەباتی کوردانی ڕۆژهەڵات لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی سیاسی حیزبی دێموکرات بە مانەوە لە باشووری کوردستان، پتەو و بەهێزتربوونی ڕۆحی هاوکاری لەنێوان کوردەکان بەتایبەت لە بەشە دابەشکراوەکانی تری کوردستان، زاڵبوونی هەژموونی نەتەوەیی بەسەر ویستی لۆکاڵی، عەشیرەیی و بنەماڵەیی، ئامادەیی زێهنی و واقعی بۆ خۆسازدان لەمەڕ دامەزراندنی حکومەت و دەسەڵاتی کوردی بە بوونی جوگرافیای تا ڕادەیەک ڕوون و دیاریکراو و هەروەها هێماکانی نەتەوەیی وەک گەلانی تر، چەسپاندنی بیری دەسەڵاتی سەربەخۆ بۆ وڵاتی سەربەخۆ و گواستنەوەی ویست و خواستەکانی گەلی کورد بۆ قۆناغێکی تر لە خەبات و تێکۆشان؛ دیاریکردنی ماف و ویستەکانی گەلی کورد وەک نەتەوە بەپێی ستانداردەکانی نێودەوڵەتی و دانپێدانراوی جیهانی، پەروردەبوون و دەرکەوتن و ڕاهێنانی تێکۆشەرانی بەوەج و کارامە و خۆنەویست لەمەڕ پرسی نەتەوەیی، و لە هەموویان گرینگتر کۆکەرەوەی گەلی کورد لەمەڕ یەک ویستی ڕوون و ئاشکرا کە وێستگەی کۆماری کوردستان خوولقێنەری ئەو یەکگرتوویی و یەکدەنگییە و پێویستیی ئەو دووە وەک ئامرازێکی دیار و بەرچاو بووە.

لە ٨٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ولە ٢٥ی گەلاوێژدا و لەدوای گەنجینەیەک لە دەسکەوت و تێپەڕاندنی قۆناغی قورس و هەوراز و نشێوی ڕێی خەبات، ئەوەی بەڕوونی دیار و ئاشکرایە و دەبێ دانی پێ دابنرێ، ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات و هەموو لایەنەکان و ڕێکخراوەکانی تر، دەبێ خۆیان بۆ قۆناغەکانی تر ئامادە بکەن و بەستێن بۆ وەدیهاتنی ڕێژەیی ویست و ئامانجەکانی نەتەوەیی گەلەکەمان بڕەخسێنن؛ هەتا ئەمانەتی ٢٥ی گەلاوێژ و ویستی ڕاستەقینەی گەلی کورد بێتە دی.

---

## هێزی نوخبە:
# توانایەکی کاریگەر بەربڵاو و شوێندانەر



شەهێن زادئەحمەد

بە گشتی، مرۆڤ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بە هەموو چین و توێژەکانیەوە، ڕۆڵێکی چالاکی هەیە لە بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە و پەرەپێدانی ئاوەدانی کۆمەڵگە و نیشتمان. ئەم چالاکییانە پەیوەندی بە تواناکان، وزە و هەستەکانیانەوە هەیە، کە لە بوارگەلی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەوە کاریگەرییان دەبێت بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان، ئاسوودەیی، بەختەوەری و سەروەری گشتی. هەروەها، لە سەردەمی ئێستادا بەشێکی بەرچاو لە مرۆڤەکان خوێندەوارن و کاتەکانیان بۆ خوێندنەوە، توێژینەوە، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی کێشە و ئاڵۆزییەکان تەرخان دەکەن. ئەوان بە وردی پرسیار دەکەن، ڕەخنە دەگرن و وڵام و ڕوونکردنەوەی قووڵ سەبارەت بە بابەتەکان پێشکەش دەکەن. ئەمە تایبەتمەندییەکی گرنگ و سەرەکییە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە نەبێتە قوربانیی تێڕوانینی تاکلایەنی یان تەنیا توێژێکی کۆمەڵگە، بەڵکوو دەبێتە شوێنێک بۆ یەکگرتوویی و گۆڕینەوەی بیروڕای جیاواز لەسەر کێشەکان.

مرۆڤی هەڵکەوتە جیا لەوەیکە دەبێ شارەزایی بەسەر زانستەکاندا هەبێ و وێڕای خوێندنەوە ڕاڤە بکا و ڕەخنە بگرێ دەکرێ هەڵگری ڕەوشتە جوانەکانی مرۆڤایەتیش بێت ئەوەیکە ئەفلاتوون پێی دەڵێ "فەزیڵەتی ئینسانی". لێرەدایە بوونی ئاسایش و تەناهی گونجاویش بۆ پێشکەوتنی زیاتر دەردەکەوێ. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، کۆمەڵگەی سیاسی بە هانای کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دێ و بەستێنی لەباری بۆ گەشە و چالاکی و کار کردن ئامادە دەکات، ئەوان لە ڕێگەی دامەزراوە و ناوەند و بەرنامەی ماددی و مەعنەوییەوە پشتیوانی لە کەسانی کارامە و دەستەبژێر دەکەن. دەسەڵات بۆ قازانجی خۆیشی بێ پێشوازی و پشتیوانی لە ڕووناکبیران و داخوازییەکانی نوخبەکانیان دەکات و بەرهەمی فیکری و زانستییان لە هەموو بوارەکانەوە لێ وەردەگرن و چیان پێویست بێ بۆیان دابین دەکەن.

### کێشەی نەبوونی ناوەند و سەرچاوە بۆ نوخبەکان

بەداخەوە، لە نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیدا، ئەم خزمەتگوزارییانە یان ئەو سیاسەتانەی بەرەو بە گەشەی زانستی و مرۆیی دەدەن، لەو وڵاتانەی کوردیان بەسەر دابەش کراوە یان بوونی نیە یان لەبەر هەڵاواردن بەشیان ناکات، بە شێوەیەکی گشتی لەم بەشەشدا نادادپەروەری هەستی پێ دەکرێ، تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا نەک هەر ڕێگایان بۆ ناکەنەوە بەڵکوو دەبنە لەمپەر و گرفتیان بۆ ساز دەکەن.

بوونی دامەزراوە یان ناوەند و ژووری فکری، توێژینەوە و ڕێنمایی لە بوارە جیاوازەکاندا، بەدڵنیاییەوە دەبێتە پشتوپەنا و وێستگەیەکی ڕاست و ئامادە بۆ نوخبەکان. ئەگە ئەو ناوەندە بوارێکی بۆ بڕەخسێنرێت، ڕۆڵ و بەرپرسیاریێتی نوخبەکان لە پاراستنی نیشتمان و کۆمەڵگەدا بەهێزتر دەبێت و بەشدارییەکی کاریگەرتر دەکەن. لێرەدایە هەست بەوە دەکرێت کە دەبێ هەرچۆنێک بێ پشتیوانی لە مرۆڤانی بەتوانا، خوێندکار و نوخبەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێت. لە هەمان کاتدا، داگیرکەر بە بەرنامە و بەکارهێنانی هێزی سیستەماتیک، هەوڵی کەمکردنەوەی کاریگەری نوخبە و ئێلیتی نیشتمانی دەدات. ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی بەتوانا و زانا بەهۆی فشار و توندوتیژی یاسایی و سیاسییەوە لە وڵات و ناوچەکانیان دوورخراونەتەوە یان زیندانی کراون.

### چالاکییەکانی نوخبە لە دیاسپۆرا

بەشێک لە نوخبەکان لە دیاسپۆرا (تاراوگە) بە شێوەیەکی جیاواز کار دەکەن و هەوڵ دەدەن بۆ پاراستنی ماف و کەرامەتی مرۆڤ، بە گشتی و بەتایبەتی لە دژی تواندنەوە و پێشێلکردنی مافەکانی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکاندا یان بە شێوەی تاکەکەسی، تێکۆشان و چالاکی دەکەن. لە هەلومەرجی ئاڵۆزی ئێستادا، پێویستە ناوەندە سیاسی و حیزبییەکان – بەتایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – ئەرکی ڕێنمایی و سەرپەرشتیکردنی نوخبە و ئێلیتە بەرز و بڵاوەکانی کورد لە تاراوگە بگرنە ئەستۆ. ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی نوخبە و کادری سیاسی بە شێوەیەکی ڕێکخراو و پەیوەندیدار بەیەکەوە گرێ بدرێن و بیروڕا و ئەزموونەکانی توێژینەوەی حزبی و ناحزبی بە باشی هەڵبژێرن و بەکاریان بهێنن.

ئەم هەماهەنگییە دەتوانێت هەر جۆرە کەلێن و کێشەیەک لە نێوان چین و توێژە جیاوازەکان کەم بکاتەوە و ڕۆحی هاوکاری و پشتیوانی لە یەکتر بەهێزتر بکات، بۆ ئەوەی مرۆڤی زانا و بەتوانا کاریگەرییەکی باشتر و گشتگیرتری لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا هەبێت.

# د. هۆشمەند عەلی: نووسینەوەی مێژووی کورد و کوردستان پێویستیی بە چاوی کوردی هەیە، نەک بە چاوی بیانی

**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

**دەڵێن بۆ ئەوەی میللەتێک بهێنیتە ژێر ڕکێفی خۆت و بتوانی بەسەریدا حوکم بکەی، دەبێ لەپێشدا مێژووەکەی بسڕیتەوە و دواتر مێژوویەکی نوێ و پڕ لە چەواشەکاریی بۆ بنووسی؛ ئەو کارەی بەدرێژایی مێژوو دوژمنانی کورد لەبەرانبەر کورددا کردوویانە و ئاکامەکەی پەرتەوازبوونی نێوماڵی کورد و نەمانی باوەڕبەخۆبوون لەنێو هەر تاکێکی کورددا بووە. ئەم کارە لە چاندنی نەمامی بێهیوایی و سەرلێشواویی میللەتی کورددا گەورەترین ڕۆڵی گێڕاوە و هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت شوێنەوار و لێکەوتەکانی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا دەبیندرێ. "کوردستان" بۆ تاوتوێی ئەم بابەتە کۆمەڵێک پرس و پرسیاری لەگەڵ د.هۆشمەند عەلی، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی مێژوو وروووژاندوە.**



**دوکتور هۆشمەند با بەم پرسیارە دەست پێ بکەین کە چۆن سەرلەنوێ مێژووی کورد و کوردستان بخوێنینەوە و بە دیدێکی خۆماڵی شیکاری ڕووداوەکانی پێ بکەین؟**

بۆ خوێندنەوە و شیکاری مێژووی کورد و کوردستان بە دیدێکی خۆماڵی و ڕەسەن، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەین: لێکۆڵینەوە لە سەرچاوە ڕەسەنەکان: وەک سەرچاوە کوردییەکان و خوێندنەوەی نووسراوە کوردییەکانی وەک شاعیرانی کلاسیک (مەولەوی، فەقێی تەیران، خانی، ئەحمەدی خانی) و مێژوونووسانی کورد وەک (شەرەفخانی بەدلیسی) بە نموونە. هەروەها سەرچاوە بیانییەکان، بە سەرنجدان لەسەر سەرچاوە عەرەبی، فارسی، تورکی و ئەورووپییەکان کە باسی کورد و کوردستانیان کردوە. جگە لەمانەش شیکاری چەمکی "نەتەوە" و "ناسیۆنالیزمی کوردی و لێکۆڵینەوە لە چەمکی کوردایەتی لە مێژوودا گرنگە کە ئایا کورد خۆمان وەک نەتەوەیەکی یەکگرتوو زانیوە؟ لە وڵامی ئەو پرسیارەوە بگەین بەوەی کە ڕۆڵی نەتەوەیی لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد وەک: شۆڕشی سمکۆی شکاک، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە کوێی یەکگرتوویماندا بووە؟ بۆ شیکاری مێژووی خۆماڵیمان بێگومان نابێت ڕۆڵی جوگرافیا و ئابووری کوردستان نادیدە بگرین، بۆ ئەوەش گرنگە کە:

– لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی جوگرافیای شاخاویی کوردستان لەسەر دروستبوونی کۆمەڵگە و سیاسەتی کوردی.

– شیکاری سیستەمی ئابووری کوردستان (وەک ڕێڕەوی کۆچەری، کشتوکاڵی شاخاویی، بازرگانی.

هەروەها هەر لە وڵامی ئەو پرسیارەدا گرنگە کە شیکاری و لێکۆڵینەوەی ورد بکرێت لەسەر پەیوەندی هەرێمایەتیی کوردستان وەک لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی کورد و دەوڵەتە دراوسێکان لە ڕابردوودا سەبارەت بە (عوسمانی، سەفەوی، عەرەب، فارس) بەبێ سەرنجدان بە پێوەری نەتەوەیی مۆدێرن. لەمەشەوە دەگەین بە تێڕوانین بۆ ڕێکخراوەی سیاسی- کۆمەڵایەتیی کوردی لە مەزهەب، تەکیە و خانەقا، هۆزگەرایی و ناوچەگەریتی و... هتد.

لێکۆڵینەوە لە زمان و کولتوور وەک ناسنامە بۆ خوێندنەوەی زمانی کوردی و گۆڕانکارییەکانی لە مێژوودا. بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەری ئایین (ئیسلام، زەردەشتی، مەسیحی و جوو) بە نموونە لەسەر کولتووری کوردی. بە بەکارهێنانی میتۆدێکی زانستی بۆ

– ڕەخنەگرتنی سەرچاوەکان و پێداچوونەوەی سەرچاوەکان بەبێ پەسەندکردنی بێ ڕەخنە.

– بەراوەردکردنی سەرچاوە جیاوازەکانی تورکی، عەرەبی، فارسی، کوردی، ئەورووپی.

– بەکارهێنانی میتۆدی نووسینی مێژوو لە دیدی خەڵکی ئاسایی (نەک تەنیا سەرکردەکان).

هەروەها خۆ پەیوەستکردن بە کۆمەڵێک پرسیاری وەک: لێکۆڵینەوە لە کاریگەری کۆلۆنیالیزم و دەوڵەت-نەتەوە لەسەر دروستبوونی کوردستانی مۆدێرن؟ شیکاری ڕۆڵی کورد لە جەنگی سارد و دوای جەنگی سارد؟ بە کورتی، پێویستە مێژووی کوردستان بە فرەیی و هەمەلایەنە ڕەچاوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری کوردی بخوێنینەوە، نەک تەنیا لە ڕێگەی ڕووداوە سەربازییەکان بۆ نموونە.

**سەرچاوەکانی نووسینەوەی مێژووی دوور و نێزیکی ئێمە چین و تا چەندە جێگەی متمانەن؟**

سەرچاوەکانی مێژووی کورد و کوردستان جیاوازن لەڕووی جێگەی متمانەوە، هەندێکیان زۆر باوەڕپێکراون، هەندێکیش پێویستی بە ڕەخنەگرتن و شیکردنەوەیان هەیە. پێویستە سەرچاوەکان بەپێی سەردەم و شوێن جیاکردنەوە بکرێن و لەگەڵ یەکتر بەراوەرد بکرێن.

سەرچاوە کوردییەکان (نووسراوە و زارەکی): "شەرەفنامە"ی شەرەفخانی بەدلیسی (سەدەی١٦) یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوە کوردییەکان، بەڵام لایەنگری خانەکانی بەدلیسیش هەیە. "مەم و زینی" ئەحمەدی خانی (سەدەی١٧) ڕەوانگەی کوردیی هەیە، بەڵام زیاتر ئەدەبی-ڕۆمانسییە وەک مێژووی ڕاستەوخۆ. دەستنووسە کوردییەکانیش زۆر گرنگن، بەڵام پێویستە بە وردی لێکۆڵینەوەیان لێب کرێت.

**پەیوەندیدار بە پرسیاری پێشوو، کێشەکانی متمانەیی بە سەرچاوەکانی نووسینەوەی مێژووی کورد چین؟**

سەبارەت بە وڵامی ئەو پرسیارە و متمانەیی سەرچاوەکانی نووسینەوەی مێژووی کورد، کێشەکان زۆرن وەک: – زۆرینەی مێژووی کورد زارەکی بووە، دەماودەم و پشتا و پشت لە شێوەی چیرۆک و بە لاوک و حەیران و هۆنینەوەی شاعیرانە و گۆڕانکاری و زیادکراوەی تێدا کراوە.

– نەهێشتنی سەرچاوە فەرمییەکان لەلایەن دەوڵەتەکانی (تورکیە، عێراق، ئێران، سووریە) و بەشێکی مێژوومان ون بووە.

سەبارەت بە سەرچاوە بیانییەکان (عەرەبی، فارسی، تورکی، ئەورووپی) و ڕادەی متمانەیمان بۆیان دەبینین کە سەرچاوە عەرەبییەکان (ئیبن ئەثیر، ئیبن خەلدون، مەسعوودی) بە نموونە، زۆر گرنگن بۆ سەردەمی ناوەڕاست، بەڵام لایەنگری عەرەبیان هەیە. سەرچاوە فارسییەکان (وەک ڕەشیدەدین فضلالله، حەمدوڵڵا مستەوفی) بە نموونە زانیاری دەربارەی کورد دەدەن، بەڵام لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئێرانیدایە. سەرچاوە تورکییەکان(عوسمانی) و بەڵگەنامە فەرمییەکان (دەفتەری مەحکوومە) گرنگن، بەڵام لایەنگری عوسمانییان هەیە. سەرچاوە ئەورووپییەکان (گەشتنامەکان، ڕاپۆرتەکانی کۆلۆنیالیستەکان) زانیاری ورد دەدەن، بەڵام لە دیدی ڕۆژئاواییەوە نووسراون. ئەمانەش ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەی گەورەی کردوینەوە، بۆ نموونە: بیانییەکان زۆرجار کورد وەک "یاخی" پیشان دەدەن. یان زۆرێک لە سەرچاوە تورکی و فارسییەکان بەشێوەیەکی سیاسی دەستکاری کراوە.

جگە لەمانەش سەرچاوە مۆدێرنەکانی (سەدەکانی ٢٠ و ٢١) وەک: ئەرشیڤی بەریتانی و فەڕەنسییەکان (دەربارەی کورد لە جەنگی یەکەم و دووهەمی جیهانیی) بە نموونە زۆر جێگەی متمانەن، چونکە فەرمین و دەستکاریکراو نین. هەروەها ڕاپۆرتەکانی حیزبە کوردییەکان وەک: (PDK, PUK, PKK) بە نموونە ڕوانگەی خۆماڵیان هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا لایەنگری سیاسییان هەیە. ڕۆژنامە و میدیای کوردی (وەک "کوردستان"ی ١٨٩٨، "هاوار"ی ١٩٧٠ەکان) بەڵگەی ڕاستەوخۆن، بەڵام پێویستە بە ڕەخنەوە بخوێنرێنەوە.

هەروەها سەرچاوە زارەکی و یادەوەرییەکان، چیرۆک و یادەوەری کەسایەتییەکان گرنگن، بەڵام ڕەوانگەی کەسییان هەیە. گۆرانی و فۆلکلۆری کوردی نیشاندانی ڕووداوە مێژووییەکانن، بەڵام ناتوانرێت متمانەی تەواویان پێ بکرێت. بەکورتی سەرچاوەی تەواو و بێلایەن نییە، بۆیە باشترین ڕێگە کۆکردنەوەی هەموو سەرچاوەکانە و شیکردنەوەیانە بە دیدێکی ڕەخنەگرانە لە چوارچێوەیەکی ئەکادیمیانە و زانستی بەپێی میتۆدە هاوچەرخەکانی نووسینەوەی مێژوو.

**هۆکارەکانی دواکەوتنی کورد لە نووسینەوەی مێژوو چین؟**

هۆکارەکانی دواکەوتنی کورد لە نووسینەوەی مێژوودا چەندین ڕەهەندی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری لەخۆ دەگرێت. لەم ڕاستییەدا، هۆکارە سەرەکییەکان بەم شێوەیە دەخەملێنرێن:

١. نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ و سیستەمی فەرمیی تۆمارکردن:

– کوردستان بەدرێژایی مێژوو لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە جیاوازەکاندا بووە (وەک عوسمانی، سەفەوی، عەرەب) کە سیاسەتی "فرامۆشکردنی کورد"یان هەبووە و سەرچاوە فەرمییەکانیان بە زمانی خۆیان نووسیوەتەوە.

– نەبوونی دەوڵەتی کوردی وەک نەتەوەیەکی یەکگرتوو بووەتە هۆی نەبوونی سیستەمی تۆمارکردنی مێژوویی کوردی.

٢. کەمیی سەرچاوەی نووسراوە کوردییەکان:

– زۆربەی مێژووی کورد بە شێوەی زارەکی گەیەندراوە، کە ئاسانە لەگەڵ کاتدا بگۆڕێت یان ون ببێت.

– سەرچاوە نووسراوە کوردییەکان (وەک شەرەفنامە) زۆر کەمن و زۆرجار لەلایەن بیانییەکانەوە نووسراون، کە لایەنگریان تێدا هەیە.

٣. ڕەوتە سیاسیی و کولتوورییەکان:

– دەوڵەتە داگیرکەرەکان وەک (سووریە، تورکیە، عێراق و ئێران) سیاسەتی قەدەغەکردنی زمانی کوردی و نەهێشتنی بەڵگەنامە کوردییەکانیان جێبەجێ کردوە.

– مێژوونووسانی کورد زۆرجار ناچاربوون مێژوو لە دیدی دەسەڵاتدارانەوە بنووسن، نەک لە دیدی خەڵکی ئاسایی.

٤. پەرتەوازەیی کورد و کاریگەری جوگرافیا:

– جوگرافیای شاخاویی کوردستان بووەتە هۆی گۆشەگیری ناوچەکانی کورد لە یەکتر، کە ئەمەش بووەتە هۆی نەتەوەیەکی پەرتەوازە کە ئاسان نییە مێژووی یەکگرتووی بۆ بنووسرێت. ئەمەش وایکردوە زۆرجا لە دەرەوەی مێژوودا بین.

– نەبوونی ناوەندێکی مێژوویی کوردستانی (وەک ناوەندێکی مێژوونووسی کوردی) بووەتە هۆی نەبوونی سیستەمی مێژوونووسی فەرمی.

٥. نەبوونی تێگەیشتنێکی فەلسەفی لە مێژوودا: زۆربەی مێژوونووسانی کورد تەنیا ڕووداوەکانیان نووسیوەتەوە بەبێ شیکردنەوەی فەلسەفی یان پەیوەندیان بە پرسی نەتەوەییەوە.

٦. کاریگەریی کولتوور و ئایین:

– کولتووری زارەکی و فۆلکلۆری کوردی زۆر بەهێزە، بەڵام ئەمە نەیتوانیوە بگۆڕدرێت بە سیستەمێکی نووسینی مێژوویی.

– ئایینەکان (وەک ئیسلام) کاریگەرییان هەبووە لەسەر نەهێشتنی مێژووی کوردی، چونکە زۆربەی سەرچاوەکانی مێژوویی لەلایەن مێژوونووسانی عەرەب و فارسییەوە نووسراون.

بە کورتی هۆکارەکانی دواکەوتنی کورد لە نووسینەوەی مێژوو تێکەڵەیەکن لە سیاسەت، جوگرافیا، کولتوور و کەمی سەرچاوە.

**ئەگەر باسێک لە چارەسەری ئەم کێشەیە بکەن، پێتان وایە پێویستە چی بکەین؟**

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، پێویستە:

– کۆکردنەوەی سەرچاوە و زانیارییە زارەکییەکان (چیرۆک، گۆرانی، یادەوەری).

– دروستکردنی سیستەمێکی مێژوونووسی خۆماڵی کە لە دیدی کوردەوە بنووسرێت.

– بەکارهێنانی سەرچاوە بیانییەکان بە ڕەخنەیی.

ئەگەر ئەم خاڵانە جێبەجێ بکرێن، دەکرێت مێژووی کورد بە شێوەیەکی یەکگرتووتر و ڕەسەنتر بنووسرێتەوە.

**زیانەکانی پشتبەستن بە سەرچاوە بیانییەکان بۆ نووسینەوەی مێژووی خۆمان لەچیدا دەبینن؟**

پشتبەستن بە سەرچاوە بیانییەکان بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد بێگومان بێ زیان نەبووە، کە دەکرێت لێرەدا چەند خاڵێکی سەرەکیی ئاماژە پێ بکەم وەک:

١. لایەنگری سیاسی و نەتەوەیی:

– دیدێکی خراپ پێگەیشتوو: زۆربەی سەرچاوە بیانییەکان (عوسمانی، فارسی، عەرەبی، ئەورووپی) کورد وەک "یاخی"، "کەمینە" یان "ڕەگەزی نارێک" پیشان دەدەن.

– پشتگیری لە دەسەڵاتداران: نووسەرە بیانییەکان زۆرجار لایەنگری دەوڵەتە داگیرکەرەکانیان هەیە (وەک عوسمانییەکان لە بەرانبەر شۆڕشە کوردییەکان).

٢. نەهێشتنی ڕۆڵی کورد لە ڕووداوە مێژووییەکان:

کورد نەناسراوە: مێژوونووسانی بیانی زۆر جار ڕۆڵی کورد لە ڕووداوە گرنگەکاندا (وەک شەڕەکانی عوسمانی-سەفەوی) بە کەم دەخەنە ڕوو یان بەتەواوی ناهێڵن.

– نەناسینەوەی دەوڵەتە کوردییەکان: وەک میرنشینی "سۆران" و "بابان" لە مێژووی فارسی و تورکیدا بە "یاخی" ناویان هێناوە.

٣. وێنەی نادروست لە کولتوور و کۆمەڵگەی کوردییدا

– ڕەگەزپەرەستی: سەرچاوە ئەورووپییە کۆنەکان (وەک گەشتنامەکانی سەدەی ١٩) کورد بە "ڕەگەزێکی چەتە" یان "نەشارەزا" وێنا کردوە.

– نەتەوەسازی نادروست: زۆر لە سەرچاوە بیانییەکان جیاکەرەوەی نێوان کورد و عەرەب/ تورک/فارس نییە و هەموویان وەک یەک نەتەوە دەبینن.

٤. نەبوونی سەرچاوەی ڕاستەوخۆ (دەستی یەکەم)

– گوێگرتن لە بیانییەکان: زۆربەی سەرچاوە بیانییەکان لە چەندین دەست (سەرچاوەی دووهەم یان سێهەم)ەوە گەیاندوون، کە زۆر سەرلێشێواویی تێدایە.

– کەمبوونی بەڵگەی ڕاستەقینە: بەڵگەنامە فەرمییەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان (وەک عوسمانی) زۆرجار تەنیا لە دیدی خۆیان نووسراون.

٥. پشتگوێخستنی زمان و ناسنامەی کوردی

– زمانی کوردی وەک "ژێرزمان": سەرچاوە بیانییەکان زۆر جار زمانی کوردی وەک زمانێکی نایاسایی یان زمانی "گوندی" پیشان دەدەن. یان ناوی شوێنە کوردییەکان دەگۆڕن

٦. کاریگەری کولتووری داگیرکەر

– سەرچاوە بیانییەکان زۆرجار مێژووی کوردستان بەشێک لە مێژووی تورکیە/ ئێران/عێراق دەبینن، نەک وەک مێژوویەکی سەربەخۆ.

– فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی کوردی لەلایەن سەرچاوە بیانییەکانەوە بە کەمەوە دەبینرێت.

**دوکتورا! ئەدی بە چە میتۆدێک دەتوانین ئەم زیانانە کەم بکەینەوە؟**

بۆ کەمکردنەوەی ئەم زیانگەلە دەتوانین ئاماژە بەو خاڵانەی خوارەوە بکەین:

یەکەم، بەکارهێنانی سەرچاوە بیانییەکان بە ڕەخنەیی. دووهەم، پشت بە سەرچاوەی زارەکیی و فۆلکلۆری کوردی ببەستین (چیرۆک، گۆرانی، یادەوەری). سێهەم، دروستکردنی سەرچاوەی کوردی خۆماڵی. چوارەم، نووسینی مێژوو لە دیدی خەڵکی ئاسایی، نەک تەنیا سەرکردەکان.

لە کۆتایی وڵامی ئەو پرسیارەدا دەتوانم بڵێم کە سەرچاوە بیانییەکان گرنگن، بەڵام پێویستە بە چاوی ڕەخنەوە بەکاربهێنرێن، چونکە نووسینەوەی مێژووی کورد و کوردستان پێویستی بە چاوی کوردی هەیە، نەک بە چاوی بیانی.

**پێشکەشکردنی تێز و دیدی تایبەت و دامەزراندنی ناوەند و سەنتەری لێکۆڵینەوەی خۆماڵی هەڵقوڵاو لە کولتووری کوردی بۆ بواری مێژووناسی چەندە گرینگە؟**

پێشکەشکردنی تێز و دیدی تایبەت و دامەزراندنی ناوەندی لێکۆڵینەوەی خۆماڵی لە مێژووناسیی کوردییدا بێگومان گرنگی و کاریگەری خۆی هەیە، چونکە پێویستی دیدێکی خۆماڵی و دامەزراندنی ناوەندە زانستییەکان بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد یەکێکە لە گرنگترین پێداویستییەکانی بواری مێژووناسی کوردی. بە ڕەچاوکردنی چەندین لایەنی گرنگی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووریی، کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ناسینەوە و نووسینی مێژووی ڕەسەنی کورد هەیە. بۆیە کورد پێویستی بە دیدێکی خۆماڵی لە مێژوونووسیدا هەیە. تاوەکوو دوور بکەوینەوە لە لایەنگری بیانی، چونکە مێژوونووسانی بیانی زۆرجار کورد وەک "یاخی" یان "کەمینەی نەخوازراو" پیشان دەدەن. پێویستە مێژوو لە دیدێکی ناوخۆییەوە بنووسرێتەوە بۆ نەهێشتنی ئەم لایەنگرییە. لەوەش گرنگتر ناسینەوەی ناسنامەی کوردی، چونکە تێزی کوردی دەتوانێت کولتوور و مێژووی کورد وەک بەشێکی سەربەخۆ لە ناو مێژووی جیهاندا بناسێنێت، نەک وەک بەشێک لە مێژووی تورکیە، عێراق یان ئێران.

بۆیە دەتوانم بڵێم دامەزراندنی ناوەندی لێکۆڵینەوەی خۆماڵی کاریگەری ئەرێنی لەسەر کۆکردنەوەی سەرچاوە کوردییەکان و کۆکردنەوەی بەڵگەنامە زارەکی و نووسراوەکان هەیە بۆ دروستکردنی ئەرشیڤێکی فەرمی بۆ پاراستنی مێژووی کورد. بێگومان ئەمەش بە پەرەپێدانی میتۆدێکی زانستی و بە بەکارهێنانی شیکردنەوەی ڕەخنەگرانە بۆ سەرچاوە بیانییەکان، پەیوەستکردنی مێژووی کورد بە تیۆری کۆمەڵایەتی و فەلسەفی. بەهەماهەنگی و پەیوەندی لەگەڵ زانکۆ و ناوەندەکانی توێژینەوە نێودەوڵەتییەکان و هاوکاری لەگەڵ زانکۆکانی کوردستان و جیهان بۆ پێشبردنی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان. ئەمەش دەبێتە پاراستن و بەدەستهێنانی ئەرشیڤی کوردی بە ڕاهێنان و هاوبەشیکردنی خوێندکار و تێزنووسی پەروەردەی نەتەوەیی لە ڕووی زانستی.

# بریتانیا نەیویست ئێران بڕووخێ

## (ساڵێک دوای دەستپێکی شەڕی ئێران و عێراق، بریتانیا خۆی لە پشتگیریکردن لە پلانەکانی ڕووخاندنی دەسەڵاتی خومەینی بوارد)



میدڵ ئیست مۆنیتۆر– عامر سوڵتان
لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

بەگوێرەی هێندێک بەڵگەنامەی دەوڵەتی بریتانیا کە چیدیکە وەک نهێنی پۆلێن ناکرێن، لە ١٩٨١، چەند داواکاری لە لایەن تاقم و تاکەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە لایەن بریتانیاوە ڕەت کرانەوە کە داوای پشتگیرییان لە هەوڵی سەربازیی و سیاسی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی کردبوو.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە فێبریوەری ١٩٧٩، شەپۆلێک لە سیاسەتمەدار، ئەفسەرانی سەربازی، خاوەنکاران، خوێندکاران و بازرگانانی ئێرانی ڕایانکردە ئورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکان. لە دەرەوە ڕا ئەوان هەوڵی ورووژاندنی ڕۆژئاواییەکان، بە تایبەت بریتانیا و ئەمریکایان دا تا پشتیوانیی لە شۆڕشێکی پێچەوانە لە ئێران بکەن. پێداچوونەوەیەکی سیاسی کە لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، دوابەدوای ڕووخانی پاشایەتی بەڕێوە چووبوو، پێشنیاری بەردەوامیی پەیوەندیی لەگەڵ تاقمەکانی نێوخۆ و هەروەها ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەی کردبوو. لە ئاکامدا، وەزارەتی کاروباری دەرەوە درێژەی بە ئاواڵا ڕاگرتنی کاناڵە پەیوەندییە نافەرمییەکان، بەڵام بە فەرمی و بە ئاشکرا بێلایەن مایەوە.

بەڵگەنامەکانی ئارشیوی نەتەوەیی بریتانیا ئاشکرای دەکەن ساڵێک دوای دەستپێکی جەنگی ئێران–عێراق، وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە لایەن ژمارەیەک ئێرانیی تاراوگەنشین کە لایەنگری پاشایەتیی پەهلەوی بوون پەیوەندیی پێوە گیراوە. ئەوان داوای پشتگیریی لە پلانەکانیان بۆ هەڵایساندنی شۆڕشێک دژی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی ئایەتوڵڵا خومەینییان کردوە لە کاتێکدا کە بریتانیا بە فەرمی دانی بە دەسەڵاتی نوێدا نابوو. لە سەرەتای جانیوەری ١٩٨١، جان گراهام، جێگری وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا، چاوی بە محەممەد درەخشیش، وەزیرێکی پێشووی سەردەمی پاشایەتی و کەسایەتییەکی سەرسەختی دژی مەلاکان کەوت. درەخشیش داوای پشتیوانیی بریتانیای بۆ ئەو شتەی کرد کە ناوبراو بە "سەرهەڵدان" لە لایەن مامۆستایانی ئێران دژی داخرانی قوتابخانە و زانکۆکان و، کۆنترۆڵی پەرەئەستێنی مەلاکان بەسەر سیستەمی پەروەردە ناوی برد. ئەو ئیدیعای کرد سەرۆکی کۆمەڵەی مامۆستایانە کە بە گوتەی ناوبراو ٦٠٠ هەزار ئەندامی هەیە. ئەو هەروەها گراهامی ئاگادار کردەوە کە خەریکی ورووژاندنی پشتیوانیی بۆ جووڵانەوەی مامۆستایان لە ئەمریکایە. کاتێک لە باری بۆچوونی سیاسی پرسیاری لێ کرا، درەخشیش گوتی ئەو لە سەرەتادا دژی شا بووە و پێشوازیی لە شۆڕش کردووە، بەڵام ئەوەشی زیاد کرد "ئەوەی سەری هەڵدا ئەو شۆڕشە نەبوو کە ناوبراو خوازیاری بوو."

بەگوێرەی یادداشتەکانی چاوپێکەوتنەکە، گراهام گوتی "ئەو بە وردی سەیری پێشنیارەکە دەکات" و پێشنیاری چاوپێکەوتنێکی دیکە دوای گەڕانەوەی درەخشیش لە سەفەری ئەمریکای کرد "تا زۆرتر باسی پرسەکە بکەن." دواتر گراهام داوای لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد تا لێکۆڵینەوە بکەن ئاخۆ درەخشیش بە ڕاستی سەرۆکی ڕێکخراوێکی بەربەرینە. لە کاتێکدا کە گراهام لە "کەسایەتیی درخشیش بۆ ڕێبەریکردنی جووڵانەوەیەکی ئۆپۆزیسیۆن" بە گومان بوو، بەو ئاکامە گەیشت کە ڕابردووی ناوبراو "بۆ پاشگوێ خستن نابێت." لە کۆتاییەکانی مانگی جانیوەری، ئەردەشیر زاهیدی، وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی ئێران، بە هەڤاڵەکەیدا جولیان ئامری، ئەندامێکی کۆنسێرڤاتیوی ئەنجومەنی نوێنەران کە خوازیاری دەستێوەردان و سیاسەتوانێکی زایۆنیستی ناسراو بوو، پەیامێکی بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا نارد. زاهیدی ئیدیعای کرد ڕێژیمی خومەینی "لە دۆخی لەناوچوون نزیکە." ئەو هۆشداریی دا، ڕێژیمی داهاتوو یان لایەنگری خۆراوا دەبێت یان هی سۆڤیەت و، دەلیلی هێنایەوە کە هەر پلانێکی ئۆپۆزیسیۆن کە بە ئاشکرا لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان و بریتانیاوە پشتگیریی بکرێت، "سەرۆکایەتی پشتگیریی (ئێرانییەکانی) تاراوگە دەکات." لە وڵامی ئامریدا، وەزیری کاروباری دەرەوە لۆرد پیتر کارینگتۆن بوچوونی زاهیدی بە "سەرنجڕاکێش" وەسف کرد و سپاسی ئامریی کرد کە ڕوانگەکانی پەیوەندییە ئێرانییەکانی لەگەڵ باس دەکات.

لە مانگی فێبریوەری، ئـ ح. ساحەب–دیوانی، بازرگانێکی ئێرانی کە لە بریتانیا دەژیا، داوای پشتگیریی بریتانیای لە تاقمێک بە ناوی 'ارتش رهایی بخش ایران' واتە ئەرتەشی ڕزگاریدەری ئێران–ی کرد. ئەو لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کاربەدەستانی وەزارەتی کاروباری دەروە بە ناوی ف. م. ڤۆگان وج. لامپۆرت، گوتی ئەو ڕێکخراوەیە لە چەند پێتەختی ئورووپایی چالاکە. بە گوتەی ناوبراو، لیژنەی بەڕێوەبەریی ڕێکخراوەکە ٢٥ ئەندامی هەن، ١٥ کەسیان هێشتا لە نێوخۆی ئێران خەریکی خزمەت کردنن. پاشماوەی دە ئەندامەکە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە سیاسی و بازرگانییەکانیان دەکرد. ساحەب–دیوانی خۆی لە ئاشکرا کردنی ناوەکان بوارد.

لە ڕاپۆرتی ڤۆگان لەبارەی کۆبوونەوەکەدا نووسراوە کە ساحەب–دیوانی پێی گوتووە ئامانجی ئەرتەشی ڕزگاریدەری ئێران "ئامادە بوون بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بووشاییەیە کە دوای مردنی خومەینی ڕوو دەدات" و بناخەی پشتیوانیی لە ڕێکخراوەکەی، سوپای ئێرانە. ساحەب–دیوانی ئیدیعای کرد کە ئەرتەشی ڕزگاریدەری ئێران هەر ئێستا لەگەڵ مەلاکان، هۆزەکان و چینی مامناوەندی ئێران پەیوەندیی هەیە و، ئەگەرچی زۆربەی چالاکییەکانی لە خۆراوای ئورووپایە، تاقمەکە "پشتگیریی گەلێک لە لایەنە نارازییەکانی خودی ئێرانی لە پشتە."

کاتێک لەبارەی پلانەکانی داهاتووی ئەرتەشی ڕزگاریدەری ئێران پرسیاری لێ کرا، ساحەب–دیوانی گوتی ئەو گرووپە بەتەمایە "بۆ ماوەیەکی دەستپێک کۆنترۆڵی سەربازیی ئێرانی بەدەستەوە بێت، ڕەنگبێ بۆ ماوەی ٣ ساڵ.". دوای ئەو ماوەیە "یاسای بنەڕەتی ١٩٠٦ بە پاشایەتی یان بێ پاشایەتی زیندوو بکاتەوە."

دوو مانگ دواتر ڤۆگان چاوی بە شاڕوخ فیروز، باڵوێزێکی ئێرانی و، نازم عامێری، کوڕی کۆچکردوو شێخ خەزعەل، ڕێبەرە مێژوویییەکەی خورەمشار لە پارێزگای خوزستان کەوت.

ئەوان پێشنیاریان کرد بریتانیا فرۆکەخانەی مێهرئاباد بۆمباران بکات و چاوەڕوان بوون ئەوە "چرا سەوزێک بێت بۆ ئەو کەسانەی سەرهەڵدان دەکەن بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم." کاربەدەستەکەی بریتانیا "سپاسی کردن بۆ ڕاوێژەکەیان." وەک نیشانەیەک بۆ ئەوە کە وڵاتەکەی لە سەر ئەو بڕوایەیە کە ڕاستیی نوێ لە ئێران ناتوانرێ پێچەوانە بکرێتەوە، ڤۆگان گوتی "خۆش دەبوو هەمووومان بمانتوانیبا کات بگەڕێنینەوە دواوە."

لە ئاپریلی ١٩٨١، داگلاس هیرد، کە ئەوکات وەزیری کاروباری دەرەوە بوو، داوای کرد ڤۆگان چاوی بە دوکتور مەهدی بەهادۆری، ئامۆزای یەکێک لە کاربەدەستانی دەرباری پاشایەتی کە ئەوکاتی لە ئێران زیندانی بوو، بکەوێت. بەهادۆری داوای "پشتگیریی ئەخلاقیی" بۆ جووڵانەوەی بەرگریی ئێران، بە ڕێبەریی ژەنڕاڵ غولامعەلی ئووەیسی، سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپا لە سەردەمی شادا کرد. ئووەیسی لەبەر دەوری لە سەرکوتی نارەزایەتییەکان بە "قەسابی تاران" ناوبانگی دەرکردبوو. ئەو داوای کرد بریتانیا لەگەڵ کاربەدەستانی تورکیە "بدوێت" و داوایان لێ بکات "ئیزن بە ژەنڕاڵ ئووەیسی بدەن لە خۆرهەڵاتی تورکیە دەستی ئاواڵا بێت و دراوی بدەنێ."

دیپلۆماتە بریتانیاییەکە داواکەی ڕەت کردەوە و گوتی ئەگەرچی لە شۆڕشی ١٩٧٩ بەداخە، بەڵام ئەوە "ڕاستییەکی چەسپاوە." ئەو دووپاتی کردەوە کە سیاسەتی بریتانیا ئەوەیە کە کار لەگەڵ دەوڵەتی دەسەڵاتدار لە ئێران بکات و"ناتوانێت هیچ پشتیوانییەک لە ئەو (ژەنڕاڵ ئووەیسی) بکات."

لە سەرەتای جوون، ژەنڕاڵ ئووەیسی داوای "ئۆپەراسیۆنێکی نهێنی" لە لایەن بریتانیا بۆ یارمەتیدان بە "کودەتایەکی سیاسی" لە ئێرانی کرد. لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ جێرالد ڕایان، دیپلۆماتێکی باڵوێزخانەی بریتانیا لە پاریس، ژەنڕاڵ ئووەیسی ئیدیعای کرد "سیخوڕانی بریتانیایی" چالاکن و "خاوەن نفووزی بەرچاو" لە ئێرانن. لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا، ئەو گلەیی لە دنیای ئازاد کرد کە "بەرگرییەکی چالاکی زۆرتریان پێشان نەداوە" تا پێش بە نفووزی کۆمۆنیزمی ڕووسی لە ئێران بگرن. ژەنڕاڵ ئووەیسی هەروەها ئیدیعای کرد چاوی بە جۆرج بوش، کە ئەوکاتی جێگری سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان بوو، کەوتوە و گوتی بەڵێنی پشتیوانیی لۆجیستیکی بۆ پلانەکەی بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی ئێرانی داوە. بەڵام، ئەو سکاڵای کرد کە هێچ پشتیوانییەکی ئەوتۆ بە کردەوە نەکراوە.

دیپلۆماتە بریتانیاییەکە هیچ شتێکی لە بارەی لێدوانەکانی ژەنڕاڵ ئووەیسی نەگوت و هیچ بەڵێنییەکیشی نەدا. ئووەیسی داوای کرد پەیامەکەی بگەیەنرێتە دەوڵەتی بریتانیا.

دواتر وەزارەتی کاروباری دەرەوە ڕێنمایی ڕایان و هاوکارەکانی کرد هیچ داواییەکی چاوپێکەوتن لە لایەن ئووەیسی یان نوێنەرەکانیەوە، بەر لە ڕاوێژ لەگەڵ بەرپرسەکانیان قبووڵ نەکەن. ئەوان هەروەها ڕێنماییان پێکرا کە لە هەڵسوکەتییان لەگەڵ ئێرانییان وریاتر بن.

لە مانگی جولای، ژەنڕاڵ سەید ئەحمەد مەدەنی، وەزیرێکی پێشووی ئێران و فەرماندەی هێزی دەریایی ئێران، لە ڕێگەی پیتر تیمپڵ–مۆریس، کە هاوسەرەکەی ئێرانییە، پەیوەندیی بە وەزارەتی دەرەوە گرت و داوای چاوپێکەوتن لەگەڵ لیژنەیەک بە ڕێبەریی مەدەنی کرد کە نوێنەرایەتیی بەرەی نەتەوەیی دەکرد، تا "کارتەکانی لە سەر مێز دانێت." کاتێک لیژنەکە بە سەرۆکایەتی دوکتور پەرویز ئیتمینان، چاوی بە ڤۆگان کەوت، پێشنیاریان کرد "وڵاتە بچووکەکانی کەنداو" پشتگیریی دارایی بۆ پلانەکانی دەستپێکی سەرهەڵدانێک لە ئێران دابین بکەن. ئەگەر بریتانیا بە ڕاستی دەیهەوێ گەندەڵیی لە ئێران کۆتایی پێبێت، "بە تایبەتی تەنیا پێویستە ئاماژەیەک بە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بکات" و، ئیتمینان دڵنیایی دا کە مەدەنی و هاوکارانی "زەمانەتی سەرهەڵدانێکی سەرکەوتوو دەکەن." ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە مەدەنی دەتوانێت جەمسەری ڕاکێشانی ئۆپۆزیسیۆن بێت."

لەبارەی هەڵوێستی هێزە چەکدارەکانی ئێران پرسیاری لێ کرا، ئیتمینان ئیدیعای کرد هێزەکانی دەریایی و ئاسمانی "لە ئاکامی هێرشێکی سەرکەوتووانەی مەدەنی و هاوپەیمانەکانی، سەرهەڵدان دەکەن." کاربەدەستەکەی وەزارەتی دەرەوە وەڵامی دایەوە کە بریتانیا "گشت کات بە گوێڕاگرتن لە بۆچوونی تاقمە جیاجیاکانی ئێرانی دڵخۆشە." بەڵام، ئەو ڕوونی کردەوە کە هەڵوێستی بریتانیا ئەوەیە کە، " (جۆرێک لە) پەیوەندیی دیپلۆماتیکی لەگەڵ ڕێژیمی ئێستا هەیە" و "بڕوایەکی بەهێزی هەیە کە نابێ هیچ دەستێوەردانێکی دەرەکی لە کاروباری نێوخۆی ئێراندا بکرێت."

ئەوکاتی، دوای چوونە سەری ڕێژە و ئاستی چالاکیی ئێرانییەکانی تاراوگە، وەزارەتی کاروباری دەرەوە بڕیاری دا پێداچوونەوە بە سیاسەتی پەیوەندیی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بکات. وەک ئەی. سی. مایەرس، سەرۆکی بەشی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە باسی دەکات، بریتانیا دەیهەویست "خۆی لە زیاد کردنی شک و گومانی خۆلێلانەدەرانەی دەوڵەتی شۆڕشگێڕی ئێران ببوێرێت کە پێی وابوو ئێمە خەریکی پیلانگێڕیی بۆ ڕووخاندنی ئەوین." بریتانیاییەکان هەروەها پێیان خۆش بوو " لە دۆخێکدا بمێننەوە کە بە ئاشکرا، بە ڕاستی و ئیقناعەوە، حاشا لە بوونی گفتوگۆی ئێمە لەگەڵ تاقمەکانی ئۆپۆزیسیۆن بکات."

مایەرس ئەو ڕێنوێنییانەی لە کاتی پەیوەندیی لەگەڵ ئێرانییەکانی تاراوگە پێشکەش کردن کە لە لایەن وەزارەتی کاروباری دەروە ڕەچاو کران:

- ئێمە تەنیا گوێ ڕادەگرین بەبێ پابەندبوون
- ئێمە بۆ نێوەندگیرەکان ڕوونی دەکەینەوە کە ناتوانین بیر لە پشتیوانیی لە ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگە لە بەرانبەر ڕێژیمدا بکەینەوە، چونکە لەو بڕوایەدا نین کە هیچ کامیان شانسی پێچەوانە کردنەوەی شۆڕشیان هەبێت.
- ئێمە نامانهەوێت ئەو پەیوەندییەی خەریکین لەگەڵ دەوڵەتی نوێ دروستی بکەین، کە بە پێی پێویست دانمان پێدا ناوە، لە مەترسیی هاوێین.
- ئێمە دەبێت بەردەوام لەبیرمان بێت کە نابێت خۆمان لە بۆچوونی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی وەک ئێران دابڕین.
- ئێمە بەتەما نین پشتگیریی لە هیچ تاقمێکی تاراوگە بکەین، بە شێوەی دارایی یان جۆری دیکە.
- ئێمە نابێت خۆمان لە چاوپێکەوتن لەگەڵ تاراوگەنشینیان ببوێرین، جا چ لە سەر داوای خۆیان بێت یان لە سەر داوای لایەنی سێهەم.

لە نێوەڕاستی ١٩٨١، ئامری، نوێنەرە بریتانیاییە زایۆنییەکە، جارێکی دیکە پاڵپشتی لە دەستێوەردانی سەربازیی لە ئێران کرد. ئەو دەلیلی هێنایەوە کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوە دەتوانێت بۆ پێشکەشکردنی بژاردەیەک بۆ دەوڵەتی شۆڕشگێڕ، یەک بگرێت. لە نامەیەکدا بۆ لۆرد کارینگتۆن، ئامری پێشنیاری کرد کە بریتانیا دەتوانێت بۆ بەڕێوەبردنی کودەتایەکی هاوشێوەی ئەوەی لە ١٩٥٣ دژی محەممەد موسەددیق کرا، ڕاوێژ لەگەڵ ئەمریکاییەکان بکات. ئەو پێشنیاری کرد عێراق، پاکستان و عوممان "ڕەگبێ بکرێت ڕازی بکرێن تا ببنە پردەباز" بۆ ئۆپەراسیۆنێکی ئەوتۆ. ئامری هۆشداریی دا کە بریتانیا و خۆراوا ڕەنگبێ "لە خەو ڕابن و ببینن ڕووسیە کۆنترۆڵی مەیدانە نەفتییەکان و گەرووەیکەی (لە کەنداو) بە دەستەوە گرتبێت."

لۆرد کارینگتۆن پێشنیارەکەی ئامری ڕەت کردەوە وشک و گومانی خستە سەر کاریگەریی ئێرانییەکانی تاراوگە. لە کاتێکدا کە دانی بەوە دانا کە دۆخی ئێران "بێگومان مەترسیدارە،" ئاماژەی بەوە کرد کە حیزبی کۆماری ئیسلامیی وێدەچێ دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت." ئەو ئەوەشی زیاد کرد کە بریتانیا پێویستیە لەپێشدا جۆرێک ئۆپۆزیسیۆنی کاریگەری ئێرانی ببینێت و بەوە کۆتایی بە بۆچوونەکەی هێنا، "ڕەنگبێ هیچ بژاردەیەک لە ئارادا نەبێت مەگەر ئیزن دان بە شۆڕشی ئێران تا ڕێچکەی خۆی بێ دەستێوەردانی دەرەکی درێژە پێ بدات."

لە هەمان کاتدا گراهام ڕەخنەی لە "خولیای دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی" ئامری لە ئێران گرت. لە وەڵامدا ئەو دووپاتی کردەوە، لە دنیای ئەمڕۆدا، ئێرانییەکان "دەبێت بۆخۆیان کار بۆ چارەنووسی خۆیان بکەن." ئەو گوتی "بێتوو ئەوە یەک گرتنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بۆ دژە کودەتایەک دژی کۆماری ئیسلامیی خومەینی بێت، بێگومان ئێمە دەبێ بتوانین ئاکامەکە قبووڵ بکەین." بەڵام، گراهام پێداگر بوو کە "ئەو لەو بڕوایەدا نیە کە هیچ تاراوگەنشینێک کە شانسی گەڕانەوەی هەبێت پشتگیریی بریتانیا یان ئەمریکا بە قازانجی بێت."

لە مانگی سێپتەمبەر، جێگری هێزی ئاسمانیی بریتانیا مارشاڵ و. ج. هەرینگتۆن چاوی بە ئادمیراڵ حەبیبوڵڵاهی، فەرماندەی پێشووی هێزی دەریایی ئێران و ئەندامی ئازادەگان، ڕێکخراوێکی نەتەوە پەرستی سەربازیی کە لە بریتانیا، وڵاتە یەکگرتووەکان و فەڕانسە چالاکە و ڕێبەرەکەی ژەنڕاڵ بەهرام ئاریانا، فەرماندەی گشتیی پێشووی هێزە چەکدارەکانی ئێرانە، کەوت. ئادمیراڵ هۆشداریی دا کە هێزی سەربازیی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی شۆڕشگێڕ دا وەها گۆڕاوە کە بێتوو دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت، ئێران "وەک لیبی لە ژێر دەسەڵاتی سەرهەنگ قەززافی دەچێت." ئەو گوتی پشتگیریی سەرەتایی خۆراوا بۆ پێشگرتن بە ڕوو کردنی ڕێبەریی لە یەکیەتی سۆڤیەت، پێویست دەبێت.

لە ڕاپۆرتێکدا لەبارەی کۆبوونەوەکە، هەرینگتۆن ئاماژەی بەوە کرد کە حەبیبوڵڵاهی و هاوکارەکانی لە ئازادەگان چاویان لە وڵاتی وەک بریتانیایە بۆ "پشتیوانیی ئەخلاقی."ئەو پێیوابوو ئەوان فرە بەپەرۆشن تا جۆرە پایگایەکیان گیر کەوێت، ڕەنگبێ دوورگەیەک، تا بتوانن لەوێوە کاریگەریی بخەنە سەر ڕووداوەکانی ئێران." هەرینگتۆن شکی دەکرد کە مەبەستی حەبیبوڵڵاهی مەسیرە لە کەناری خۆرهەڵاتی عوممان و مەزنترین دوورگەی ئەو وڵاتە، لە دەریای عەرەب بێت. لە وەڵامدا، مایەرسی بەشی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی وەزارەتی کاروباری دەرەوە، ئامۆژگاریی هەرینگتۆنی کرد کە بریتانیا دەبێ "زانیارییەکەی بگەیەنێتە بەرزترین ئاست لە کاتێکدا کە تێوەگلانەکەی لە نزمترین ئاستدا بێت."


لە هەمان مانگدا، وەزارەتی بەرگریی بریتانیا داوای لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە کرد چاوی بە ئەسعەد هومایون، کاربەدەستێکی باڵوێزخانەی ئێران لە واشینگتۆن تا پێش شۆڕش و، ئێستا بەرپرسی ڕێکخستنی جووڵانەوەی ئازادەگان، بکەوێت. لە کۆبوونەوەکەی لەگەڵ ڤۆگان، هومایون هیوای خواست "پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی بریتانیا دروست بکات."

ڤۆگان دووپاتی کردەوە کە بریتانیا هەمیشە ئامادەیە چاوی بەو ئێرانییانە بکەوێت و گوێیان لێ بگرێت کە دەخوازن بۆچوونیان لەسەر ڕووداوەکانی ئێران باس بکەن، بەڵام جەختی کردەوە کە "هێچ جۆرە پەیوەندییەکی بەردەوام لەگەڵ هیچ تاقمێک، بە تایبەت ئەوانەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێستان، لە ئارادا نابێت." ئەو وەبیر هومایونی هێنایەوە کە بریتانیا دانی بە ڕێژیمی شۆڕشگێڕدا هێناوە و "لە سەر ئەو بڕوایەیە کە ئێران دەبێ بۆخۆی گیروگرفتەکانی چارەسەر بکات، بێ دەستێوەردانی دەرەکی.

لە نێوەڕاستی نۆڤەمبەر، گراهام چاوی بە چەند بەرپرسی پێشووی ئێرانی لە سەر داوای خۆیان کەوت. ئەو پێی گوتن ئەو سەردەمە بەسەر چوو کە بریتانیا خۆی لە کاروباری نێوخۆیی ئێران وەردەدا. ئەو جەختی کردەوە ڕێژیمی شۆڕشگێڕ "وێدەچێت دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێت و ورده ورده ڕێکوپێکی لە وڵات و ئابووریدا زیاد بکات."

کوردستان
• ژماره ٩٠٢
١٥ی خەرمانانی ١٤٠٤ _ ٦ی سێپتامبری ٢٠٢٥

## هەگبەی شاخ و شۆڕش





برایم چووکەڵی

کاتێک وەڵامی سەرەتاییترین داخوازەکانی هەر نەتەوەیەک بە ئاور و ئاسن بدرێتەوە. کاتێک سەرکوت و کۆمەڵکوژی و زەبروزەنگ جیگای ماف و ئازادییەکان بگرێتەوە، سروشتییە کە ئەو نەتەوەیە ناچارە بۆ داکۆکی لە بوون و دەستەبەری ویست و داخوازییە ڕەواکانی خەباتێکی بێ‌وچان بکا و تەنانەت دەست بۆ چەک بەرێ. نەتەوەی کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەسەر خاکی خۆی و لە ٨٠ ساڵ لەوەپێشەوە خەباتێکی دوور و درێژ و پڕ تێچووی بۆ پاراستنی شوناس و کەرامەتی خۆی کردوە.

ئەم خەباتە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییش توند و هەمەلایەنەتر بووە و کورد لە ئێران لە ٤٧ ساڵی ڕابردوودا لەبەرامبەر دڕەندەترین دوژمنی ئازادیدا چەکی دەست داوەتێ و شێلگیرانە دەرێژەی بە خەبات داوە لە پێشکەشکردنی گیانی باشترین ڕۆڵەکانیشیدا درێخی نەکردوە. لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیەی "کوردستان"دا یاد و بیرەوەریی شەهید قادر میرزایی، یەکێک لەو ڕۆڵە تێکۆشەرانە بەرز ڕادەگرین، کە لە ناوچەی شنۆیە بە قادر شبێلی دەناسرا.

قادر میرزایی لە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە ئاوایی سینگان سەر بە ناوچەی شنۆ، لە بنەماڵەیەکی کەم‌داهاتی ئەوکات چاوی بەنیای ڕوون کردەوە. ژیانی بەشمەینەتی و سەختی قادر هەر لە سەرەتای لەدایکبوونیەوە دەستی پێ کرد. هێشتا چەند مانگ لە ژیانی تێنەپەڕیبوو کە چوونە شاری مەهاباد و پاشان لە گوندی شیوەسماک گیرسانەوە. تەمەنی ٣ ساڵ بوو کە دایکی خۆشەویستی لەدەست دا و ئەرکی پێگەیاندنی قادری تاقانە کەوتە سەرشانی باوکە زەحمەتکێشەکەی.

ڕۆژ هات و مانگ تێپەڕی و قادر بە خۆدا هات و کاتی خوێندنی گەیشتێ. هەرچەند گوندەکەیان قوتابخانەی نەبوو، بەڵام باوکی چونکی بۆخۆی تاڵی نەخوێندەواریی چێشتبوو، ڕێگای نەدا کورە تاقانەکەی لە تاریکستانی نەخوێندەواریدا بمێنێتەوە، بۆیە لە شاری شنۆ ڕەوانەی قوتابخانەی کرد. قادری ژیر و وریا نەیتوانی زیاتر لە قۆناغی سەرەتایی درێژە بە خوێندن بدا و بە ناچار وێڕای باوکی زەحمەتکێشی شانی بەر کاروکاسبی نا و دەستوپەنجەی لەگەڵ کوێرەوەرییەکانی ڕۆژگار نەرم کرد. قادر بە جۆریک کاری دەکرد کە کەم کەس هەبوو بە ڕادەی ئەو تامی چەوسانەوەی چێشتبێ و لەگەڵ خوێن و دەمارەکانی تێکەڵ بوو. هەر بۆیەش لە سەرتای ڕاپەرینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی وێڕای خەڵکی قارەمانی شنۆ هاتە سەر شەقامەکان و ڕۆڵی بەرچاوی لە خۆپێشاندانەکان دکی ڕێژیمی سەرکوتگەری پاشایەتیدا گێڕا.

شەهید قادر ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی هاتە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەبەر کرد و لە هێزی "شەهید سمکۆ"دا سازمان درا و وەک لاوێکی تێگەیشتوو شانی دایە بەر چالاکیی پێشمەرگانە. ئەو هەمیشە هەوڵی دەدا پلەی زانیاریی خۆی بەرێتە سەرێ، هەر بۆیە ناو و ناوبانگی ئەو لاوە خەباتگێڕە زۆر کەوتە سەر زار و زمانی هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچە. شەهید قادر لە هەر شەڕیکدا بەشداری دەکرد لە سەنگەری پێشەوەدا بوو و دواتر بە هۆی زانایی و چاونەترسییەوە کرا بە جێگری پەل و پاشان بە سەرپەل و سەردەستە و جێگر لک و سەرئەنجام بە فەرماندەری لک دیاری کرا.

شەهید قادر پێشمەرگەیەکی هەڵسووڕ و فەرماندەیەکی لێوەشاوە بوو، گورج‌وگۆڵ و کار ێهاتوو بوو، بەدەست‌وبرد و زەبروەشین بوو و نەعرەتەی شێرانەی زراوی دوژمنی توقاندبوو. شەڕەکانی پایەگای لکبن، تێکشکاندنی هێرشی دوژمن بۆ سەر گوندەکانی کانی مەلا و کانی بداغ، گرتنی پایگای شاوەلە، کەمینی نێو گوندی مەحمەشە، چەککردنی چەکدارەکانی یۆنسلیان و کۆئێک، گرتنی پایگای نارێ، شەڕی سەر جادەی شنۆ_نەغەدە، گرتنی پایەگای تاچیناوێ، شەڕی نێوشاری شنۆ، پایەگای سینگان، حەوت پایەگای گەلی گادەران و شەری ٣ ڕۆژەی بەرزاییەکانی زەینەرۆک و سپی‌ڕێز و شەترە کە لەژێر فەرماندەری شەهید قادردا تاڵەواریان بە زاری دوژمن داکرد، مۆرکی نەترسی و بە زیپک و زاکوونی ئەو قارەمانە بەدەست‌وبردەیان پێوە دیارە و بۆ هەمیشە لە مێشکی خەڵکی ئەو مەڵبەندەدا نەخشی بەستوە.

شەوی ٩ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی پێشمەرگەکانی هێزی کێلەشین بۆ زەبرلێدانی هێزەکانی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی گەلالەیەکی عەمەلیاتییان بۆ سەر پایەگای گوندی " گەلاز" دارشت و لە نیوەشەودا لە هەموو لایەکەوە ئاوری گوللەیان بەسەردا باراندن. شەهید قادر کە فەرماندەی ئەو عەمەلیاتە بوو وەک یەکەم کەس تێڵدرووی پایەگای بڕی و خۆی لە نێو سەنگەرەکانی پایەگا هاویشت و وێڕای هاوسەنگەرانی شەرێکی دەستەویەخەیان کرد و سەرکەوتنی گەورەشیان وەدەست هێنا. بەڵام بەداخەوە لە گەرمەی شەڕدا قادر میرزایی (قادر شبێلی) لەگەڵ دوو هاوسەنگەری بە ناوەکانی قاسم عەلیزادە ناسراو بە مەلا قاسم و سولرمان باروەت شەهید بوون و بۆ هەمیشە ماڵاواییان لە گەلە بەئاوات نەگەیشتووەکەیان کرد و سەنگەری خەباتیان بە هاوسەنگەرانیان سپارد.

# پێشمەرگە و ناسنامە




بێهزاد قادری

ناسنامەی نەتەوەیی، یەکێکە لە ڕەهەندە بنەڕەتییەکانی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەر نەتەوەیەک. ئەم ناسنامەیە، تۆڕێکە لە بیروباوەڕەکان، هەستەکان و بەهاکان کە تاکەکان بە کۆمەڵگەیەکی گەورەترەوە دەبەستنەوە و مانا و ئاراستە بە ژیانیان دەبەخشن. لەنێو نەتەوەی کورددا، چەمکی "پێشمەرگە" تەنیا ڕۆڵێکی سەربازی یان سیاسیی نیە، بەڵکوو هێمایەکی قووڵی دەروونییە لە بەرخۆدان، قوربانیدان و کۆڵنەدان. پێشمەرگە وەک وێناکردنی عەینیی خەبات بۆ ئازادی، دێموکراسی و مافی چارەی خۆنووسین، لە بنیاتنانەوە و بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەییی کورددا، پێگەیەکی ناوازەی هەیە. لەم کورتە نووسینەدا هەوڵ دراوە لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە پێگەی پێشمەرگە لە پێکهاتن و بەرهەمهێنانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورددا، شی بکەمەوە.

### "ناسنامەی نەتەوەیی" لە چوارچێوەی دەروونناسیدا

لە ڕوانگەی دەروونناسیی کۆمەڵایەتییەوە، ناسنامەی نەتەوەیی بەشێکە لە "ناسنامەی کۆمەڵایەتی" کە تاک لە ئینتیما بە نەتەوەیەک یان گرووپێکی ئەتنیکی- سیاسییەوە وەری دەگرێت. بەپێی تیۆریی "ناسنامەی کۆمەڵایەتی"ی "هێنری تاجفێل"، ئینتیما بە گرووپە کۆمەڵایەتییە گرنگەکان (وەک نەتەوە)، هەستێکی شانازی، ئەمنییەت و مانا بە تاک دەبەخشێت.

لە دۆخی مێژوویی کورددا کە هەمیشە لەلایەن داگیرکەرانەوە بەرەوڕووی هەڵاواردن و سەرکوتی سیاسی و نەتەوەیی بووە، بایەخی ناسنامەی نەتەوەیی چەند هێندەیە. لەو چوارچێوەیەشدا، پێشمەرگە وەک ڕەمزی خەبات، ڕۆڵی "سیمبۆلێکی یەکگرتوو" دەگێڕێت کە یەکگرتوویی دەروونی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردی پتەوتر دەکات.

### پێشمەرگە وەک هێمایەکی دەروونی

لە ئەدەب و فەرهەنگی کوردیدا، پێشمەرگە تەنیا جەنگاوەر نیە، بەڵکوو "کەسایەتییەکی سیمبۆلیکە". لە ڕوانگەی دەروونناسیی سیمبۆلیکەوە، پێشمەرگە خویابوونی "خۆی بەکۆمەڵ"ی کوردە. کەسێکە لەپێناو مانەوەی نەتەوە و بۆ بەهاکانی ئازادیخوازی و دادپەروەریخوازی گیانی خۆی بەخت دەکات. ئەمەش پێشمەرگە لە زەینی کۆمەڵگەی کوردستاندا دەکاتە "قارەمانی فەرهەنگی".

"کارڵ یۆنگ" لە چەمکی "ئارکیتایپ"دا (archetype) ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمەڵگەکان بۆ مانەوە و مانا، پێویستیان بە مۆدێلی ئوستوورەیی هەیە؛ پێشمەرگە لە نەستی (نائاگایی) بەکۆمەڵی کورددا، ڕێک وەها پێگەیەکی هەیە.

لە ڕوانگەی دەروونناسیی سیاسییەوە، بوونی پێشمەرگە لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا، وڵامێکی دەروونییە بۆ هەلومەرجی "چەوساندنەوەی سیستماتیک". لە هەلومەرجێکدا کە نەتەوەی کورد لە وڵاتە ساختەکانی ناوچەکەدا لە مافە سیاسی و فەرهەنگییەکانی بێبەری کراوە، پێشمەرگە لە ڕێگەی خەباتی چەکداری و خۆڕاگرییەوە، توانای کردەوە و گۆڕانی بە کۆمەڵگە بەخشیوە.

### پێشمەرگە و ناسنامەی تاکی

پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە، تەنیا هەڵبژاردنێکی سیاسی نیە، بەڵکوو ئەزموونێکی دەروونییشە کە ناسنامەی تاکیش دەگۆڕێت. کەسێک کە ببێتە پێشمەرگە، ئیتر خۆی وەک کەسێکی ئاسایی نابینێت، بەڵکوو خۆی وەک هەڵگری بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی و بەکۆمەڵ دەبینێت. ئەم گۆڕانکارییە لە ناسنامەی کەسیدا دەبێتە هۆی "ناسنامەیەکی قارەمانانە"، کە تێیدا بەها کەسییەکان لەگەڵ بەها بەکۆمەڵەکانی نەتەوەدا یەک دەگرنەوە. لە دەروونناسیدا، گۆڕانکارییەکی لەو شێوەیە، نموونەی "هاوشێوەسازی لەگەڵ گرووپە"، کە دەبێتە هۆی بەرزترین ئاستی گیانفیدایی و قوربانیدان.

### پێشمەرگە و یادەوەریی بەکۆمەڵی کورد

ناسنامەی نەتەوەیی هەمیشە لەسەر بنەمای "یادەوەریی بەکۆمەڵ" دامەزراوە؛ یادەوەرییەک کە گێڕانەوە، هێما و بیرەوەرییە هاوبەشەکان لەخۆ دەگرێت. لە یادەوەریی بەکۆمەڵی کورددا، چیرۆک و گێڕانەوەی پەیوەندیدار بە پێشمەرگە، پێگەیەکی بەرچاوی هەیە. ئەم گێڕانەوەیانە لە ڕێگەی ئەدەب، مۆسیقا و ڕێوڕەسمی یادکردنەوە، بۆ نەوە نوێیەکان دەگوازرێنەوە و بەم شێوەیە ناسنامەی نەتەوەیی بەرهەم دەهێنرێتەوە. "مۆریس هالبواکس"، تیۆریسیەنی یادەوەریی بەکۆمەڵ، جەخت لەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵگەکان بە بیرهێنانەوەی ڕابردوویەکی هاوبەش، یەکگرتوویی خۆیان دەپارێزن. لە کوردستاندا یادکردنەوەی پێشمەرگە قارەمانەکانی ڕابردوو، ڕێک ئەم ئەرکە دەروونی- کۆمەڵایەتییەی هەیە.

### دەروونناسیی قوربانیدان و مردنی قارەمانانە

لە ڕوانگەی دەروونناسیی بوونگەرێتییەوە، مردن هەمیشە هەڕەشەیە بۆ سەر مانا و ئەمنییەتی دەروونیی مرۆڤ. بەڵام شەهیدبوونی پێشمەرگە لە یادەوەریی بەکۆمەڵدا نەک وەک کۆتایی، بەڵکوو وەک درێژەدان بە ژیانی نەتەوە لێک دەدرێتەوە. ئەمەش، شێوە بە دیاردەی "مەرگی قارەمانانە" دەدات کە کارکردێکی دەروونیی بۆ کۆمەڵگە هەیە: "ترس لە لەنێوچوون دەگۆڕێت بۆ هیوا بۆ داهاتوو." بەم شێوەیە، شەهیدبوونی پێشمەرگە وەک لاوازی نابینرێت، بەڵکوو وەک هێز و ئیلهام دەبینرێت.

### پێشمەرگە و یەکگرتوویی نیشتمانی

پێشمەرگە، وەک دیاردەیەکی دەروونی- کۆمەڵایەتی، یەکگرتوویی نیشتمانیی کوردی بەهێزتر کردووە. لە هەلومەرجێکدا کە نەتەوەی کورد بەسەر چوار جوگرافیای ساختەدا دابەش کراوە، هێمای پێشمەرگە توانیویەتی سنوورە سیاسی و جوگرافییەکان تێپەڕێنێت و هەستی "نەتەوەیەکی یەکگرتوو" بەرهەم بهێنێتەوە. ئەم یەکگرتووییە دەروونییە بۆ مانەوەی هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی زۆر گرنگە. دەروونناسیی کۆمەڵایەتی نیشانی داوە کە بوونی هێمای هاوبەش و پاڵەوانە نەتەوەیییەکان، ناسنامەی گرووپی بەهێز دەکەن و پاڵنەر بۆ بەرخۆدان زیاد دەکەن.

### ئەنجام

پێشمەرگە، تەنیا جەنگاوەر و هێزێکی سەربازی نیە؛ هێمایەکی دەروونی و فەرهەنگییە کە بە درێژاییی دەیان ساڵ، شێوەی بە ناسنامەی نەتەوەیی کورد داوە و بەهێزتری کردوە و بەرهەمی هێناوەتەوە. پێشمەرگە وەک پاڵەوانێکی بەکۆمەڵ، هێمای قوربانیدان و خۆڕاگرییە و توانیویەتی هەستێکی یەکگرتوویی و هیوا لە نەتەوەی کورددا زیندوو بهێڵێتەوە. لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، پێشمەرگە نەتەنیا پارێزەری ناسنامەی نەتەوەیی بووە، بەڵکوو پارێزەری تەندروستیی دەروونی- کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەش بووە. تەنیا بە تێکەڵکردنی هێمای پێشمەرگە وەک ئیلهامبەخشێک بۆ ناسنامە و بە بەرنامە دەروونی- کۆمەڵایەتییەکان بۆ سارێژکردنی برینەکان، ناسنامەی نەتەوەییی کورد دەتوانێت لەسەر ڕێگای گەشەسەندنی بەردەوامدا، هەنگاو بنێت.

***

# کۆڕیادی دەرچوونی ژمارە ٥٠٠ی "ئاگری" بەڕێوە چوو




ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی دەرچوونی ژمارەی ٥٠٠ی "ئاگری" کۆڕیادێکی بەڕێوە برد. مەبەست لەو کۆڕیادە کە ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ١٥ی خەرمانان لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبدا بەڕێوە چوو، هەڵسەنگاندنێکی پێگەی ڕۆژنامەی "ئاگری" و هەروەها بەرزنرخاندنی هەوڵ و تێکۆشانی ستاڤی ئەم بڵاوکرایەوە و بەردەوامییان لە ماوەی ٢٢ ساڵی ڕابردوودا بوو.

کۆڕیادەکەدا بە سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و پێشاندانی ڤیدیۆیەک لەسەر ڕەوتی دامەزران و بەردەوامیی ڕۆژنامەی "ئاگری" دەستی پێ کرد. دوایە پەیامی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب بەو بۆنەیە لەلایەن عەلی بداغی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە خوێندرایەوە و لە درێژەدا چەپکەگوڵی دەستەی کارگێڕی لە لایەن مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشکێش بە نوورەدین سۆفی‌زادە، سەرنووسەری ڕۆژنامەی "ئاگری" کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی کۆڕیادەکەدا عومەر باڵەکی، ئەندامی دەستەی کارگێڕی وتاری ناوەندی ڕاگەیاندن بەو بۆنەیەی پێشکێش کرد. . بەرپرسی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات لە وتارەکەیدا ئاوڕی لە ئامانجەکانی دەرچوونی "ئاگری" دایەوە و گوتی لە بارودۆخی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، وەک حیزبی پێشەنگی خەباتی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد، بردن و شۆڕکردنەوە سیاسەتەکانی حیزب بۆ نێو گەلی کورد لە هەموو ناوچەکانی کوردستان ئەرکێکی پێویست و زەرووریيە. بۆ ئێمەش وەک حیزبێکی نەتەوەیی زۆر پێویست بوو و ئێستاش هەر پێویستە کە لەپێناو بەرەوپێشچوونی خەباتی نەتەوایەتیی خۆماندا بمانەوێ و تێبکۆشین هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان لە دەوری بەرنامە و سیاسەتەکانی حیزبەکەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆ بکەینەوە. ئەو مەبەستەش دەخوازێ لە هەموو زاراوە جیاجیاکانی زمانی کوردی کەلک وەربگرین و هەر بۆ ئەو ئامانجەش بوو کە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٢ی هەتاویدا بڕیاری دا ئەو ڕێچکەیە بە دەرکردنی "ئاگری" بە زاراوەی کرمانجیی سەروو بە ڕووی ڕاگەیاندنی حیزبدا بکاتەوە و بەمجۆرە "ئاگری" بە سامانی میدیایی و خەباتکاریی حیزبی دێموکرات زیاد بوو.

خوێندنەوەی وتاری دەستەی کارگێڕیی "ئاگری" لە لایەن نورەدین سۆفی‌زادە و وتاری محەممەدسالح قادری، یەکەم سەرنووسەری "ئاگری" دوو بەشی دیکەی ئەم کۆڕیادە بوون کە لە هەر دوو وتارەکەدا لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە تیشک خرابووە سەر گرینگیی دەرچوون و بەردەوامیی ڕۆژنامەی ئاگری و شوێن و کاریگەریی لەسەر خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دوا بڕگەی کۆڕیادەکەش پێشکێشکردنی ڕێزنامە بە بەرپرسانی پێشووی ئاگری، ئازاد کوردی، سەلیم زنجیری، شەهاب خالیدی و هەروەها ستاڤی ئێستای ڕۆژنامەی ئاگری بوو.

چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پاییزی ساڵی ١٣٨٢ی هەتاویدا بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی "ئاگری" بە پیتی لاتین و زاراوەی کرمانجیی سەروو مەڵۆیەکی دیکەی خستە سەر خەرمانی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات و "ئاگری" پاش ٢٢ ساڵ بەردەوامی ئێستا یەکێک لە سامانە بەنرخەکانی میدیایی حیزبی دێموکراتە.

# حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێگە جەماوەرییەکەی




**بەهۆی کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبینین هەنووکە لە کوردستانی داگیرکراودا وشیاریی نەیەوەیی و بیری کوردستانیوون و هەروەها خۆشەویستی و جێگە و پێگەی ئەم حیزبە بە جۆرێک ڕیشەی داکوتاوە کە کومار، کوردستان، پێشەوا، ئاڵا، نیشتمان، خەبات، گەلاوێژ، شۆڕش و یەڵدا و ... کە بە جۆرێک پێوەندییان بە کوردستان و حیزبەوە هەیە، زۆرترین ناوی منالانن و باشترین بەڵگەی ئەم وابێژییەش لێدوانە مێژووییەکەی باوکی شەهید "کۆمار دەروفتادە"یە کە لەسەر گڵکۆی کوڕە شەهیدەکەی گوتی: "ئەو کوڕەی من لە ٢٥ی گەلاوێژدا لەدایک بوو، بۆیە نێوم لێ نا کومار، خۆشبەختم کە لەسەر خاک و ئازادی و نیشتمان شەهید بووە"**

✍ **وانیار ئەهوورایی**

هەشتا ساڵ بەسەر دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان تێپەڕ بوو. هەرچەند سێ ساڵ بەر لە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دامەزرێنەرانی حیزب، هەمان دامەزرێنەران و تێکۆشەرانی کۆمەڵەی "ژ - ک." بوون و لەو سێ ساڵە بەستێنێکی زۆر باش و لەباریان بۆ دامەزراندنی وەها حیزبێکی پێشکەوتووی ئەو سەردەمە ڕەخساندبوو.

حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کوردستان و دەوڵداری دامەزرا، بۆیە لە ماوەیەکی زۆر کورتخایەندا لەو دەرفەتەی کە بەهۆی بارودۆخی ناوچەکە و بەتایبەت لە جوگرافیای دەستکردنی ئێراندا ڕەخسابوو، بەبێ بیرکردنەوەی لە هیچ جۆرە خۆبەڕێوەبەرییەک لەو جوگرافیا دەستکردەدا و بە بڕیارێکی ژیرانە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی ڕاگەیاند؛ دەوڵەتێکی کۆماری و دێموکراتیک. خاڵێکی تایبەتیی ئەم حیزبە لە کاتی بەڕێوەبەریی کۆماری کوردستاندا کە زۆر بە کەمی ئاوڕی لێ دراوەتەوە، دامەزراندنی یەکەم حیزبی تایبەت بە ژنانی کوردستان بوو بە ناوی "حیزبی یایانی کوردستان" کە نەک تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنانەت بگرە لە زۆر شوێنی جیهانیشدا لەو سەردەمەدا وەها حیزبێک بوونی نەبووە. پاش ڕووخان و هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان تاکوو ئێستە زۆر هەوراز و نشێوی بڕیوە و زۆر کۆسپ و چەڵەمە هاتووەتە سەر ڕێگەی، بەڵام کۆڵنەدەرانە یەک چرکەساتێکیش لەسەر ئەو ڕێبازە نەتەوەیی و نیشتمانییە کە بۆی دامەزراوە لای نەداوە و خەباتێکی دووروودرێژی پڕشانازی و مێژوویەکی سپیی هەبووە، بۆیە لەنێو خەڵکی کوردستاندا بووەتە ڕەمزی بەرخودان و کوڵنەدانی نەتەوەیەکی نیشتمانداگیرکراو کە ئیرادەیەکی پۆڵایینی لەپشتە و دەرەنجامەکەی دەگاتەوە بە ڕزگاریی کوردستان و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

هەنووکە لە کوردستانی فرەحیزبیدا خاڵێکی جیاکەرەوەی ئەم حیزبە لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی تر، نەتەوەییبوونەکەیەتی کە هەر لەم ڕاستایەشدا بەدرێژایی تەمەنی خۆی گەلێک قوربانیی بۆی داوە و حازر نەبووە لەپێناو بەدەستهێنانی دەرفەتێکی کاتی یان بەرژوەندیی حیزبیی خۆیدا بۆ چرکەساتێکیش لەسەر ڕێبازەکەی سەرەکییەکەی لابدات و تەنانەت لە کاتێکدا لەگەڵ حکوومەتی عێراقیشدا پێوەندیی دیپلۆماتیکی هەبووە، نەک تەنیا ئەم پێوەندییە بە زیانی خەبات و شۆڕشی باشووری کوردستان نەبووە، تەنانەت زۆر جاریش پاڵپشتی شۆڕشگێڕانی باشووری نیشتمان بووە؛ ئەمە تەنیا وابێژییەکی ئێمەی ئەندامان و لایەنگرانی ئەم حیزبە نیە، بەڵکوو خودی کەسایەتییەکانی باشووری کوردستان کە هەم لە سەردەمی شۆڕشی شاخدا بوون و هەمیش لە سەردەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا کاربەدەست بوون، دەیان جار بەئاشکرا شایەتییان بۆ ئەم مێژووە سپییەی حیزبی دێموکرات داوە، بۆ نموونەش دەتوانین ئاماژە بە بەڕێز د. مەحموود عوسمان و زۆر کەسایەتیی تر بکەین.

جیا لەوەش، ئەم حیزبە لەسەر هەمان بنەمای دامەزراندنی، بەردەوام هزری کوردستانیبوون، دەوڵەتخوازی، سەربەخۆییی کوردستانی و هۆشیاریی نەتەوەیی لەنێو خەڵکی کوردستاندا پەرە پێ داوە و پێشەنگایەتیی خەباتی نەتەوەییی کردووە. بۆیە بەهۆی کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبینین هەنووکە لە کوردستانی داگیرکراودا هۆشیاریی نەیەوەیی و بیری کوردستانیوون و هەروەها خۆشەویستی و جێگە و پێگەی ئەم حیزبە بە جۆرێک ڕیشەی داکوتاوە کە دەبینین کومار، کوردستان، پێشەوا، ئاڵا، نیشتمان، خەبات، گەلاوێژ، شۆڕش و یەڵدا و ... کە بە جۆرێک پێوەندییان بە کوردستان و حیزبەوە هەیە، زۆرترین ناوی منالانن و باشترین بەڵگەی ئەم وابێژییەش لێدوانە مێژووییەکەی باوکی شەهید "کۆمار دەروفتادە"یە کە لەسەر گڵکۆی کوڕە شەهیدەکەی گوتی: "ئەو کوڕەی من لە ٢٥ی گەلاوێژدا لەدایک بوو، بۆیە نێوم لێ نا کومار، خۆشبەختم کە لەسەر خاک و ئازادی و نیشتمان شەهید بووە"؛ هەروەها پاش ڕاگەیاندنی ڕاسان و بەتایبەت گیانبەختکردنی شەهیدانی کۆساڵان بەشێکی بەرچاو دایکان و باوکانی کوردستان ناوی منداڵەکانیان ناوە ڕاسان و کوساڵان.

ئەگەر سەردەمانێک هەندێک حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی کە حیزبی چین و توێژ و کۆمەڵەکەس و بیرۆکەیەکی دیاریکراون (ئایینی، کۆمۆنیستی، ناوچەیی و ...) و بەهۆی ئەوەی لەسەر بنەما و پێوەری دەرەکی و ناتەبا لەگەڵ هەلومەرجی کوردستان و مافەکانی نەتەوەی کورد دامەزراون و لە کاتی دامەزراندنیانەوە تاکوو ئێستەشی لەگەڵ بێت کوردستان تەنیا لە چاویلکەی ئایدیۆلۆژیی خۆیانەوە دەبینن، بەڵام چونکە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی کوردستان و لەسەر بنەمای کوردستانیبوون و ئاوات و ئامانجی خەڵکی کوردستان دامەزراوە، لە ماوەی تەمەنی خۆیدا ساتێکیش لە ڕوانگە و ویست و داخوازی و مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان دوور نەبووە، بۆیە هەموو تاکێکی کوردستانی خۆی لەو حیزبەدا بینیوەتەوە و خەڵک وەکوو حیزبی خۆیان هەڵیانبژاردوە و ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە میداڵیای ناوبانگی حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی پێ ببەخشرێت.

ئێستە کە تەمەنێکی زۆر لە دامەزراندن و خەباتی حیزبی دێموکرات تێپەڕ بووە و بووەتە حیزبێکی گەورە و بەهێز، هۆکاری دووانەی هەیە کە هەم حیزبە بەو ئاوڕدانەوە کورتە کە باسمان کرد و هەمیش پاڵپشتیی خەڵکی کوردستانە لەم حیزبە؛ ئەگەر حیزبی دێموکراتە بەهێزە، بێگومان ناوەندی هێزەکەی کۆمەڵگەی کوردستانە. ئێستەش پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم لە ناوخۆی کوردستان و هەم لە ئاستی نێونەتەوەیی و تەنانەت سەرەڕای ئەوەش حیزبێکی دەوڵەتی نییە کە دەوڵەت بەڕێوە ببات، بەڵام لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا بۆ هەمووان دەرکەوتووە. بۆیە لە ماوەی ئەم هەشتا ساڵەدا ئەوەی کە بۆ حیزب بووەتە مایەی هیوا و دڵخۆشی و حیزبی گەیاندووەتە ئەو ئاستە بەرزە، پشتیوانیی خەڵکی کوردستان بووە. ئەم حیزبە سەرەڕای گشت گوشار و لێدان و چەرمەسەرییەکان کە سێ ڕێبەر، دەیان ئەندامی ڕێبەری و سەدان کادر و هەزاران پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگری لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە شەهید کراون، بەڵام لە سەردەمی هەردوو ڕێژیمی پەهلەوی و ئاخوندەکانی پەت و سێدارەدا یەک چرکەساتیش بەرانبەر بە داگیرکەران خۆی نەچەماندووە و کۆڵنەدەرانە لە بەرگریکردن لە خاک و خەڵکی کوردستان شێلگیرانە بەردەوام بووە و ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی متمانەی خەڵکی کوردستان بەدەست بهێنێت و خەڵک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لایەنگری و پاڵپشتیی خۆیان بۆ حیزبی دێموکرات دەرببڕن.

لە کۆتاییشدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە هەم لە شۆڕشی ژینادا جێگە و پێگەی حیزبی دێموکرات لە کوردستان و بەتایبەت لەنێو نەوەی نوێی کوردستان بۆ هەموو لایەک (دۆست و دوژمن و خودی و بێگانە) دەرکەوت و ڕوونترین بەڵگەش دروشمی بەکۆمەڵی خەڵک هەر لە منالان و قوتابییان و خوێندکاران بگرە تاکوو دایکانی نیشتمان و باوکانی چاونەترس کە لە قوتابخانە و زانکۆ و شەقامەکانی شارەکانی کوردستان دەیانوت "قاسملوو قاسملوو ڕێگەت درێژەی هەیە" یان دەیانوت "نابەزین نابەزین، ڕۆڵەی پێشەوا قازین"؛ هەم لە نەورۆزی خاکپۆشانی ئیمساڵ (٢٧٢٥ی کوردی) بینیمان کە هێما نەتەوەییەکان وا لەلایەن ئەو حیزبەوە دیاری کراون بۆ کوردستان، وەک جلوبەرگی خاکی و جامانە و هەوری و تەنانەت وێنەی ڕێبەرانی شەهیدیش ڕەنگدانەوەیەکی زۆر بەرچاوی هەبوو. ئەم دوو نموونەیە بەڵگەی ڕوونی حاشاهەڵنەگری پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکراتن لە کوردستان. ڕوونە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی سەرەکی و پێشەنگی نەتەوەیی و کوردستانیبوونە و هەموو هەوڵێکی لەپێناو ئاوات و خەون و ئامانجەکانی نەتەوەکەیەتی و خەڵکیش لەمە باش تێگەیشتوون، بۆیە بە ورەیەکی بەرزەوە ئامادەن بۆ پێشوازی لە هەر بانگەوازێکی ئەم حیزبە.

---

## وێـــــستگە

# ژنکوژی لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی شۆڕشێکدا


ئاسۆ مینبەری

لە سێ ساڵەی شۆڕشی ژینا نیزیک دەبینەوە، شۆڕشێک کە ئەگەرچی بەستێنەکانی سەرهەڵدانی پێویستییان بە خوێندنەوەی زانستی لە لایەنی جیاوازەوە هەیە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێت وەکوو شۆڕشی ژنانە لە کوردستاندا دەناسرێت. ئەوەش ڕاستە کە شۆڕشی ژینا کاردانەوەیەکی گشتگیر بە قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی بوو، بەڵام لە درێژەدا کۆمەڵێک پرس و بابەتی دیکەی لەگەڵ خۆی خست کە وردبوونەوە لە هەر کامیان دەتوانێ کۆمەڵێک پرسی دیکەمان بۆ ڕوون بکاتەوە.

مەرگی ژینا ئەمینی بەو شێوەیە و لە تارانی پێتەختی کۆماری ئیسلامیدا، لە سەرەتاوە زیاتر لایەنی ستەمی حکوومەتی بەرانبەر بە کەمینە نەتەوەییەکان و ژنانی زەق کردەوە، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا، فۆکۆسی زیاتری خستە سەر پرسەکانی ژنان و زیاتر لە ڕابردوو هەڵاواردن و ستەمی ڕەگەزی بەرانبەر بە ژنان بوو بە ڕۆژەڤ.

بەپێی زانیارییەکان و هەواڵە بڵاوەکراوەکانی ئەوکات، خودی شۆڕشەکە هیوایەکی زۆری خستبووە نێو کۆمەڵگەوە بە شێوەیەک کە لە ماوەی شۆڕشەکەدا، ڕێژەی خۆکوژییەکان بەگشتی دابەزینی بە خۆوە بینیبوو و گرینگتر لە هەمووی ئاماری ژنکوژییەکان بەتایبەت لە کوردستان، کەمی کردبوو. لە گەرمەی شۆڕشی ژینادا کە ژن ببوو بە ناوەندی شۆڕشەکە، پرسەکانی ژنان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات و ژنان لە قوربانیی دەستی دەسەڵات و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگەوە بوون بە پیشەنگی شۆڕشەکە و زۆر شتیان لە کۆمەڵگەدا گۆڕی. ژنان نەترسانە هاتنە نێو مەیدانی خەباتەکەوە و هەوڵیان دا لە قوربانیبوونەوە ڕۆڵی خۆیان بە شۆڕشگێڕبوون و پیشەنگبوون هەم لە مەیدانی خەباتی نەتەوایەتی و هەم خەباتی ڕەگەزیدا بگۆڕن.

دابەزینی ڕێژەی ژنکوژییەکان و بەگشتی توندوتیژییەکان بەرانبەر بە ژنان لەو کاتەدا، جیا لەوەی کە بە مانای هەوڵی ژنان بۆ گۆڕینی پێناسە باوەکان بوو، نیشانی دا کە کۆمەڵگەی کوردستان بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی دەسەڵات، بەستێنی گۆڕان لە پێوەندی لەگەڵ پرسەکانی ژنانی تێدایە و ئەگەر بەرنامە و پلانی تایبەتی بۆ دابنرێ، ئەکرێ ئەم پرسانە هەتا نزیکەی بنبڕبوونیش بەرەو پێش بچن. بەڵام ئەوەی کە سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە ئێستا و پاش سێ ساڵ لەم شۆڕشە کە ئەو هەموو قوربانییەی بۆ دراوە و پێمان وابوو لانیکەم ئاڵوگۆڕێک لە پێوەندی لەگەڵ پرسەکانی ژناندا هاتووەتە ئاراوە، دەبینین کە ژنکوژی لە کوردستان هەر درێژەی هەیە!

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا کوژرانی ژنک بە دەستی هاوسەرەکەی لە شاری سەقز، بوو بە سەردێڕی هەواڵەکان و بۆ سێوەی جۆراوجۆر باسی لێ کرا. سورەیا عەلیمحەممەدی ژنی تەمەن ٣٥ ساڵی خەڵکی سەقز، پاش ساڵانێک گیرۆدەبوون بە وندوتیژیی خێزانی، کێشەی خێزانی و خووگریی هاوسەرەکەی بە مادده هۆشبەرەکان، دوابەدوای ئاڵۆزییەک لەگەڵ هاوسەرەکەی، سەرەتا بە لیانی چەقۆ بریندار دەکرێ و دواتر لە پارکینگی ماڵەکەیدا، لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بەنزینی پێدا دەکرێ و ئاگر لە جەستەی بەر دەدرێ. خوێندنەوە بۆ ئەم پرسە گرینگە! چۆن ئەبێ لە شاری سەقزدا کە شوێنی سەرهەڵدانی شۆڕشی بەرینی ژینا بوو و پیاوان شانبەشانی ژنان لە مەیداندا بوون و دژی هەلاواردن و ستەمی ڕەگەزیی سیستماتیکی ڕێژیم دژی ژنان وەستابوونەوە، ژنکوژییەک لەو ئاستە بێڕەحمانە و نامرۆڤانەیەدا ڕوو بدات؟

بابەتی گرینگ لە کوژرانی سورەیادا، بۆشایی یاسایی و گرینگینەدانی پێکهاتەیی و پارێزراوبوونی بکەرانی توندوتیژیی خێزانییە کە سەرەڕای زۆربوونەوەی ژنکوژییەکان، کۆماری ئیسلامی هیچ یاسایەکی بۆ قەدەغەکردنی توندوتیژیی دژی ژنان پەسەند نەکردوە و یاسایەک بۆ پشتیوانی لە ژنان بوونی نییە.

لەلایەکی دیکەوە پیاوان هەر بەپێی یاساکانی ئەم ڕێژیمە، لە حاڵەی جۆراوجۆردا دەتوانن هاوسەرەکانیان بکوژن و چونکە توندوتیژیی خێزانی وەکوو تاوان نەناسراوە، بەرورووی کەمترین سزای یاسایی دەبنەوە و قوربانییانیش بە هۆی نەبوونی پشتیوان زۆر جار ناچارن بێدەنگی هەڵبژێرن.

پرسی ژنکوژی لە کوردستان بە پێچەوانەی پێناسەی کۆماری ئیسلامی، کە بە پرسێکی سەرچاوەگرتوو لە فەرهەنگی خەڵکی کوردستانی ناو دەبات، پرسێکی تێکەڵاو لەگەڵ دۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییە کە بە هۆی پەراوێزخرانی کوردستان و سیاسەتی سەرکوتی سیستماتیک لەلایەن ڕێژیمەوە، پەرەی سەندووە و پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک و پلانی درێژخایەنی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە کوردستان و خەڵکی کوردستان هەیە.

بەڵام جیا لەمانە، پرسیار ئەوەیە کە بۆچی بە ئاگاداربوون لە پلان و بەرنامەی ڕێژیم بۆ بەدەستەوەدانی پناسەیەکی ناشیرین لە خەڵکی کوردستان، خەڵک و بەتایبەت پیاوان ئێستاش هەر لە توندوتیژییەکان بەرانبەر بە ژنان بەردەوامن و ئاڵوگۆڕێک پێک ناهێنن؟

خوێندنەوەی ئەم بابەتە بە شێوەی زانستی وا دەکات، وێڕای خەسارناسیی بنەڕەتی، ڕێگەچارەش بدۆزرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە کەسانی شارەزا بە لێکدانەوەی زانستی لە لایەنە جیاوازەکانی ئەم جۆرە تاوانانە و هاوکات ڕۆشنگەری بۆ خەڵک هەوڵ بۆ پیشگرتن لە کارەساتی لەم شێوەیە بگرن و پلان بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست بۆ ژنان دابنێن.

# هەتا لووتکە چەندی ماوە؟

## خوێندنەوەیەکی بوونناسانە و ڕەوانبێژییانە لە شێعری بەرگری و ڕزگاریی جەلال مەلەکشادا

✍ هێمن مەردانی

**پوختە:** شێعرەکانی جەلال مەلەکشا، ئاوێنەی باڵانوێنی ئەزموونیی تاڵ و هاوکات بە تام وچێژی بەرگریی لە هەناوی مێژوویەکی دارماڵ لە قەیران و دوورخستنەوە و ستەمی نەتەوایەتیی و چینایەتییە. پارچە شێعری بەهێز و بەپێزی هەتا لووتکە چەندی ماوە؟ نەک تەنیا دەرخەر و دەنگدانەوەی ڕەنج و مەینەتی تاکە کەسیی بگرە زمانحاڵێکی مێژوویی و فەلسەفی لە بارودۆخی بوونە، جێگەیێک کە دڵەڕاوکێ، نەبوونی مانا و قەیرانی شوناس تێکەڵ بە یەکترین دەبن و دەبنە هۆی خولقانی پارچە شێعرێکی پڕاوپڕ لە ئاڵۆزکاوییەکانی بوونناسانە و سیمبولیک. لەو کورتە وتارە دا هەوڵدراوە بە کەڵک وەرگرتن لە بیروبۆچوونەکانی سارتر و کامۆ و هی تر و چوارچێوە فەلەسەفییەکانی مۆدێرن، خوێندنەوەییک بۆ ئەم شێعرە بکەین و دەور و کاریگەریی ئەم لە ناو ئەدەبیی بەرگری و ڕزگاریدا زەق و بەرچاو بکەینەوە.

وشەیەل سەرەکی: ئەدەبی بەرگری و ڕزگاری، هێماگەلی بوونناسیی، لووتکە، تاراوگە،

**پێشبار:**

جەلال مەلەکشا و مامۆستا هەڵۆ (قاسم مۆئەیەدزادە)، عەزیز ئالی، ڕەحیم لوقمانی و حەمەساڵە سووزەنی و..... وەکوو شاعیرانی بەرەی یەکەمی شێعری نوێی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئەژمار دێن. شاعیرانی بەرەی یێکەمی شێعری نوێی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە فۆرمی نیمایی تێپەڕین و دواجار وازیان لێ هێنا و گەڕانەوە سەر کێشی خۆماڵی کوردی. پێ بە پێی ئەم ئاڵووگۆڕییانە، ڕەوتەکانی شێعری کوردی وفارسیش کاریگەرییان دانا لەسەر ئەو کۆمەڵە شاعیرە. لە وەها بارودۆخێکدا بوو کە توانیان شوناسێکی ئەدەبی مۆدێرن چێ بکەن لە پانتایی شێعری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. بەناوبانگترین و شوێن دانەرترینی ئەو شاعیرانە بریتی بوون لە مامۆستا هەڵۆ و جەلالی مەلەکشا.

بۆ تێگەیشتنێکی قووڵ لەو پارچە شێعرە، پێویستە سەرەتا لە بەستێنی مێژووی کوردستان و ئەزموونە سیاسییەکانی ئەودا ورد ببینەوە. تاراوگە(جا چ ئەم تاراوگەیە لە دەرەوەی وڵات بێت یان لە چوارچێوەی وڵاتێک بە ناوی ئێراندا کە پارچەیێکی لە کوردستان داگیرکردووە) ، سەرکووت و زەبر و زەنگ نواندن و قەیرانی شوناسی نەتەوەیی پاژێکی گرینگی ئەو شێعرەن. مەلەکشا زمانحاڵی ئەو وەچانەیە کە بەردەوام لە ژێر سەرکووت دابوونە و شێعرەکانی دەنگدانەوەی خۆڕاگری سیاسی و ڕەنج و مەینەتی بە کۆمەڵن. هەروەک چۆن بارت دەڵێت، دەقی ئەدەبی بەرهەمێکی مێژوویی و فەرهەنگییە کە مانا لە ڕێی هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و هەڵس و کەوت تەک بەردەنگدا چێ دەبێت، هەر ئەمجۆرەش مەلەکشا، دەقی کردووتە گۆڕەپانیک بۆ ژیانەوەی مانا و شوناس.

شێعری مەلەکشا بە دەکارکردنی زمانی کوردی و شێوازی مۆدێرنی شێعری نوێ خۆڕاگری دەکات لەبەرامبەر زمانی فەرمی و داگیرکەرانەدا. ئەو زمانە یاخییە، ئامێرێکە بۆ نوێکردنەوەی شوناس و ناڕەزایەتیی دەربڕینی سیاسی. بە ڕای فێرکلاف، زمان دەرخەری دوو ڕەهەندی دەنگدانەوەی دەستەڵات و هەمیش بەرهەم هێنانی دەستەڵاتە.

مەلەکشا، پێی وایە زمان تەنیا کەرەسەی گەیاندن و پێوەندی نیە، بەڵکوو هاوکات کەرەسەیەکیشە بۆ خەباتی فەرهەنگی و سیاسی کە دەبێتە مایەی بە هێز کردنی خۆڕاگریی.

**شێوازناسی بە ئاراستەی ڕەخنەی ئەدەبی و فەلسەفی**

ئەم توێژینەوەیە لە هەندێ شێوازی توێژینەوەی چلۆنایەتیی بە ڕووکردی ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخ کەڵکی وەرگرتوە. دەیتاکانی لێکۆلینەوەکە بریتین لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی فەلسەفی و ئەدەبیی بژاردە کە لە ڕێی قووڵبوونەوە لە شیکاریی ناوئاخنی و لێکدانەوەی دەقەکان لە ڕوانگەی فەلسەفی و ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخن. لەو پرۆسەیەدا، چەمکە سەرەکییەکان و بابەت گەلی شاراوە لە هەناوی بەرهەمەکاندا بە یارمەتیی وەرگرتن لە ڕا و بۆچوونی ڕەخنەی فەلسەفی و ئەدەبیی هەڵجێندراون و شی کراونەتەوە و ئەوەش بە مەبەستی خستنە ڕووی تێگەیشتنێکی قووڵتر لە دەقەکان بووە تاکوو باشتر بکرێ ڕێ و شوێنیان لە بەستێنی ئەدەبیی و فەلسەفی هاوچەرخدا دیاری بکرێتەوە. بە هۆی ئەم شێوازناسییەوە دەکارین شیکارییەکی چەن لایەنە و فرە ڕەهەند ساز بدەین و دواجار پردیک لە نێوان ئەدەبیات و فەلسەفە هەڵبەستین و بچنین.

**ناوئاخن: چوارچێوەی تیۆرێکی:**

بۆ شیکاریی زیاتر چوارچێوەی ئەم شێعرە لە ناوئاخنی شەش سەردێری سەرەکیی دەخەینە بەر باس و لێکۆلینەوە:

١. قەیرانی بوون و دوورخراوەیی: ڕووبەڕووبوونەوە تەک پووچی و وشیاریی

پرسیارگەلی سەرەکیی بوونناسانە لەو شێعرە دا بەم جۆرە خۆ دەنوێنن: " بۆ کوێ دەڕۆم، نازانم لە کوێوە هاتووم؟

ئەم چەشنە هەست و دەربڕینە، دەرخەری دۆخی مرۆڤە (بۆ خۆیەتیی) کە سارتر لە کتێبی بوون و نەبووندا ئاماژەی پێ کردووە، دۆخێک کە لەودا ئینسان پێی وایە کە هەڵگری "بوونیی لە پێشدا پلان بۆ داڕێژراو" نییە و دەبێ بوونیی خۆی لە ڕێی هەڵبژاردن و کردەوە بناسێنێت.

لەو شێعرەدا ئەم بارودۆخە لە شێوەی دوورخراوەیی و بێ ماڵ و حاڵ بوونی مەعنەوی یان ڕۆحی وێنا کراوە. دوورخراوەیی و زیندان نەک بەس لە لایەنی جوغرافی، بگرە لایەنی ڕەوانناسانە و بوونناسانەش دەگرێتە خۆ. بڕوانن لێرە شاعیر چۆن ئەمە دەردەبڕێ:

**"بۆیە ئێستا لە تاراوگەی هەڵەمووتم،**
**ڕزگارم کەن".**

ئەم قەیرانی بوونگەراییە، هاوڕێکە تەک چەمکی "ئەبزۆرد"ی فەلسەفەی کامۆ، شوێنێک کە لەودا مرۆڤ لە جیهانێکی بێ مانادا دەژیت بەڵام هاوکات گەرەکیەتی بگەڕێت بە شوێن مانا و خولقاندنی مانا لە بوونیی خۆیدا.

ئەوە نیە بڵێین شێعری مەلەکشا تەنیا باسی نائومێدی دەکات، نەخێر، بەڵکوو لە هەمان کاتدا باس لە خەبات و شۆڕشی بەردەوام بۆ دۆزینەوەی مانا و شوناس دەکات لە دەق و هەناوی شێعرەکانیدا.

٢. هێماگەلی بوونناسانە: سیزیف، پرۆمتە و مەسیح

یەکێ لە خەسڵەتە بەرچاوەکانی ئەم پارچە شێعرە، دەکارکردنی هێما ئۆستوورەیی و ئایینی یەکانە کە هەرکامەیان بە جۆرێ لەخۆداگری چەمکە قووڵەکانی فەلسەفەن. لێرەدا کەڵک لە سێ هێما وەرگیراوە کە ئاوێنەی باڵانوێنی بەرگری و خۆڕاگری بوونناسانەن. سیزیف وەک هێمای هەوڵدان و چنگە کرەی بێ ئاکام بەڵام هاوکات بە کەڵک. پرۆمتە هێمای ڕاسان دژ بە ستەم و ڕفاندنی ڕۆشنایی ئاگر بە بیانووی ڕەنج و دوورخراوەیی. مەسیح وەک نموونە ی لە خۆبوردویی و ڕەنج و مەینەتیی پیرۆز لە هەمبەر کۆمەڵگەیێکی بێبەزەیی و بێویژداندا. لێرەدا شاعیر خۆی وەک سیزیف دەبینێت کە دەڵێت:

**"ئاخر مەگە نازانن من**
**ساڵگارێکە گاشەبەردەکەی سیزیف م لە کۆڵ ناوە؟"**

ئەم وێنەیە، خوازەیەکە لە هەول و دەولی بێکۆتایی و بارگرانیی و خۆڕاگری کردنە لە هەمبەر پووچی و بێ ماناییدا. کامۆ لە کتێبی ئەفسانەی سیزیف ئەم وێنەیە بە واتای هێما و سیمبولی ژیانی ئەبسۆرد وبێمانا دەناسێنێت و پێی وایە کە سیزیف بە ئاگاداربوون لەو پووچی و ناوبۆشی و بێ ماناییە ، خۆی بە بەختەوەر دەزانێت.

هاوکات شاعیر خۆی بە پرۆمتە دەچوێنێ:

**"ئاوڕم دزی بۆ مرۆڤ و**
**لە مەشخەڵدانی ڕۆحی خۆم**
**تیشک و ڕووناکیم دابەش کرد**
**گوناهم کرد!"**

پرۆمتە لە دیمای هێماییکی شۆڕش و ڕووناکبیرییانەدا، گوزارە لە مرۆڤێک دەکات کە سەرەڕای ئاگاداربوون لە دەرەنجامەکان، کارێک دەکات تاوەکوو تیشک و ڕۆشنایی بگەیێنێتە مرۆڤەکان. دواجار، شاعیر خۆی دەچوێنێت بە مەسیحی لە خاچدراو:

**"بە ئەندازەی هەزار عیسای ناسری لە خاچ دراوم"،**

کە دەرخەری خۆبەخش کردنی وجوودی (بوونگەرایانە) و ئازار و مەینەتیی بێ دواییە، ڕێک وەک ئەوە وایە کە کۆمەڵگاییکی بێ ویژدان و سەرکووتگەر بە سەری دەهێنێت.

٣. وریایی چینایەتیی و ویژدانی بە کۆمەڵ

جیا لە سەرنجدان بە ئەزموونیی تاکە کەسیی، شێعری مەلەکشا لە چوارچێوەی وریایی چینایەتیشدا شایانی لێ وردبوونەوەیە. جۆرج لۆکاچ وابیردەکاتەوە کە ئاگایی و وریایی تاکە کەسیی لە بەستێنی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی خۆیدا شەقڵ دەگرێت و لە هەل و مەرجی قەیراناویدا دەبێتە وریایی و بەئاگایی چینایەتیی.

هاوارەکانی شاعیر دەنگدانەوەی ڕەنج و مەینەتی لەمێژینەی نەتەوەیێکە کە لە ژێر گوشار و ستەمی لە ڕادەبەدەرە.

**"ئاسۆ تا ئاسۆ تاریکە**
**تەنیا ڕێگەی بەر هەنگاوم**
**لە خۆمەوە دەست پێ دەکا و..."**

دەرخەری وشیاریی قووڵە سەبارەت بە چارەنووسی بە کۆمەڵ و پێویستی حاشاهەڵنەگری خۆڕاگری و بەربەرەکانی. لێرە دا تێکهەڵکێشێک لە جەبری مێژوویی و دەستەڵاتی تاکەکەسیی لەبەرامبەر چارەنووسدا بەدی دەکرێت.

٤. ناڕەزایەتی دژ بە دەستەڵات و براگەورەیی

دەستەواژەی دووپاتەی "ئەی خوا گەورە و بچووکەکانی سەردەمی ویژدان تۆپیو".

وەک ڕاگەیاندنی شەڕ دژ بە دەستەڵاتە سەرکووتگەرەکانە. ئەم "خواوەندانە" هێمای حاکمەکان، سەرمایەداران و کەسایەتییە بژاردەکانی فەرهەنگی سەر بە دەستەڵاتن کە بە مردن و تۆپینی ویژدان و زەمیر و ئەخلاقیان، ئازادی و شوناسی خەڵکیان پێشێل کردوە. زمانی شێعرەکە بە زەبر و زەنگی بە ئاگایانە و وشیارانە لە دژی داگیرکەران وەخۆ دەکەوێت. هەر ئەو جۆرەی سارتر دەڵێت، مرۆڤ لە ڕێی کردە وخۆڕاگری مانا بەخۆوە دەگرێت و لەو خەبات و شۆڕشەدا ئازادی خۆی وەدەست دێنێتەوە.

٥. خوازەی "لووتکە": هێمای هیوا و هومێدی مرۆڤی شۆڕشگێڕ و پرسیاری دووپاتەبووە

پرسیاری جەوهەری و فەلسەفی کە چەند جاران لە ناو دەقی شێعرەکدا دووپاتە کراوەتەوە: "هەتا لووتکە چەندی ماوە؟"

یەکێ لە گرینگترین و سەرەکیترین تەوەرەکانی ئەم پارچە شێعرەیە. دەکرێ بڵێین ئەو شێعرە تەنیا دەلالەت لە سەرلێشێواوی ناکات بگرە ئاشێرەیەکە لە بوونی هیوا و هومێد لە هەمبەر بۆشاییگەرێتی و پووچێتیدا. هیوا و هومێدێک کە بە پێچەوانەی وەهم، ڕەگ و ڕیشەی لە وریایی و تێگەیشتنی قووڵ داکوتاوە بۆ بارودۆخەکە. ئەو بارودۆخە ڕێک لە بارودۆخی هاوشێوەی چەمکی "شۆڕش کردن/یاخیبوون"دایە لە فەلسەفەی کامۆ کە ملکەچ ناکات بۆ ئەبسۆرد و بێمانایی و بەرەنگاری ئەو دۆخە دەبێتەوە

ڕەگەزی هیوا و هومێد لەو پرسیارە دووپاتەشدا، وزە و وورەی بەرەوپێشچوون و چرای ڕێی ڕزگارییە. پرسیاری "هەتا لووتکە چەندی ماوە" وەکوو سەربەند لەنێو شێعرەکەدا بەردەوام دووپات دەبێتەوە. ئەم پرسیارە هێمایەکی سیزیفیانەیە کە هەڵقوولاوی وشیاریی و خۆڕاگرییە نەک وەهم یان ساوێلکە بینی. لە ڕاستیدا ئەو پرسیارە جەوهەرییە کە ڕۆح وەبەر شێعرەکە دەنێت و گیانی بەبەردا دەکات و بەردەنگەکانی دەباتە ناو ڕامانەوە. لووتکە ئاماژەیە بۆ ئامانج، ئازادی و ڕزگاری کە سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپ و لەمپەرەکان هەروا لەبەر چاوان دیار و ڕوونە

٦. زمان و داڕشتی شێعریی: تەقینەوەی مانا و ڕەخنە لە نیشانەو هێماکان

شێعری مەلەکشا دەربازی فۆرم و چوارچێوەی تەقلیدی و سوننەتی دەبێت و بە زمانێکی دارماڵ لە وێنەگەلی بەهێز، دووپاتەکان و دەستەواژەی سیمبولیک، بە جۆرێ لە جۆرەکان مانا دەخولقێنێت. دەکارکردنی واژەی "داڵ" کە بەردەوام لەو شێعرەدا لە هاتووچۆدایە، دەرخەری قەیرانێکی قووڵە لە سیستێمی نیشانە و ماناکاندا:

"هەر داڵ دێن و جەرگم دەخۆن
ئەم ئاسمانە هەر داڵ ئەزێ!"

ئەم چەشنە دەکارهێنانانە زۆر نیزیکن لە شرۆڤە و شیکاری داڕشتخوازی و دوا/ داڕشتخوازیی و هێمایە بۆ دابڕانی مانا و شێواوی نیشانەکان. لەم جیهانە بێ مانا و مایە پووچە دا شاعیر هەر بەم زمانە سەرکووتکراوە، هاواری خۆڕاگری و ڕزگاریی خۆی بەرز دەکاتەوە.

**پاشبار: شێعر وەک بەرخۆدانێک بۆ بوون**


ئەو شێعرە، شێعرێکی فرە ڕەهەندە کە بە کەڵکوەرگرتن لە فەلسەفەی بوونناسانە، ئۆستوورەناسی، ڕەوانبێژی و وشیاری چینایەتی، دەنگی خۆڕاگری بە کۆمەڵ و تاکەکەسیی ئاوێتەی یەکتر کردووە. شێعری مەلەکشا، نەک پرسی وجوودیی مرۆڤی هاوچەرخ لە هەل و مەرجی تاراوگە و بێ مانایی دایە بەڵکوو بەڵگەیێکیشە لە مێژو و فەرهەنگی خۆڕاگری کوردستان. لە جێدا هەڵگری ئەو پەیامەیە کە لە سەختترین و دژوارترین ساتەوەختەکانیشدا، هیوا و هومێد و شۆڕش بەردەوام لەگەڕدایە و زیندوون و دەبێ پرسیار بکرێ، خۆڕاگری بکرێ و ژیان بکرێ.

پارچە شێعری "هەتا لووتکە چەندی ماوە"؟ نواندنێکی دراماتیکە لە هەلومەرجی وجوود(بوون)، دوورخراوەیی، زیندان و خۆڕاگریی دژ بە بێ مانایی و دەستەڵاتی زاڵ. لە هەمان کاتدا ئەم بەرهەمە بە پێزە، ئەدەبی خۆڕاگری بوونناسانەیە کە لە هەناوی ناهومێدیدا، هیوا و وشیاریی دەخولقێنێت. ئەو شێعرە نەک بە تەنیا ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی تاکەکەسی بگرە دەنگی بە کۆمەڵی شۆڕش و خەباتە بۆ شوناس و ئازادی. پرسیاری سەرەکی و جەوهەری "هەتا لووتکە چەندی ماوە؟" لە ڕاستیدا پرسیاری کۆتاییش نیە. لە جێدا چرا و مەشخەڵێکە لە ناوەڕاستی تاریکاییدا کە ڕێگەی ڕزگاری ڕووناک و پڕ شۆق دەکاتەوە.

هەروەک چۆن کامۆ دەڵێت: "ئێمە دەبێ وای دابنێین کە سیزیف کەسێکی بەختەوەرە". بۆچی، چوونکوو وشیاریی و خۆڕاگری لە هەمبەر بێ مانایی و بۆشایی گەرێتیدا، خۆی باشترین جۆری ژیانە.

***

**References**:
Barthes, R., 1977. Image-Music-Text. .London: Fontana
Camus, A., 1951. The rebel: An essay on man in revolt. New York: Knopf
Camus, A., 1955. The myth of Sisyphus and other essays. Translated by J. O'Brien. New York: Vintage International
Fairclough, N., 1995. Critical discourse analysis: The critical study of .language. London: Longman
Kurdish Culture and Literature Publishing Center, 2000. An anthology of Kurdish poets. Volume 1. Urmia: Salah .al-Din Ayubi Publications, First edition
Luk□cs, G., 1971. History and class consciousness: Studies in Marxist dialectics. Translated by R. Livingstone. .Cambridge, MA: MIT Press
Malaksha, J., 2020. A collection of Kurdish and Persian poems. Sanandaj: .Partuk Publishing House
Sartre, J.P., 1956. Being and nothingness: An essay in phenomenological ontology. Translated by H.E. Barnes. .New York: Philosophical Library



# ٨٠ ساڵ خەبات لەپێناو مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



ناسر سالحیئەسڵ




پاش دوور خستنەوەی ڕەزاشا لە لایەن وڵاتانی ڕێککەوتوو "متفقین" و هەڵوەشانەوەی ئەرتەش و دابەشبوونی وڵاتی ئێران لە لایەن زلهێزەکانی سەرکەتووی شەڕی جیهانی دووهەم، لە خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاویدا، ڕووناکبیران و چالاکانی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بۆشایی هێزی سەرکوتکەری ئەرتەش و دامودەزگاکانی حکوومەتی ناوەندی لە کوردستان، بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسیی و نەتەوایەتی بە ناوی "کۆمەڵەی ژێکاف" کەلکیان وەرگرت. ڕێکخراوەی کۆمەڵەی ژێکاف، لەسەر بنەمای شوناسخوازی و بەدەستهێنانی مافی ڕەوای دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی کورد دامەزرا. بەڵام ئەندامانی "ژێکاف" بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ بارودۆخی پاش کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی و خەباتی ئاشکرا، بڕیاریان دا حیزبێکی مودێرن دامەزرێنن و "حیزبی دێموکراتی کوردستان"یان لە سەر بناغەی تەشکیلاتی "کۆمەڵەی ژێکاف" لە شاری مەهاباد دامەزراند، یەکەمین کونگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان گیرا، مرامنامەی حیزب لە ٨ مادەودا بڵاو کرایەوە و "قازی محەممەد" وەک پێشەوا و سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژیردرا. دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەر بناخەی تەشکیلاتی "کۆمەڵەی ژێکاف"، بەرهەمی تێکۆشانی چەندین ساڵەی ئەندامانی دامەزرێنەری "ژێکاف" بووە. هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرهەمی خوڵقاندنی دەرفەتێک بوو کە پێشتر لە هزر و ئەندێشەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکافدا ئامادەکاری و بەستێن سازی بۆ کرابوو. هەروەها گرنگیکی دیکەی دەور و ڕۆڵی کاریگەریی کۆمەڵەی ژێ کاف لە سەر دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەوە بوو کە زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف لە حیزبی دیموکراتدا خاوەن پلە و پێگەی بەرز بوون و لە ئاستی ڕێبەریدا بۆ پێشخستنی ئامانجە سیاسیی و نەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات تێدەکۆشان.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێو ڕووداوە سیاسییە گرنگ و چارەنووسسازەکانی مێژوویی سیاسیی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕۆڵی دیاری هەبووە و وەک حیزبێکی خاوەن هەڵویستی جەماوەری، لە لایەک دێموکراسی و ئازادیی بۆ گەلانی ئێران ویستوە و لە لایەکی دیکەوە پێشەنگی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. هەروەها سیاسەت و هەڵویستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی مافە سیاسی و نەتەوەیەتییەکانی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت، لە مێژوویی سیاسی خەباتی ڕەوا بۆ دابینکردنی مافی سیاسی و نەتەوایەتیدا، بایەخی تایبەت و گرنگیی خۆی هەیە. چەند وێستگەیەکی گرینگی مێژووی ئەم حیزبە شیاوی سەرنجدانە:

### کۆماری کوردستان

حیزبی دێموکرات پاش ١٥٩ ڕۆژ لە دامەزرانی توانی "کۆماری کوردستان" ڕابگەیەنێ. دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە لایەک بوو بە هۆی گەشە و پەرەسەندنی فۆرمێکی نوێ ناسیۆناڵیزمی کوردی لە هەر چوار بەشی کوردستان و لە لایەکی دیکەوە بۆ بە هۆی دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوەی سیاسی مودێرن بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان. هەر بۆیە لە مێژوویی هاوچەرخی سیاسی نەتەوەی کورددا دامەزرانی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە درەوشاوەترین قۆناخی مێژووی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنرێ و تایبەتمەندییەکانی ئەم مۆدێلە لە دەسەلاتداریی کورد هەتا ئێستاش جێگای هەلوێستە لەسەر کردنە.

### خەباتی چەکداریی ١٨ مانگەی ٤٦–٤٧

پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و لە سێدارە دەرانی سەرکۆمار و هاوڕییانی و گرتن و زیندانیکردنی سەدان کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات، بە هیمەت و تێکۆشانی کادرە لاو و شۆڕشگێڕەکانی ئەم حیزبە، حیزبی دێموکرات چالاکییەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێکخستەوە. هەروەها لە بڕگەیەکی دیکەی مێژووی خەباتی حیزبی دێموکرات لە ساڵەکانی ١٣٤٦–١٣٤٧ی هەتاویدا خەباتی چەکداریی بە دژی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی لە بەشێک لە جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێکرد. لەو ڕاپەرینە شۆڕشگیرانەیەدا کە نزیک بە ١٨ مانگی خایاند، دەیان کادر و پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەریی حیزب شەهید بوون. ئەم ڕاپەڕینە یەکەم ڕاپەڕین لە پاش کودیتای ٢٨ گەلاویژی ١٣٣٢ی هەتاوی لە کوردستان و ئێران لە دژی دەسەڵاتداریی سەرەڕۆیی و لە بەناو دوورگەی ئارامی حەمەڕەزاشادا بوو، و بڕگەیەکی پڕشنگداریی مێژووی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ڕابردوو و ئیستای خەباتی نەتەوایەتی و دێموکراتیکی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکەوە گرێ دەداتەوە.

### گەڕانەوەی دوکتور عەبدوالرەحمن قاسملوو

پاش گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو (١٣٤٩ی هەتاوی) بۆ کوردستانی عیراق بە مەبەستی بووژاندەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات و داڕشتنی بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ یەکەم جار لە کۆنفرانسی سێهەم و پاشان لە کۆنگرەی سێهەمدا، بۆ بە خاوەن بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبێکی پێشکەوتوو و مودێرن، کە ئەمە بە خاڵێکی مێژوویی لەمێژووی خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دادەنرێ. دوکتور قاسملوو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە جووڵانەوەی کورد دوو ئەرکی گرینگی دەکەوێتە سەر شان کە بریتین لە:

یەکەم، جووڵانەوەی کورد دەبێ خۆی وەک فاکتۆرێکی سەربەخۆ بسەلمێنێ و دووهەم، پێویستە پرسی کورد بکرێتە پرسێکی نێونەتەوەیی.

پاش ڕووخانی ڕێژیمی حەمەرەزا شای پەهەلەوی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێی نایە قۆناغێکی دیکەی خەباتی سیاسیی خۆیەوە. قوناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکرات لەگەڵ سیستەمێکی ئەزموون‌نەکراو و نەناسراوی کۆماری ئیسلامی بۆ وەدیهێنانی مافە سیاسی نەتەوایەتییەکان گەلی کورد بوو. لە وەها بارودۆخێکدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پاش ٣٢ ساڵ خەباتی نهێنی و ژیانی ئاوارەیی سەرلەنوێ خەباتی ئاشکری خۆی لە متینگی ١٠٠ هەزار کەسیی ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ی هەتاوی لە شاری مەهاباددا ڕاگەیاند. لەو قۆناغەدا دوکتور قاسملوو وەک دیپلومات و ڕێبەرێکی ئاشتیخواز و دێموکرات، هەوڵی دەدا پرسی کورد لە ئێرانی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، بە ئاشتی و لە چوارچێوەی دێموکراسیدا چارەسەر بکرێت. بەڵام چونکە ڕێژیمی خومەینی لە ئاشتی و دێموکراسی دەترسا و فەلسەفەی ڕێژیمەکەی لەسەر شەڕ و ئاژاوەنانەوە بونیاد نراوە، هەرگیز ئامادە نەبوو پرسی مافە سیاسی نەتەوەییەکانی گەلی کورد و گەلانی ئێران لە ڕێگای ئاشتی و دێموکراسییەوە چارەسەر بکات.

دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات هەر زۆر زوو هەوڵە پاوانخوازییەکانی خومەینی و تاقمەکەیان بە هەڵێک بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتێکی مەزهەبی ویلایەتی فەقیهـ لە ئێراندا لە قەڵەم دا و بەناو ڕێفراندۆمی گۆڕینی سیستەم لە "پادشایی" بۆ دامەزراندنی "کۆماری ئیسلامی"ی بایکوت کرد؛ ئەویش لە کاتێکدا زۆر لایەنی چەپ و مارکسیزم، ئەو باوەڕەیان لا دروست ببوو کە خومەینی لە دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و بە تایبەت ئامریکا هەنگاو دەنێت و ئەو لایەنە چەپانە بە کردەوە پشتیوانیان لە سیاسەت و هەڵویستەکانی ڕێژیمی خومەینی دەکرد. یان کاتیک باڵوێزخانەی ئامریکا لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاویدا لە تاران دەستی بەسەر داگیرا، زۆر لایەن پشتیوانییان لەو حەڕەکەتەی لایەنگرانی خومەینی کرد، بەڵام حیزبی دێموکرات ئەو کردەوەیەی ڕێژیمی خومەینیی مەحکووم کرد و بە کردەوەیەکی دژ بە یاسا و ڕێساکانی نێونەتەوەیی زانی.

لە لایەکی دیکە پاش بێ‌ئاکام مانەوەی وتووێژی نێوان هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد و کۆماری ئیسلامی، ڕێژیم بڕیاری شەڕ و هێرشی نیزامی و گەمارۆی ئابووریی دژی کوردستان دا و بە دەرکردنی فتوای جیهاد لە ٢٨ی گەلاویژی ١٣٥٨ی هەتاوی بە دژی گەلی موسولمانی کورد، لەشکرکێشی پاسدارانی نەزانی ڕێژیم بۆ کوشتاری ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکرد، کە ئەو شەڕە هەتا ئێستاش لە شێوەی جۆراوجۆردا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر بەردەوامە.

### لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ

ئەگەر لە سەردەمی جیهانی دوو جەمسەری و شەڕی سارددا، تەنیا ڕێگایەک کە دەنگی خەباتی ڕزگاریخوازی و مافویستیی نەتەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک ڕەمزی خۆڕاگری و مانەوەی شوناسی نەتەوەیی و دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی بە گوێی جیهان دەگەیاند، خەباتی چەکداری بوو؛ بەڵام حیزبی دێموکرات لە گوتار و ئەدەبیاتی سیاسیی و هیڵە گشتییەکانی خۆیدا، خەباتی چەکداریی وەک تاکتیکێکی خەبات چاو لێ کردوە. تاکتیکێک بۆ گوشار خستنە سەر دەسەڵاتدارانی بڕیاردەری تاران، بە مەبەستی ناچارکردنیان بە هەڵبژاردنی ڕێگای دیالۆگ و وتووێژ بۆ چارەسەرکردنی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. پاش نیزیک بە ٥ دەیە چەمکەکانی دێموکراسی، مافی مرۆڤ، خەباتی شار و شەقام و ڕاپەرین و شۆڕشی جەماوەری کە تەوەری سەرەکیی باس و خواستەکانە گەلانی ئێران و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و کوردستان وەک پێشەنگی خەباتی شار بۆتە چاو و چرا گەلانی ئێران، هەموو ئەمانە سەرچاوەگرتوو لە باوەڕمەندبوون و واقیعبین بوون لە سیاسەت و هەڵویستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بووە. ئیستا کە باوەڕمەندبوون بە دێموکراسی و مافی مرۆڤ و خەباتی شار بۆتە فەرهەنگی خەباتی ڕزگاریخوازی و نەتەوایەتی گەلانی ئێران، دەردەکەوێت کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە کاتی دامەزرانی تا ئیستا دووربینترین، واقیعبینترین، پێشکەوتنخوازترین و مودێرنترین حیزب سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و ئیرانە بووە کە باوەڕی قوڵی بە خەباتی مەدەنی، شار و شەقام هەیە و هەبووە.

پاش ٨٠ ساڵ خەبات لەپێناو مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی، ڕێباز و قوتابخانەی چوارچرا نەک هەر تۆزی کۆنبوونی لێ نەنیشتوە، بەڵکوو وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار دەدرەوشێتەوە و وەک گونجاوترین ڕێبازی ڕێگای ڕزگاریخوازی و گەیشتن بە مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکان گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گورپانی خەباتدا دەرکەوتووە و دەدرەوشێتەوە.

---

## دارەسمە

دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# مەرگ و نەمان بۆ ژیان

ڕەنگە ئەم سێ ڕستەیەی سەرەتای ئەم کورتە یادداشتە، وەک مۆسیقایەکی خۆش نەیەنە بەر گوێتان و تەنانەت لەوانەیە هەندێکتان تووشی ڕاچڵەکین بکات. ببوورن مەبەستم داچڵەکین بوو، بەڵام ڕاستییەکی تفتە و واباشە لێی بیدەنگ نەبین. ڕستە ناخۆشەکانیش هەموویان ڕستەی هەواڵین و پێمان ڕادەگەیەنن: ئاستی ئاوی ڕووبار و بەنداوان بە شێوەیەکی کارەساتبار دابەزیوە. بەهای دۆلاری ئەمریکایی تا ئەوپەڕی ئاسمان هەڵکشاوە و مانگا پیرە بەتەواوی وشکی کردوە و تلّپاتی تەڕی لە مێشکیدا نەماوە. بە دووری نازانم سەبارەت بە ڕستەی سێهەم واتە وشک‌کردنی مێشکی مانگا پیرە تووشی سەرسووڕمان بن و هێندێک لەو خوێنەرانەی دوو لەڕووی تۆی خوێنەر قیچۆکەک گەمژەن، بۆیان هەیە بەنجەی ئەسپێکوژەیان وەبەر لیچیان بدەن و سەریان سووڕ بمێنێت بۆچی مانگا پیرە لە جیاتی گوانی هەڵقرچێت و شیری تێدا نەمێنێت، مێشکی هەڵقرچابێت وتەڕایی تێدا نەمابێت.

خوێنەری ئازیز، تکایە بۆ ساتێک ئەم دیمەنە ترسناکە بهێنە بەرچاوی خۆت: تۆ لە ماڵێکدا خەریکی ژیانی و ناچاری بۆ خواردنەوە و خۆشووشتن و تەنانەت بۆ لابردنی گەردی دڵتەنگییەکانیشت کەلک لە ئاو وەربگری و ئەم ئاوەش ڕۆژبەڕۆژ کەم بکات. لەولاوە، بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەت، پێویستە هەرچی دەیفرۆشیت و دەیکڕی، بەپێی بەهای دۆلار هەڵیسەنگێنی و ئەویش وەک ئەژدیهایەکی حەوت‌سەر بەردەوام بەهای بەرز دەبێتەوە و نرخی ژیانی تۆ دادەبەزێنێت. لە هەمووی کارەساتبارتر، لە جیاتی ئەوەی کەسێک هەبێت ڕێنوێنیت بکات و ڕێگەچارەیەکت بۆ بدۆزێتەوە، یەکێکی وەک مانگای پیر پێشت بکەوێت، کەچی لە ڕاستیدا مێشکی وەک گوانە چرچ و وشک هەڵگەڕاوەکەی تڵپەیەک زانیاریی بەکەڵکی لێ نەیەتە خوارەوە. ئەودەم دەزانی تووشی چ جۆرە ژیانێک بوویە.

باس لە "ژیان" کرا. بێگومان هەموومان دەزانین ژیان چییە و چۆنە. بەڵام کێشەکە لێرەدایە ئەم وشەیە لە کۆڵمان نابێتەوە. لە لایەک ژن و پیاومان هەیە ناویان "ژیان"ە و ژیانیان لێ تاڵ و هێندیک جاریش شیرین کردووین. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەگەر لە یادتان بێت، لە ساڵانی ڕابردوودا "ژیان" ئۆتۆمبێلێکی سێ پستۆنی فەرەنسایی هەرزان و خۆش‌ڕەوت بوو. ئەندازیارانی بە جۆرێک سپرینگ و فەنەرەکانیان بۆ دروست کردبوو و جەندەکی ئۆتۆمبێلەکەیان لەسەر دانا بوو، ئەوەندەی بڵێی نەرم ونیان بە ڕێگەدا دەڕۆیشت. سەرەڕای ئەوەی سووتەمەنییەکی زۆر کەمی دەویست، لەسەر شەقامە پڕ لە چاڵ و کۆسپەکانیشدا وەک لانکەی منداڵ نەرم دەجووڵایەوە. ئەوسا، سوارەکانی لە خوایان دەویست ئۆتۆمبێلەکە بە ئەملا و ئەولادا بلەقێتەوە و وەک جۆلانێ ڕایانهەژێنێت. بەداخەوە، دوای نەمانی ئەو ئۆتۆمبێلە، "ژیان" بەڕاستی ڕوویەکی دیکەی خۆی نیشان داین. بەڵام هەر بەردەوام بوو. ئەی ئەوە نیە ئێمە هێشتا دەژین، یان وەک زماننەزانانی ئەم سەردەمە دەیڵێن "ژیان دەکەین"؟

جا باشتر وایە واز لەم باسەی ژیان و میانە بهێنین، نەوەک تووشمان بە تووشی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" ببێتەوە. ئەی نابینن چۆن ئەم وشەی "ژیان"ە لە هەموو کون و کەلەبەرێکەوە خۆی دەردەخاتەوە؟ تا دوێنێ ناوی مرۆڤی نێر و مێ بوو، ناوی ئۆتۆمبێلێکی لەبیرکراو بوو، ناوی ئەو مەودایە بوو لەدایکبوون لە مردن جیا دەکاتەوە، کەچی ئێستا خۆی بەنێو دروشمی سیاسیی گەورەشدا کردووە و بۆتە هۆی سەرئێشە.

ئەگەر بە قسەی من دەکەن، با واز لە ژیان بهێنین و بچینەوە سەر باسی ئەو مانگا پیرەیەی مێشکی تەنانەت تڵپەیەک زانیاریی خراپیشی تێدا نەماوە، چ جای زانیاریی باش! سەردەمانێک ئەو مێشکە شتی سەیروسەمەرەی تێدا بوو. بۆ نموونە، هەوڵی دەدا پێمان بسەلمێنێت ئامانجی شۆڕشی ئیسلامی تەنیا ئەوەیە هەناردەی وڵاتانی دیکەی بکەین و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ژیانی خەڵکی نێوخۆ بە هەموو شێوەیەک پێشتی تێ‌بکرێت و هیچ بایەخێکی نەمێنێت، تا جیهان ئیرەییمان پێ ببات! بەڵام دوای ئەوەی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" وەک سکڵی ژێر خۆڵەمێش گڕی سەند و چەندین مانگ دواتر ئیسرائیل و ئەمریکا بە کردەوە ڕووبەڕووی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش بوونەوە، دۆخەکە بەتەواوی شپرزا.

ئێستا دەرەنجامەکەی چییە؟ ئەو دۆلارەی ڕۆژگارێک بە زەحمەت حەوت تمەنمان پێ دەدا، ئەمڕۆ بە زیاتر لە سەد هەزار تمەنیش لووتمان بەسەردا ناهێنێت. ئەو ڕووبارەی جاران بە بەلەم و لۆتکە لێی دەپەڕینەوە، ئێستا ئەوەندە ئاوی تێدا نەماوە بەشی دەستنوێژی سۆفییەکی شایی بە قیامەتیش بکات. مێشکی کابراش، وەک گوانی مانگا پیرە، بەتەواوی وشکی کردوە و هیچ بیرۆکەیەکی تازەی لێ هەڵناهێنجرێت.

کەواتە، ئەو شتەی ئەم هەموو دەردەسەرییەی بەسەر هێناوین بێگومان "ژیان"ـە! مادام وایە، بۆچی هاوار نەکەین و نەیڕووخێنین؟ بۆچی بە دەنگی بەرز نەڵێین: بڕووخێ ژیان؟ ئەگەر ئەم ژیانە بڕووخێت هەموومان بە گەردوونیشەوە ڕزگار دەبین و چی دیکە پێویستیمان پێ نابێت. ئەگەر ژیان نەبێت، هەرچی ڕوحی دەبەردایە دەحەسێتەوە. ئامانجی مانگا پیرەی ئێمەش بن‌بڕ کردنی ژیانە، بۆیە لە مێشکی خۆیەوە دەستی پێ کردوە.

KURDI STAN
Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan
NO: 902 6 September 2025

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12594
polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# ئایدۆلۆژییەکان و حیزبی دێموکرات (سۆسیالیزمی دێموکراتیک)


ئەلبورز ڕوئین‌تەن

هەتا کۆنگرەی شەش گۆڕانکارییەکی ئیدۆلۆژی لە باکگراوندی فیکری حیزب دروست نەبوو، بەڵام لە کۆنگرەی شەش بە پەسەندکردنی سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەک ئامانجی دوارۆژ حیزب پێی نایە قوناغێکی نوێ. بەر لەوەی باسی چییەتیی سۆسیالیزمی دێموکراتیک بکەین هەلومەرجی ئەوکات بە هۆی بەرگری لە کوردستان و شەڕێکی بەردەوام چەندە زەمینەی باسێکی ئیدەلۆژیک مومکین بووە یا چۆن دژایەتی یا داکۆکیی لێ کراوە جێگای باس بن، بەڵام پێداویستی هاتنە بەر باسی ئەو بابەتە لە کورتە باس کە نوسینێک بوو بۆ شیکردنەوەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک تیشکی خراوەتە سەر.

یەکەم، سۆسیالیزمی دێموکراتیک وێڕای ئەوەی زۆر کەس بە بەڵگەی چەپبوونی حیزب دادەنێ، وەک دیوارێک لە نێوان حیزب و چەپی سەردەم کە چەپێکی ڕادیکال بوو دروست بوو. واتە سۆسیالیزمی دێموکراتیک جارێکی دیکە جەختی لەو ڕاستییە دەکردەوە کە حیزبی دێموکراتیک حیزبێکی نەتەوەیی دێموکراتیکە کە بۆ پرسی ناسیونالیزمی کورد لەو پارچەیە دروست بووە. بەڵگەی ئەو ڕاستییەش یەکەمین ڕستەی کورتە باسە کە دەڵێ «لەوانەیە بپرسن ئێمە کە حیزبێکی میکلی دێموکراتیکین بۆچی باسی سۆسیالیزم دەکەین.»

دوکتور قاسملوو ناڵێ ئێمە حیزبێکی چەپین یا ئێمە حیزبێکی چەپی میانەڕەوین، تەنانەت ناڵێ کە ئێمە حیزبێکی بە تەنیا دێموکراتیکن بەڵکوو جەخت لەسەر نەتەوەیی و دێموکراتیک دەکاتەوە و پێم وایە ئەو ڕوونکردنەوەیە زۆر بابەتی ئایدۆلۆژیکی حیزبی ڕوون کردۆتەوە کە ئێمە حیزبێکی ناسیۆنالیستی کوردین ئەی لەوانەیە بپرسن ئەی بۆ باسی بەهاگەلی چەپ دەکەین؟ چونکە چەپ هەندێک بەها و پرەنسیپی باشی هەیە کە بۆ بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا پێویستە.

لە سەر ئەو بابەتە ئەو قسەی برتراند ڕاسڵ فەیلەسوفی ناوداری بریتانیای لە سەر ئەندێشەی مارکس و چەپ دەڵێ زۆر گرینگە. ڕاسڵ دەڵێ ئەگەر ئەندێشەی چەپ و مارکس وەک دین سەیر نەکەی ئێستاش گەلێک ڕاستی لای ئەون». بۆیە دکتور قاسملوو لەو کەسانەیە وێڕای نزیکبوونی لە چەپ بەڵام وەک دین سەیری نەکرد، چونکە بۆخۆی دژی دوگما بوو، هەر بۆیەش بە هێنانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک ڕۆڵێکی زۆر ئەرێنی لە نەهێشتنی کاریگەریی نەرێنی پەیڕەویی بێ ئەملاو ئەولای کۆمۆنیزمی سۆڤیەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو. ئەو ڕۆڵە کەم چەپی دونیا توانی بۆ کۆمەڵگەی خۆی بگێڕێ بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەوە زۆر دەگمەنە کە ئایدۆلۆژیی کۆپی پێست نەکرێ، بەڵکوو بەگوێرەی هەلومەرجی کوردستان هەڵبسەنگرێت و هەڵێنجانی ئەوەی بۆ بکرێ کە چی باشە کەڵکی لێ وەربگیرێت و چی خراپە پێشی پێ بگیرێ. سۆسیالیزمی دێموکراتیک بەڵگەی پێشەنگیی حیزب بوو لە پرسە کۆمەڵایەتیەکان لە کاتێکدا کە چەق و تەوەری خەباتەکەی پرسی نەتەوەییە. ئەوەش وای کرد بە تێڕوانینکی زانستی



شەڕی دوگمای چەپی ڕادیکاڵ بکات و جەخت لەسەر پرسیی سەرەکی کورد لە کوردستان واتە پرسی نەبوونی ئازادی و خەبات بۆ مافی نەتەوەی بکات.

لە دوای شەهیدبوونی هەر دوو ڕێبەری کاریگەری حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە حیزب لە باسی ئیدئۆلۆژیکی دور کەوتەوە و جیا لە گۆڕینی دروشمی خودموختاری بۆ فیدراڵی لە کۆنگرەی سێزدە، بابەتێکی نوێی ئەوتۆ نەهاتۆتە ئاراوە و، تەنیا ئەوەی دوای کۆنگرەی ١٤ی حدک سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە چوارچێوەی بەرنامە و پەیڕەوی حیزبدا خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ کرا.

**داهاتووی پرسی ئایدەلوژیا و حیزبی دێموکرات**

سۆسیالیزمی دێموکراتیک سیستەمێکی دیاریکراو و پڕاگماتیکی هیچ یەک لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیا نیە. لە ئاستی لیتراتوری ئاکادێمیاشدا زۆر بە کەمی باسی لێوەدەکرێ. ئەوەی زیادتر جێگای باس و سەرنجە لە دونیای پێشکەوتوو و دێموکراتیک سۆسیال دێموکراسی کە خۆشبژیوی دەکاتە ئامانج یا لیبڕالی ئەمریکا کە ئازادیی تاک لە سەروی هەموو بابەتێک دادەنێ یا تێکەڵاوێکی هەردووکیان بە هەبوونی پرەسیپی دێموکراتیک بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکانە. ئەو ڕاستییەش ئەوە دەنوێنێ کە پێویستە جارێکی دیکەش شیکردنەوەیەکی نوێ لە مەڕ هەبوون یا نەبوونی سۆسیالیزمی دێموکراتیک بە دور لە دەمارگرژی بکرێت، بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئەو باس و شرۆڤانە بە مەبەستی خزمەتی زیادتر بە کۆمەڵگەی کوردستان لە چوارچێوەی پرس و قەیرانەکانە هەر بۆیە لە ئێستادا خەبات بۆ ئازادی کورد و کوردستان ئەولەوییەتە، بۆ بەڕێوەبردنی حیزبیش جێگیرکردن و پەرەپێدان بە دێموکراسی ڕاستەقینە ئەولەویەتە و، بە نیسبەت داهاتووی کوردستان لە ئازادیدا داڕشتنی سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەژێر ڕۆشنایی خۆشبژێوی و پێشخستنی کۆمەڵگە پێویستی بە ئەزموونی سوسیال دێموکراتیکەکان هەیە.

بەڵام لە کۆتاییدا هەر بەرنامەیەک بە لە بەرچاوگرتنی هەلومەرجی کوردستان مومکینە و بەگوێرەی کات و شوێنیش ئەو پرۆگرامە گۆڕانکاری بە سەر دا دێت هەر بۆیە قوڵبوونەوە بۆ هەموو وردەکارییەکان ئەرکی حکوومەت یا بەرنامەی حیزب بۆ حکوومەتداریە.

بەر لە ماڵاوایی

# بە یادی «ژێرار شالیان»، هاوڕێی چەگوارا و قاسملوو


د. ئاسۆ حەسەن‌زادە

ڕۆژی ٢٠ی ئووتی ٢٠٢٥، کۆردۆلۆگ و دۆستی کورد و حیزبی دێموکڕات، ژێرار شالیان لە تەمەنی ٩١ ساڵیدا لە پاریس کۆچی دوایی کرد. شالیان بەناوبانگترین پسپۆڕی فەڕانسەیی لە بواری ژیئۆستراتژی و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکاندا بوو.

ئەو کە لە «ئێتێربیک»ی بێلژیک لە بنەماڵەیەکی پاشماوەی ژێنۆسایدی ١٩١٥ی ئەرمەنییەکان لەدایک ببوو، لە فەڕانسە چووبووە زانکۆ و تێزی دوکتوراکەی لەسەر شۆڕشەکانی جیهانی سێهەم بوو. جیهانێک کە بۆ وی تەنیا بابەتی لێکۆڵینەوە نەبوو، بەڵکوو بەدڵ خۆشی دەویست و خەمی بە ڕەنج و ئازارەکانیەوە دەخوارد. هیچ وڵاتێکی جیهانی سێهەم نەبوو کە لەوێدا بزووتنەوەیەکی دیاری ڕزگاریخوازانە لە ئارادا بێ و شالیان سەردان و هاتوچۆی نەکردبێ.

ژێرار شالیان هەر لەو کاتەوە کە بە گەنجی چووبووە ئەلجەزایر و لایەنگریی لە سەربەخۆیی ئەو وڵاتە کردبوو، لایەنگری دادپەروەری و ئازادیی گەلانی ژێردەستە بوو. لە سەرەتای هەشتاکاندا یەکێک لە یەکەمین جێبەجێکارانی بیرۆکەکەی بێرتراند ڕاسێل بۆ بەڕێوەبردنی دادگای خەڵکی بوو و ئەمەی بۆ کەیسی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان وەڕێ خستبوو

دۆستایەتیی وی لەگەڵ گەلی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی شەستی زایینی کاتێک لە پاریس لەگەڵ کامران بەدرخان ئاشنا دەبێ و دواتریش سەرنج دەداتە شۆڕشی ئەیلوول. بەڵام ئەوە لە ئەنستیتۆی زمان و شارستانییە ڕۆژهەڵاتییەکانی پاریس (ئینالکۆ)یە کە بەهۆی ناسینی دوکتور قاسملوو کە هەردووکیان هاوکات لەوێ مامۆستا بوون، دەبێتە هۆگر و خەمخۆری هەتا سەری کورد. لە سەردەمێکدا کە کەم کەس لە دنیادا کوردی دەناسی، ئەو توێژینەوەی لەسەر کورد و دۆزە ڕەواکەی دەکرد و بڵاوی دەکردەوە. دواتر چ ئەوکاتەی وەک دامەزرێنەر و سکرتێری گشتیی ئەنجومەنی فەڕەنسی- کوردی و ئەندامی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس خزمەتی دەکرد و چ لە دەیەکانی دواتردا کە هاتوچۆی کوردستان و ڕێبەرانی کوردی دەکرد، هەمیشە لە فەڕانسە و ئوورووپا بۆ لۆبیگەری لەپێناو پرسی کورددا چالاک بوو. بەرهەمێکی ژیانی هاوبەشی لەگەڵ ژولیەت مەنس کە ئەویش فەرهەنگییەکی لە چەشنی خۆی بوو، ئەوە بوو کە ئەویشی وەک خۆی کردبووە دۆستی کورد و حیزبی دێموکڕات.

شالیان دواتریش بە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکڕات هەروا وەفادار مایەوە. قەت نەبوو داوای شتێکی لێ بکەین و دەست بە سینگمانەوە بنێ. دوایین جار کە سەردانی قەڵای دێموکراتی کرد و لەوێ سیمینارێکی پێشکەش بە کادر و پێشمەرگەکان کرد، ئەو نوسخەیە لە ئەتڵەسێکی ژیئۆستراتژییم لە کتێبخانەکەی دوکتور قاسملوو نیشان دا کە لە سەرەتای هەشتاکانی زایینیدا پێشکەش بەوی کردبوو و لەسەری نووسیبوو «ئەو ئەتڵەسە کە پێشکەشی هێڵێن و ڕەحمانی دەکەم، باسی شتگەلێک دەکا کە ئەوان لێی شارەزان...»

شالیان هەروەها ئەدیب و شاعیر و شانۆنامەنووس بوو و بەرهەمی لە بواری ئەدەبی منداڵانیشدا هەیە. یەکێک لەو بەرهەمانەی لەسەر کورد کە کەمتر ناسراوە، ئانتۆلۆژی (گوڵبژێر)ی شێعری کوردییە.

لەو ساڵانەدا کە بۆخۆم لە باشووری کوردستان بووم، یەکێک لە خۆشییەکانی وەرزی پاییزی هەر ساڵێکم هاتنەوە و مانەوەی ژێرار لە هەولێر و لە دراوسێیەتیی خۆم بوو، چونکە ئەو لە پرۆگرامی ماستەری زانستی سیاسی و پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی زانکۆی کوردستان دەرسی دەگوتەوە و سەرپەرستیی تێزی خوێندکارانی کوردی دەکرد.

لە زۆر لەو شەوانەدا بەدەم پەنیری فەڕانسەیی و شەڕابی لوبنانییەوە شێعرەکانی خۆی بۆ دەخوێندمەوە و ئەزموون و بەسەرهاتی پەنجا ساڵ هاموشۆی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان لە چوار قاڕەی دنیا و تێکەڵیی لەگەڵ سەرکردەی کاریسماتیکی وەک چەگوارا و دوکتور قاسملووی بۆ دەگێڕامەوە.

ئەو زۆر جار دەیگوت خۆزگە «کوردستانی ئێران» پێش هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان ئازاد بووبا، چونکە بەو ناسیارییە کە لە ئێوە و حیزبی دێموکڕاتم هەیە، ئەوە بە قازانجی سەرجەم مەسەلەی کورد تەواو دەبوو. لە یەکێک لەو دانیشتنانەدا تەنانەت داوای کرد وەسیەتی سیاسیی خۆی بۆ منی کورد تۆمار بکەم. بابەتێکی دیکە کە ئێمە هەمیشە پێکەوە باسمان دەکرد و ئەو لەوەدا بەڕاستی خاوەن ئەزموون و ڕوانین بوو، ئەوە بوو کە بۆچی لە جیهانی سێهەم بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دێموکڕاسی ئەوەندە بەزەحمەت وەدی دێ.

شالیان مرۆڤێکی ئازاد بوو کە حزووری لە مەیدان، بەتایبەت لەو ناوچانەی لەسەر نەخشەی جیهان دیار نەبوون، لە تیئۆری و ئیدئۆلۆژی پێ باشتر بوو. ئەو حەزی نەدەکرد بەستراوە بە هیچ دامودەزگا و لایەنێک بێ. پێویستیشی نەبوو؛ جیا لە جێگە و پێگەی فەرهەنگیی، لە باشترین زانکۆکانی جیهان (لەنێو واندا بەپرستیژترین ئەکادیمیای خوێندنی سیاسەت و بەڕێوەبەریی فەڕانسە واتە «لێنا» و لە هارڤارد و بێرکلی) وانەی گوتبۆوە. ژێرار شالیان کەسایەتییەکی دەوڵەمەند و فرەڕەهەندی هەبوو کە سەرەڕای ناسراوییەکەی و تێپەڕینی بە زۆر هەوراز و نشێوی ژیاندا، زۆر ئارام و خاکەڕا بوو. ئەوەش بەشێوەی سروشتی سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی و سروشتی فەیلەسووفانەی ڕادەکێشا. هاوینی ٢٠٠٣ کە لەگەڵ مادام میتران و کریس کۆچێرا و کاک کەنداڵ حەوتوویەک لە بریتانیای فەڕانسە بەشداری فێستیڤاڵی سینەمای کوردی بووین، ئەوەندەی خەڵک و ڕۆژنامەوانەکان لە مادام دەهاڵان، هێندە و بگرە زیاتریش لە ژێرار.

بەپێی ڕۆژنامەی «لومۆند»ی ئەمڕۆ، شالیان لەسەر تەختی مردنی لە نەخۆشخانەی پاریس ئەو چەند دێڕەی لەپاش خۆی بەجێ هێشتووە:

«ژیانم خەریکە تەواو دەبێ. ئارام و بێباکم. تەنانەت پێویستم بە «ستۆئیسیزم» نیە هەتا بۆ تاقەت هێنان لە بەرامبەر ئازاردا پەنا بۆ ئەقڵ ببەم. هەست بە ژان ناکەم. ئەوجار سازم کە خۆم ڕادەستی مردن بکەم...»